| Eng | Kurdî be elfbêy başûr | Kurdî be elfbêy Bedirxan | Serinc be elfbêy başûr | Serinc be elfbêy Bedirxan |
|---|---|---|---|---|
| 22q11 Deletion Syndrome | بەرژەنگی هەشفاندنی 22q11 | berjengî heşfandinî 22q11 | دۆخی خاوەن کۆمەڵێکی جۆراوجۆری فێنۆتایپە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەشفاندن (سڕینەوە، لەناوچوون)ی فرەشێواز لە جێگەی کرۆمۆسۆمی 22q11 دا. لێرەدا چەندین بەرژەنگی جیاواز گرد دەبنەوە و تێهەڵکێش دەبن، وەک DiGeorge Syndrome, Velocardiofacial Syndrome (VCFS), Conotruncal Anomaly Face syndrome (CTAFS). سەرباری ئەوانەش کێشەی جۆراجۆری فراژکار و ئادگاری سەربە schizoid تێکەڵ بەم بەرژەنگە دەبن. هەموو هەشفاندنێکی 22q11 نابێتە مایەی پەیدابوونی «بەرژەنگی هەشفاندنی 22q11».<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0-58165/22q11-deletion syndrome | Doxî xawen komelêkî corawcorî fênotaype ke hokarekey degerêtewe bo heşfandin (sirînewe, lenawçûn)î fireşêwaz le cêgey kromosomî 22q11 da. Lêreda çendîn berjengî ciyawaz gird debinewe û têhelkêş debin, wek digeorge Syndrome, Velocardiofacial Syndrome (VCFS), Conotruncal Anomaly Face syndrome (CTAFS). Serbarî ewaneş kêşey coracorî firajkar û adgarî serbe schizoid têkel bem berjenege debin. Hemû heşfandinêkî 22q11 nabête mayey peydabûnî «berjengî heşfandinî 22q11».<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D058165/22q11-deletion-syndrome |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ABAS, Adaptive Behavior Assessment Systems | ABAS | ABAS | ئامرازێکی ستانداردە بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی «کارکردی گونجان» لای منداڵ، جەوان و گەورەساڵان. ABAS-3، لە ڕێی هەڵسەنگاندن لەلایەن دایباب، مامۆستا و ناسیاری نێزکەوە و هەرەها لە ڕێی خۆ-هەڵسەنگاندنەوە (بۆ گەورەساڵان) ئاگادارِیی دەدات دەربارەی کارکردی گونجانی مرۆڤ لە دە بواری جیاوازی کارکردا. هەڵسەنگاندنی کارکردی گونجان بەگشتی بەشێکە لە کاری پەیجۆری بۆ گرفتارِیی هزری و هەوەرها بۆ جۆردۆزِیی دیکەی فراژپەشێویی وەک ماخۆلان و ASD، یان زەدەبوونی مێشک یان نەخۆشیی دیکەی وەک ئالزایمەر Alzheimer.<br><br>سەرچاوە: https://hogrefe.se/klinisk-psykologi/abas-3 | Amirazêkî standarde bo pêwan û helsengandinî «karkirdî guncan» lay mindal, cewan û gewresalan. ABAS-3, le rêy helsengandin lelayen daybab, mamosta û nasiyarî nêzkewe û hereha le rêy xo-helsengandinewe (bo gewresalan) agadarîy dedat derbarey karkirdî guncanî mirov le de buwarî ciyawazî karkirdda. Helsengandinî karkirdî guncan begiştî beşêke le karî peycorî bo griftarîy hizirî û hewerha bo cordozîy dîkey firajpeşêwîy wek maxolan û ASD, yan zedebûnî mêşik yan nexoşîy dîkey wek alzaymer Alzheimer.<br><br>Serçawe: https://hogrefe.se/klinisk-psykologi/abas-3 |
| acquired | بەهرەگیر | behregîr | بەرکارە بە واتای نازگماک، وەرگیراو | Berkare be watay nazigmak, wergîraw |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Acute Onset of a Pre-Existing Condition | دەرکەوتنی ناکاوی دۆخێکی مات | derkewtinî nakawî doxêkî mat | «دەرکەوتنی ناکاوی دۆخێکی مات» بریتییە لە هەڵچوون یان دەرکەوتنەوەیەکی ناکاوی خۆجۆشی خێرای چاوەڕێننەکراو لە نەخۆشییەکی کە زووتر هەبووە و ماتە.  ئەم هەڵچوونە ناکاوە شتێک نەبووە نیشانەیەکی بەرایی لێ دەرکەوتبێت یان پزیشک ئاماژەیەکی پێ دابێت. ئەم دەرکەوتنە تیژهەڵکشە، کەمتەمەنە و داوای چارەسەری دەمودەستی پزیشکی دەکات. ئەم چارەسەر دەمودەستە پزیشکییە دەبێت لە ماوەی بیستوچوار کاژێری پاش ئەو دەرکەوتنە ناکاوە دابین بکرێت. «دۆخی مات» Pre-Existing Condition گەر ڕەگاژۆ و درێژخایەن بێت یان بەدەم کاتەوە دژوارتر بێت ناچێتە خانەی «دەرکەوتنی ناکاو» Acute Onset.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.insubuy.com/visit-or-insurance-acute-onset-of-pre-existing-conditions | Derkewtinî nakawî doxêkî mat brîtîye le helçûn yan derkewtineweyekî nakawî xocoşî xêray çawerêninekiraw le nexoşîyekî ke zûtir hebûwe û mate.  Em helçûne nakawe şitêk nebûwe nîşaneyekî berayî lê derkewtbêt yan pizîşk amajeyekî pê dabêt. Em derkewtine tîjhelkişe, kemtemene û daway çareserî demûdestî pizîşkî dekat.<br>Em çareser demûdeste pizîşkîye debêt le mawey bîstuçiwar kajêrî paş ew derkewtine nakawe dabîn bikirêt. «doxî mat» Pre-Existing Condition ger regajo û dirêjxayen bêt yan bedem katewe dijwartir bêt naçête xaney «derkewtinî nakaw» Acute Onset.<br><br>Serçawe:<br>https://www.insubuy.com/visit or-insurance-acute-onset-of-pre-existing-conditions |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| adaptive function | کارکردی گونجان | karkirdî guncan | کارکردی گونجان، جاریش هەیە بە ڕەفتاری گونجان adaptive behaviour ناودێر دەکرێت، بریتییە لە چەندین ڕووکاری هەڵکردن، وەک دانوستان، کارزانیی پێویست بۆ گوزەرانی ڕۆژانە و توانستی جڤاکی. کورتهێنان لە فراژووتنی ئەم بوارەدا دەبێتە مایەی کێشە بۆ کارزانیی کاری ڕۆژانە، بۆ نموونە ڕاگرتنی پاکژیی خۆ، هەڵبژاردنی خۆراکی دروست، ئاکاری لەبار و هەڵکردن لەتەک دەوروبەر بەدەم خوانی ئێوارەوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.knowfasd.ca/inde<br>x/adaptive-functioning | Karkirdî guncan, carîş heye bo reftarî guncan adaptive behaviour nawdêr dekirêt, brîtîye le çendîn rûkarî helkirdin, wek danûstan, karzanîy pêwîst bo guzeranî rojane û twanistî civakî. Kurthênan le firajûtinî em buwareda debête mayey kêşe bo karzanîy karî rojane, bo nimûne ragirtinî pakjîy xo, helbijardinî xorakî dirust, akarî lebar û helkirdin letek dewrûber bedem xwanî êwarewe.<br><br>Serçawe:<br>https://www.knowfasd.ca/inde<br>x/adaptive-functioning |
| adaptive teaching | فێربوونی هەموار | fêrbûnî hemwar | /…/ | /…/ |
| adenoma sebaceum | ئاوسانی بەزەلوو | awsanî bezelû | /…/ | /…/ |
| ADI-R, Autism Diagnostic Interview-Revised | دیداری ADI-R | dîdarî ADI-R | دیدارێکی نیمچە ساختاربەندە بۆ بڕیاردان لە ڕەفتاری سەربە ئاوتیزم و پوشێویی گشتپۆش. پرسیارەکانی ئەم دیدارە هەشت بواری منداڵەکە دەگرنەوە: فراژووتن، دانوستان، کارلێکی جڤاکی، نەخشی فرەپات لە بزاوت و خولیادا، پاشخانی خێزانەکی، ڕەوتی خوێندن و هەروەها تیمارکاری.<br><br>سەرچاوە:<br>https://hogrefe.se/klinisk-<br>/psykologi/adi-r | Dîdarêkî nîmçe saxtarbende bo biryardan le reftarî serbe Awtîzm û puşêwîy giştpoş. Pirsiyarekanî em dîdare heşt buwarî mindaleke degirnewe: firajûtin, danûstan, karlêkî civakî, nexşî firepat le bizawt û xulyada, paşxanî xêzanekî, rewtî xwêndin û herweha tîmarkarî.<br><br>Serçawe:<br>https://hogrefe.se/klinisk-<br>psykologi/adi-r/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ADOS-2, Autism Diagnostic Observation Schedule-2nd | نۆرپینی ADOS-2 | norînî ADOS-2 | نۆرپینێکی سیستەمبەندی نیمچە ساختاربەندە کاتی گومانکردن لە هەبوونی ئاوتیزم و ئادگاری سەربە ئاوتیزم دەکرێت بەمەبەستی بڕیاردان لە توانستی دانوستان، کارلێکی جڤاکی، گەمەکردن و نەخشی فرەپات لە بزاوتدا. ئەم نۆرپین و بڕیاردانە دەبێتە یاریدەر بۆ پێکانی جۆردۆزی و داڕشتنی پلانی دروستی چارە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://hogrefe.se/klinisk-psykologi/ados-2/ | Norînêkî sîstembendî nîmçe saxtarbende katî gumankirdin le hebûnî Awtîzm û adgarî serbe Awtîzm dekirêt bemebestî biryardan le twanistî danûstan, karlêkî civakî, gemekirdin û nexşî firepat le bizawtda. Em norîn û biryardane debête yarîder bo pêkanî cordozî û darîştinî planî dirustî çare.<br><br>Serçawe:<br>https://hogrefe.se/klinisk-psykologi/ados-2/ |
| advisable | بەرئامۆژ | beramoj | /…/ | /…/ |
| afferent innervation | دەماراندنی ژوورەڕۆ | demarandinî jûrero | بڵاوبوونەوەی دەمار و ناردنی سیگناڵ ڕووەو ژوورەوە. لە لەشەوە بۆ کۆئەندامی دەمار | Bilawbûnewey demar û nardinî sîgnal rûwew jûrewe. Le leşewe bo koendamî demar |
| Alimemazine | ئالیمەمازین | alîmemazîn | ناوی دەرمانە بۆ چارەی پەشێویی جیاوازی وەکوو نەسرەوتی و شیزۆفرینیا. | Nawî dermane bo çarey peşêwîy ciyawazî wekû nesrewtî û şîzofirînya. |
| Alpha Motorneurons, Alpha motor neurons, Motor Neurons | بزاوتەدەمار، بزاوتەدەماری ئەلفا | bizawtedemar, bizawtedemarî elfa | ئەو خانەدەمارییانەی خانەماسوولکە دەبزێون.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009046/motor-neurons | Ew xanedemarîyaney xanemasûlke debizêwin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009046/motor-neurons |
| alternating | نۆرەکی | norekî | بەنۆرە، یەکدوایەک | Benore, yekdûwayek |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Alzheimer disease | دەردی ئالزایمەر | derdî alzaymer | دەردێکی دارزێن degenerative ی مێشکە نیشانەکانی بریتین لە نۆبەرەیەکی دزەکردی دیمێنس (خلەفان، تێکچوون، دیناتی) Dementia. داهێزانی یادگە، داوەری، سەرنجگیری و توانستی چارەدۆزی و ئەوجا بەدوایاندا کێشەی دژواری ئاپراکسی Apraxia و لەدەستدانێکی گشتیی توانای زانادن دێت. ئەم دۆخە بەپلەی یەکەم پاش شێست ساڵی پەیدا دەبێت و نیشانەی دەردەدارانەی بریتییە لە دەردێکی دژاواری «پووکانەوەی توێکلەمێشک» cortical atrophy و سێکۆچکەی: Amyloid Plaque, Neurofibrillary Tangles & Neuropil Threads.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D000544/alzheimer-disease | Derdêkî darzên degenerative y mêşike nîşanekanî brîtîn le nobereyekî dizekirdî dêmêns (xlefan, têkiçûn, dînatî) Dementia. Dahêzanî yadge, dawerî, serincgîrî û twanistî çaredozî û ewca bedûwayanda kêşey dijwarî apiraksî Apraxia û ledestdanêkî giştîy twanay zanandin dêt. Em doxe bepiley yekem paş şêst salî peyda debêt û nîşaney derdedaraney brîtîye le derdêkî dijawarî «pûkanewey twêkilemêşik» cortical atrophy û sêkoçkey: Amyloid Plaque, Neurofibrillary Tangles & Neuropil Threads.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D000544/alzheimer-disease |
| Amnesia | فەرامۆشی، بیرنەمان، بیرچوون، بێبیری | feramoşî, bîrneman, bîrçûn, bêbîrî | نەخۆشی فەرامۆشی و بیرچوون کە هۆکارەکەی دەشێت دەروونی، لەشەکی یان تێکبەستەی هەردووکیان بێت. | nexoşî feramoşî û bîrçûn ke hokarekey deşêt derûnî, leşekî yan têkbestey herdûkiyan bêt. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Anaclitic depression | خەمۆکیی بێبەریبوون | xemokîy bêberîbûn | خەمۆکییەکە لای ئەو زارۆکە پەیدایە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دادەبڕێت لە چاودێری سەرەکی (دایک یان جێگرەوەی دایک) و تووشی داهێزانێکی گەورە دەبێت لە ڕووی جڤاکی-سۆزەکی، لەشەکی و هزرییەوە.<br><br>سەرچاوە: https://www.healthline.com/health/baby/anaclitic-depression | Xemokîyeke lay ew zaroke peydaye ke bo maweyekî dirêjxayen dadebirêt le çawdêrî serekî (dayik yan cêgirewey dayik) û tûşî dahêzanêkî gewre debêt le rûy civakî-sozekî, leşekî û hizirîyewe.<br><br>Serçawe: https://www.healthline.com/health/baby/anaclitic-depression |
| Anamnesis, Medical History Taking | پێشینەدۆزیی پزیشکی | pêşînedozîy pizîşkî | لە بەستێنی پزیشکیدا، پەیجۆرییە لە تۆماری نەخۆشییەکە لە ڕێی پرسیار لە نەخۆشەکەوە بۆ وەدەستهێنانی ئاگادارِیی دەربارەی دۆخ و ڕەوتی زووتری نەخۆشییەکە و چارەسەرییەکەی.<br><br>لە بواری فەلسەفەدا Anamnesis دەبێتە چەمکێکی تایبەت بە وەبیرهاتنەوە.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 medical-history-taking/08487 | Le bestênî pizîşkîda, peycorîye le tomarî nexoşîyeke le rêy pirsiyar le nexoşekewe bo wedesthênanî agadarîy derbarey dox û rewtî zûtirî nexoşîyeke û çareserîyekey.<br><br>Le buwarî felsefeda Anamnesis debête çemikêkî taybet be webîrhatinewe.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D008487/medical-history-taking |
| Anatomy | توێکاری | twêkarî | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Angelman Syndrome (AS) | بەرژەنگی Angelman | berjengî Angelman | بەرژەنگێکە خاوەن نیشانەگەلی وەک فرالادان، هۆشکولی و بزاوت پەشێوی. تێکچوونی هەم کاژەڵە (کەللەسەر) و هەم تێکچوونی دیکە، دەمارگیریی فرەپات infantile spasms لای کۆرپەلە، گەشکەی پێکەنینی زووخرۆش و درێژخایەن، بزاوتی تەکاندەری بووکەڵەئاسا، زماندەرپەڕێن بەردەوام، بزاوتکولی motor retardation، ئاتاکسیا ataxias، کەمگرژیی ماسوولەکە Muscle Hypotonia و هەروەها شێوازێکی سەیری ڕووخسار. هۆکاری ئەم بەرژەنگە دەگەڕێتەوە بۆ «هەشفاندن» deletion ی کرۆمۆسۆمی 15q11-13» لای دایک و هەروەها لادانی ژێنەکیی دیکە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 angelman-syndrome/17204 | Berjengêke xawen nîşanegelî wek firaladan, hoşkulî û bizawt peşêwî. Têkiçûnî hem kajele (kelleser) û hem têkiçûnî dîke, demargîrîy firepat infantile spasms lay korpele, geşkey pêkenînî zûxiroş û dirêjxayen, bizawtî tekanderî bûkeleasa, zimanderperên berdewam, bizawtkulî motor retardation, ataksya ataxias, kemgirjîy masûleke Muscle Hypotonia û herweha şêwazêkî seyrî rûxsar. Hokarî em berjenge degerêtewe bo «heşfandin» deletion y kromosomî 15q11-13» lay dayik û herweha ladanî jênekîy dîke.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D017204/angelman-syndrome |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Anorexia Nervosa | ئانۆرێکسیا نێرڤۆسا | anorêksya nêrvosa | خواردنپەشێوییەکە دەبێتە مایەی دزاندنی (ڕقبوونەوە لە) خواردن و لەویشەوە بۆ کێشدابەزینی پەڕگیر (لەڕادە بەدەر)، تێکچوونی سووڕی مانگانە و کورتهێنانی مێتابۆلیزم (زیندەپاڵ) Metabolism. ئەم دەردە دەشبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی بۆچوونی چەوت دەربارەی لەش و بەپلەی یەکەم لای کیژ و ژنی جەوان پەیدایە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D000856/anorexia-nervosa | Xwardinpeşêwîyeke debête mayey dizandinî (riqbûnewe le) xwardin û lewîşewe bo kêşdabezînî pergîr (lerade beder), têkiçûnî sûrî mangane û kurthênanî mêtabolîzm (zîndepal) Metabolism. Em derde deşbête hokar bo dirustbûnî boçûnî çewt derbarey leş û bepiley yekem lay kîj û jinî cewan peydaye.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D000856/anorexia-nervosa |
| anthropology | مرۆڤناسی | mirovnasî | /.../ | /.../ |
| antibody (Ab), immunoglobulin (Ig) | دژەتەن، گلۆبۆلینی بەرگری | dijeten, gilobolînî bergirî | پرۆتینێکی Y-ڕەنگە لە سیستەمی بەرگریی لەشدا بەکار دێت بۆ دۆزینەوە و خەفەکردنی کەرەستەی نامۆی وەک ڤایرۆس، بەکتریا و مشەخۆر. | Protînêkî Y-renge le sîstemî bergirîy leşda bekar dêt bo dozînewe û xefekirdinî kerestey namoy wek vayros, bektirya û mşexor. |
| Anticonvulsants, antiepileptic drugs, antiseizure drugs, anti-seizure medications (ASM) | دەرمانی دژەپەرکەم | dermanî dijeperkem | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Antipsychotic Agents | دەرمانی دژەدەروونپەشێوی | dermanî dijederûnpeşêwî | دەستە دەرمانێکە بۆ جڵەوگرتنی ڕەفتاری نیگەرانکاری سەربە دەروونپەشێوی، دۆخی هەنووکەیی دەروونپەشێوی خاو دەکەنەوە، نیشانەگەلی دەروونپەشێویی دادەگرن و تاوێکی ئارامکەرەوەیان هەیە. ئەم جۆرە دەرمانگەلە لە دۆخی وەک شیزۆفرینیا Schizophrenia، دیمێنس (خڵەفاو) senile dementia، دەروونپەشێویی ... transient psychosis ی وابەستەی نەشتەرگەری، دڵەکپە Myocardial infarction و هتد. ئەم دەرمانانە زۆرجار بە neuroleptics ناودێر دەکرێن چونکە بەشێکیان، نەک هەموویان، لاتاو (تاوی لاوەکی) ی دەمارکاریان هەیە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 antipsychotic-agents/14150 | Deste dermanêke bo cilewgirtinî reftarî nîgerankarî serbe derûnpeşêwî, doxî henûkeyî derûnpeşêwî xaw dekenewe, nîşanegelî derûnpeşêwîy dadegirin û tawêkî aramkereweyan heye. Em core dermangele le doxî wek şîzofirînya Schizophrenia, dêmêns (xlefaw) senile dementia, derûnpeşêwîy ... Transient psychosis y wabestey neştergerî, dilekpe Myocardial infarction û htd. Em dermanane zorcar be neuroleptics nawdêr dekirên çunke  beşêkiyan, nek hemûyan, lataw (tawî lawekî) y demarkaryan heye.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D014150/antipsychotic-agents |
| Antisocial Personality Disorder (ASPD) | پەشێویی کەسایەتیی دژەجڤاکی | peşêwîy kesayetîy dijecivakî | پەشێوییەکی کەسایەتییە تێیدا بێڕێزی، نەیاری و چەپاندنی کەسانی دیکە دەبنە ئادگاری بەرچاو. ئەم پەشێوییە لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا سەرهەڵدەدات و هەتا تەمەنی گەورەساڵیش بەردەوام دەبێت. | Peşêwîyekî kesayetîye têyda bêrêzî, neyarî û çepandinî kesanî dîke debine adgarî berçaw. Em peşêwîye le temenî mindalî û herzekarîda serheldedat û heta temenî gewresalîş berdewam debêt. |
| Anxiety | دڵەڕاوکێ | dilerawkê | هەستی ترس و نیگەرانی و پەشۆکان بەڵام وەک «پەشێویی دڵەڕاوکێ» نابێتە مایەی پەککەوتنی کارکردانە. | Hestî tirs û nîgeranî û peşokan belam wek «peşêwîy dilerawkê» nabête mayey pekkewtinî karkirdane. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Anxiety Disorders | پەشێوی دڵەڕاوکێ | peşêwîy dilerawkê | دڵەڕاوکێیەکی یەکبین و داهێزەری کارکرد | Dilerawkêyekî yekbîn û dahêzerî karkird |
| apathy | بێوازی | bêwazî | دڵساردی، کەمتەرخەمی، نەبوونی هەست و سۆز، پێشان نەدانی هەست و سۆز، پەشێوییەکی هاندانە بەدەم کاتەوە یەکبین دەبێت. | Dilsardî, kemterxemî, nebûnî hest û soz, pêşan nedanî hest û soz, peşêwîyekî handane bedem katewe yekbîn debêt. |
| aphasia | زمانگیری، ئافازی، ئافازیا | zimangîrî, afazî, afazya | تێکچوونێکی زانیارەکییە تێیدا توانستی پەیبردن و دەربڕینی زمانەکی، چ زارەکی و چ نووسراو، کز دەبێت. توانای زمانەکی، ئاخافتن، دەربڕین لە بیری خۆ بە وشەی گونجاو یان تێگەیشتن لە واتای وشەی گوتراو یان نووسراو بۆ ماوەیەک یان بۆ هەمیشە خامۆش دەبێت. ئەم دۆخە وابەستەی نەخۆشی یان زیانێکە لەو بەشەی مێشک کە سەرپەرشتیی توانای زمانەکی دەکات. ڕێچکەی کلینیکی تایبەت بەکار دەهێنرێت بۆ دیاریکردنی پاجۆرەکانی ئەم دۆخە. پاجۆرە گشتییەکان بریتین لە زمانگیریی وەرگر receptive، دەربڕ expressive و هەروەها تێکەڵ.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001037/aphasia | Têkiçûnêkî zanyarekîye têyda twanistî peybirdin û derbirînî zimanekî, çi zarekî û çi nûsiraw, kiz debêt. Twanay zimanekî, axaftin, derbirîn le bîrî xo be wişey guncaw yan têgeyiştin le watay wişey gutiraw yan nûsiraw bo maweyek yan bo hemîşe xamoş debêt. Em doxe wabestey nexoşî yan ziyanêke lew beşey mêşik ke serperiştîy twanay zimanekî dekat. Rêçkey kilînîkî taybet bekar dehênrêt bo diyarîkirdinî pacorekanî em doxe. Pacore giştîyekan brîtîn le zimangîrîy wergir receptive, derbir expressive û herweha têkel.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001037/aphasia |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Asperger syndrome (AS) | بەرژەنگی ئاسپێرگەر | berjengî aspêrger | دەردێکە لە منداڵییەوە پەیدا دەبێت و ئادگارە گرینگەکانی بریتین لە داهێزانی درێژخایەنی دانوستانی دوولایەنەی جڤاکی، توانستی کارلێکی جڤاکی لەتەک فرەپاتبوونەوەی نەخشی سنوورداری ڕەفتار، خولیا و چالاکی. ئەم نیشانەگەلە دەبنە مایەی داهێزنای کارکردی ڕۆژانە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 asperger-syndrome/20817 | Derdêke le mindalîyewe peyda debêt û  adgare girîngekanî brîtîn le dahêzanî dirêjxayenî danûstanî dûlayeney civakî, twanistî karlêkî civakî letek firepatbûnewey nexşî sinûrdarî reftar, xulya û çalakî. Em nîşanegele debine mayey dahêzinay karkirdî rojane.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D020817/asperger-syndrome |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Ataxia, Ataxic cerebral palsy | ئاتاکسیا، مێشکەفەلەجی لاسەنگ | ataksya, mêşikefelecî laseng | وەک گشت شەپڵەکانی مێشک، پەشێوییەکی فراژکارە کە تاوی لەسەر بزاوتن هەیە. نیشانەی ئەم دۆخە کێشەی تەرازکاری balance و هاوسەمایە. هۆکاری ئەم کێشانە بریتییە لەو زیانەی لە کاتی فراژووتندا دەکەوێت لە مەڵبەندی جڵەوگرتنی بزاوتن. جڵەوگرتن و بزاوتن لای ئەو منداڵەی ئەم جۆرە شەپڵەیەی هەبێت فرە دژوار دەبن. پەل لای ئەم منداڵە لەرزۆک دەبن و بزاوتی ورد سەخت دەبێت بۆ منداڵەکە، بۆ نموونە نووسین و گرتنی کاڵای بچووک. ئەم شەپڵەیە کار دەکاتە سەر باڵ، دەست و پەنجە، لنگ، پێ، چاو و هەروەها ئاخافتن.<br><br>سەرچاوە: https://www.cerebralpalsyguid-e.com/cerebral/palsy/types/ataxic | Wek gişt şepilekanî mêşik, peşêwîyekî firajkare ke tawî leser bizawtin heye. Nîşaney em doxe kêşey terazkarî balance û hawsemaye. Hokarî em kêşane brîtîye lew ziyaney le katî firajûtinda dekewêt le melbendî cilewgirtinî bizawtin. Cilewgirtin û bizawtin lay ew mindaley em core şepileyey hebêt fire dijwar debin. Pel lay em mindale lerzok debin û bizawtî wird sext debêt bo mindaleke, bo nimûne nûsîn û girtinî kalay biçûk.  Em şepileye kar dekate ser bal, dest û pence, ling, pê, çaw û herweha axaftin.<br><br>Serçawe: https://www.cerebralpalsyguide.com/cerebral-palsy/types/ataxic/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Athetoid cerebral palsy (dyskinesia syndromes) | مێشکەفەلەجی سەختەبزاوت | mêşikefelecî sextebizawt | پاش «مێشکەفەلەجی گرژۆڵ»، مێشکەفەلەجی سەختەبزاوت دەبێتە دووهەم شاجۆری «مێشکەفەلەج». ئەمیان تاوی هەیە لەسەر بزاوتن و هاوئاهەنگاندنی بزاوتی ماسوولکە. نیشانەی ئەم دۆخە بریتییە لە بزاوتی لاجڵەوی خواستبەدەری ماسوولکە و هۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوون لە «بنەگرێ» لە مێشکدا. بەگشتی لە جۆرەکانی دیکەی مێشکەفەلەج دژوارترە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://my.clevelandclinic.org/health/diseases/25198-athetoid-cerebral-palsy | Paş «mêşikefelecî girjol», mêşikefelecî sextebizawt debête dûhem şacorî «mêşikefelec». Emyan tawî heye leser bizawtin û hawahengandinî bizawtî masûlke. Nîşaney em doxe brîtîye le bizawtî lacilewî xwastbederî masûlke û hokarî degerêtewe bo têkiçûn le «binegirê» le mêşikda. Begiştî le corekanî dîkey mêşikefelec dijwartire.<br><br>Serçawe:<br>https://my.clevelandclinic.org/health/diseases/25198-athetoid-cerebral-palsy |
| Athetosis | ئاتێتۆس | atêtos | پەشێوییەکە دەبێتە هۆی جووڵەی بەردەوام و خواستبەدەری پێچەڵپێچی خاو بەپلەی یەکەم لە دەست و پەنجەدا. ئاتێتۆس فرە جار بە یاوەریی دەردەسەما chorea دێت و ئەوسا بە choreoathetosis ناودێر دەکرێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001264/athetosis | Peşêwîyeke debête hoy cûley berdewam û xwastbederî pêçelpêçî xaw bepiley yekem le dest û penceda. Atêtos fire car be yawerîy derdesema chorea dêt û ewsa be choreoathetosis nawdêr dekirêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001264/athetosis |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| attachment disorder | پەیوەستپەشێوی | peywestpeşêwî | نەخۆشیی ڕەوانسازییە لای ئەو زارۆکە بچووکانە دێتە فراژووتن کە کێشەی پەیوەستی سۆزیارانەیان هەیە لەتەک کەسانی دیکەدا. دایباب، پەرستار و پزیشک دەتوانن هەر لە یەکەم ڕۆژی زانی منداڵەکەوە بزانن گەر ئەو منداڵە کێشەی پەیوەستی سۆزیارانەی هەیە. دایباب زۆرجار ساواکەی خۆیان، لەبەر یەک یان چەند هۆیەکەی لەم جۆرانە، دەبەنە سەردانی پزیشک:<br>- ژانەزگی دژوار و/یان سەختیی دەرخواردن<br>- داوەستانی کێش (بەرزنەبوونەوەی کێش)<br>- ڕەفتاری گۆشەگیرانەی پەیوەندبەدەر<br>- سەختیی دڵدانەوە و ژیربوونەوە<br>- وڕ و کاس و.یان ڕەفتاری لافەرمانی لاسارانە<br>- خەفە و  دوودڵ لە کارلێکی جڤاکیدا<br>- زیاد لە پێویست نێزیکی کەسانی نامۆ دەکەوێتەوە<br><br>زۆربەی منداڵی پەیوەستپەشێو ئەوموونی فرە سەخت و دژواریان دیوە لە هەڤبەندیی پێشتردا. زارۆکی وەها دەشێت تووشی وێڵکردن و/یان ئازاردانی لەشی یان دەروونی هاتبێت. منداڵ هەن لە دامەزراوەی چاودێری و «گیرساندنی ماڵبەدەر» out-of-home placement دا تووشی چاودێریی ناجۆر | Nexoşîy rewansazîye lay ew zaroke biçûkane dête firajûtin ke kêşey peywestî sozyaraneyan heye letek kesanî dîkeda. Daybab, peristar û pizîşk detwanin her le yekem rojî zanî mindalekewe bizanin ger ew mindale kêşey peywestî sozyaraney heye. Daybab zorcar sawakey xoyan, leber yek yan çend hoyekey lem corane,  debene serdanî pizîşk:<br>- janezgî dijwar w/yan sextîy derxwardin<br>- dawestanî kêş (berzinebûnewey kêş)<br>- reftarî goşegîraney peywendbeder<br>- sextîy dildanewe û jîrbûnewe<br>- wir û kas w.yan reftarî lafermanî lasarane<br>- xefe û  dûdil le karlêkî civakîda<br>- ziyad le pêwîst nêzîkî kesanî namo dekewêtewe<br><br>Zorbey mindalî peywestpeşêw ewmûnî fire sext û dijwaryan dîwe le hevbendîy pêştirda. Zarokî weha deşêt tûşî wêlkirdin w/yan azardanî leşî |
| attention | سەرنج، سەرنجدان، سەرنجگرتن | serinc, serincdan, serincgirtin | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Attention Deficit Disorder (ADD) | پەشێویی سەرنجپەرتی | peşêwîy serincpertî | چەمکێکە بۆ ڕاڤەی کەسانی خاوەن سەرنجپەرتییەکی زێدەڕۆ بێ ئەوەی ئادگارەکانی دیکەی ماخۆلان، وەک جرپنیی زێدەڕۆ و فرەبزێوی لێ دەرکەوێت. بە فەرمی لە DSM-IV دا بە «ماخۆلان ADHD لە جۆری سەرنجپەرتیی زێدەڕۆ» *ADHD of the predominantly inattentive type* ناودێرکراوە بەڵام بەکردەوە چەمکی «پەشێویی سەرنجپەرتی» Attention Deficit Disorder (ADD) زۆر لەبارترە.<br><br>ADD پتر لەنێو کیژاندا باوە بەڵام لەنێو کوڕانیشدا پەیدا دەبێت.<br><br>منداڵ هەیە لە پەنا سەرنجپەرتییەکەدا جرپنیشی لێ بەدەر دەکەوێت بەڵام هەرگیز فرەبزێو نییە. جرپنی دەشێت تاوی نایاوی هەبێت لەسەر هەڵکردن و هاوسەمای جڤاکی.<br><br>منداڵ هەیە هێند بێورەیە، هێند نیگەران، خەمگین و خۆئازاردەر self-harming ە، کە ئەم کێشانە دەبنە کێشەی سەرەکی نەک کێشە بنەڕەتییەکەی سەرنجپەرتی.<br><br>سەرچاوە: https://www.lanc.org.uk/related-conditions/attention-deficit/disorder-adhd | Çemikêke bo ravey kesanî xawen serincpertîyekî zêdero bê ewey adgarekanî dîkey maxolan, wek crpnîy zêdero û firebizêwî lê derkewêt. Be fermî le DSM-IV da be «maxolan ADHD le corî serincpertîy zêdero» ADHD of the predominantly inattentive type nawdêrkirawe belam bekirdewe çemikî «peşêwîy serincpertî» Attention Deficit Disorder (ADD) zor lebartire.<br><br>ADD pitir lenêw kîjanda bawe belam lenêw kuranîşda peyda debêt.<br><br>Mindal heye le pena serincpertîyekeda crpnîşî lê beder dekewêt belam hergîz firebizêw nîye. Crpnî deşêt tawî nayawî hebêt leser helkirdin û hawsemay civakî.<br><br>Mindal heye hênd bêwreye, hênd nîgeran, xemgîn û xoazarder self-harming e, ke em kêşane debine kêşey serekî nek kêşe bineretîyekey |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Attention Deficit/Hyperactivity Disorder (ADHD) | ماخۆلان - پەشێوی سەرنجپەرتی/ فرەبزێوی | maxolan - peşêwîy serincpertî/ firebizêwî | ماخۆلان ADHD جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs) مرۆڤ توانای سەرنجدان  و ئارامگرتنی لەلا کزە، ناتوانێت هەڵپەی دەروونی خۆی جڵەو بکات. ماخۆلان کاریگەریی هەیە لەسەر توانای چوستی و چالاکیی مرۆڤ. ئەم پەشێوەیە وەها دەکات مرۆڤ جیبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژانەی لەلا دژوار بێت. ماخۆلان لە منداڵییەوە سەرهەڵدەدات  و زۆر جار تەمەنپۆشە (هەتا کۆتای تەمەن بڕ دەکات). ئەم پەشێوییە نەخۆشی نییە و چ بەستەرێکی بە زیرەکییەوە نییە. هەر ئەوەیە ڕەفتاری ئەم مرۆڤە جودایە لەوەی دەورەبەر بە ئاسایی دەزانێت. | Maxolan ADHD corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds).<br><br>Mirov twanay serincdan  û aramgirtinî lela kize, natwanêt helpey derûnîy xoy cilew bikat. Maxolan karîgerîy heye leser twanay çustî û çalakîy mirov. Em peşêweye weha dekat mirov cîbecêkirdinî erikî rojaney lela dijwar bêt. Maxolan le mindalîyewe serheldedat  û zor car temenpoşe (heta kotay temen bir dekat).<br>Em peşêwîye nexoşî nîye û çi besterêkî be zîrekîyewe nîye. Her eweye reftarî em mirove cudaye lewey dewreber be asayî dezanêt. |
| audiologist | بیستنناس | bîstinnas | پزیشکی پسپۆر لە بیستن و چارەی کێشەی سەربە بیستن | Pizîşkî pispor le bîstin û çarey kêşey serbe bîstin |
| audiology | بیستنناسی | bîstinnasî | زانستی پزتشکانەی بیستن و داهێزانی توانای بیستن. | Zanistî piztşikaney bîstin û dahêzanî twanay bîstin. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Auditory Perceptual Disorders | دەرکپەشێویی بیسەرانە | derikpeşêwîy bîserane | جۆرێکە لە تێکچوونی زانیارەکیی فراژکار یان پەیداکراو لە تێگەیشتن لە ڕێی بیستنەوە. نیشانەکانی ئەم دۆخە لاوازبوونی توانستی پەیبردنە لە ڕێی بیستنەوە گەرجی ڕێچکەگەلی بیستن بێخەوشن.  مرۆڤی تووشبوو بەم دۆخە کێشەی دەبێت لە تێگەیشتن لە ئاخافتن، جێدۆزیی دەنگ (دۆزینەوەی جێگەی دەنگ) و هەروەها تێگەیشتن لە واتای گەردان لە ئاخافتندا.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D001308/auditory-perceptual-disorders | Corêke le têkiçûnî zanyarekîy firajkar yan peydakiraw le têgeyiştin le rêy bîstinewe. Nîşanekanî em doxe lawazbûnî twanistî peybirdine le rêy bîstinewe gercî rêçkegelî bîstin bêxewişin.  Mirovî tûşbû bem doxe kêşey debêt le têgeyiştin le axaftin, cêdozîy deng (dozînewey cêgey deng) û herweha têgeyiştin le watay gerdan le axaftinda.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D001308/auditory-perceptual-disorders |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Autism spectrum disorder (ASD) | ئاوتیزم، پەشێویی شەبەنگی ئاوتیزم | Awtîzm, peşêwîy şebengî Awtîzm | ئاوتیزم جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs)، زگماک و تەمەنپۆشە (میراتییە و هەتا مردن لە مرۆڤ نابێتەوە). ڕێک هۆکاری ئەم پەشێوییە ئاشکرا نییە، بەڵام مرۆڤ دەزانێت کە زگماکە، واتا لە دایکوباب و خزماندا ڕەنگدانەوەی هەیە.<br>ئاوتیزم پەشێوییەکە کار دەکاتە سەر توانای مێشک بۆ وەرگرتن و چارەکردنی ئاگاداری. بۆ نموونە کاریگەریی هەیە لەسەر توانستی فێربوونی بابەتی نوێ، بێنەوبەرە لەگەڵ کەسانی دیکە و چۆنەتیی هەڵکردن لە نێو جڤاکدا. هەروەها کاریگەریی هەیە لەسەر دەرککردنی هەستەوەرەکانی وەک بینین، بیستن و هەستی پێست. جاریش هەیە کار لە بزاوتنی مرۆڤ دەکات – توانستی ئاڕاستەکردن و جڵەوکردنی بزاوتنی خۆ.<br>ئەم پەشێوییە فرەجۆر و فرەشەبەنگە و ڕەنگدانەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێک فرە جیاوازە. پەشێویی ئاسپێرگەر Asperger یەکێکە لەو شەبەنگ و جۆرانەی ئاوتیزم.<br>ئاوتیزم نەخۆشی نییە، جۆرێکی تایبەتی هەڵکردنە کە جودایە لەوەی جڤاک بە ئاسایی دەزانێت. مرۆڤی گرفتار بە ئاوتیزم ئەم ئادگارانەی لێ بەدی دەکرێن:<br>- جەختێکی چڕی هەیە لەسەر ژمارەیەکی کەمی خولیا و چالاکی.<br>- چارەکردنی دۆخ و گۆڕانکاریی ناروون، | Awtîzm corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds), zigmak û temenpoşe (mîratîye û heta mirdin le mirov nabêtewe). Rêk hokarî em peşêwîye aşkira nîye, belam mirov dezanêt ke zigmake, wata le dayikûbab û xizimanda rengdanewey heye.<br>Awtîzm peşêwîyeke kar dekate ser twanay mêşik bo wergirtin û çarekirdinî agadarî. Bo nimûne karîgerîy heye leser twanistî fêrbûnî babetî niwê, bênewbere legel kesanî dîke û çonetîy helkirdin le nêw civakda. Herweha karîgerîy heye leser derikkirdinî hestewerekanî wek bînîn, bîstin û hestî pêst. Carîş heye kar le bizawtinî mirov dekat – twanistî arastekirdin û cilewkirdinî bizawtinî xo.<br>Em peşêwîye firecor û fireşebenge û rengdanewey le kesêkewe bo kesêk fire ciyawaze. Peşêwîy aspêrger Asperger yekêke lew şebeng û coraney Awtîzm.<br>Awtîzm nexoşî nîye, corêkî |
| Autoimmune | خۆبەرگر | xobergir | /…/ | /…/ |
| autonomic function | کارکردی خۆفەرمان | karkirdî xoferman | کارکردی خۆجڵەوی وەک سووڕی خوێن، لێدان دڵ، هەرس... هتد | Karkirdî xocilewî wek sûrî xwên, lêdan dil, hers... Htd |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Autonomic nervous system | کۆئەندامی دەماری خۆفەرمان | koendamî demarî xoferman | بەشێکە لە کۆئەندامی دەمار ئەرکی چەرخاندنی کارکردە خۆفەرمان (خواستبەدەر) ەکانە و بریتییە لە کۆئەندامی دەماری هەرس، کۆئەندامی دەماری سیمپاتیک و کۆئەندامی دەماری پاراسیمپاتیک. بەگشتی ئەرکی کۆئەندامی دەماری خۆفەرمان چەرخاندنی ژینگە ناوخۆیە لە هەردوو باری هەم چالاکیی ئارام و هەم سترێسی لەشەکی و دەروونیدا. چالاکیی خۆفەرمان لەلایەن شاکۆئەندامی دەمارەوە جڵەو دەکرێن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001341/autonomic-nervous-system | Beşêke le koendamî demar erikî çerxandinî karkirde xoferman (xwastbeder) ekane û brîtîye le koendamî demarî hers, koendamî demarî sîmpatîk û koendamî demarî parasîmpatîk. Begiştî erikî koendamî demarî xoferman çerxandinî jînge nawxoye le herdû barî hem çalakîy aram û hem stirêsî leşekî û derûnîda. Çalakîy xoferman lelayen şakoendamî demarewe cilew dekirên.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001341/autonomic-nervous-system |
| autosome, autosomal | ئاوتۆسۆم، ئاوتۆسۆمی، ئاوتۆسۆمانە | awtosom, awtosomî, awtosomane | کرۆمۆسۆمی زایەندبەدەر | Kromosomî zayendbeder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Avoidant/Restrictive Food Intake Disorder (ARFID) | خواردنپەشێوپی هەڵبژاردە | xwardinpeşêwîy helbijarde | خواردنپەشێوپی هەڵبژاردە ARFID پەشێوییەکی تاڕادەیەک نوێیە. منداڵی خاوەن ئەم پەشێوییە لە خواردندا یەکجار دەستبژێرن و هەیشە ئارەزووی خواردنی تەواو کەمە. هەیە چەند جۆرێکی سنوورداری خۆراکی پێ دڵپەسەندە و ئەمەش دەبێتە مایەی بەدخۆراکی و چرووسان. لەچاو پەشێوییەکانی دیکەی خواردندا، ئەم خواردنپەرێزییەی ARFID، لە بەرایی تەمەندا سەرهەڵدەدات و پتر لەنێو کوڕاندا باوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://kidshealth.org/en/parents/arfid.html | Xwardinpeşêwîy helbijarde ARFID peşêwîyekî taradeyek niwêye. Mindalî xawen em peşêwîye le xwardinda yekcar destbijêrin û heyişe arezûy xwardinî tewaw keme. Heye çend corêkî sinûrdarî xorakî pê dilpesende û emeş debête mayey bedxorakî û çirûsan. Leçaw peşêwîyekanî dîkey xwardinda, em xwardinperêzîyey ARFID, le berayî temenda serheldedat û pitir lenêw kuranda bawe.<br><br>Serçawe:<br>https://kidshealth.org/en/parents/arfid.html |
| Basal ganglia | بنەگرێ | binegirê | بارستی گەورەی نێوەکین لە ژێر توێکڵی مێشکدان، زادەی مێشکن و لە بنەمای نیوەگۆی مێشکدا جێگیرن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 basal-ganglia/01479 | Baristî gewrey nêwekîn le jêr twêkilî mêşikdan, zadey mêşikin û le binemay nîwegoy mêşikda cêgîrin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001479/basal-ganglia |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Basal Ganglia Diseases | دەردی بنەگرێ | derdî binegirê | کۆمەڵێک دەردی سەربە بنەگرێ، وەک: putamen; globus pallidus; claustrum; amygdala و caudate nucleus. نیشانەی هەرە بەرهەستی کلینیکانەی ئەو دەردانە بریتییە لە سەختەبزاوت (دیسکەنسیا) dyskinesias (بەتایبەتی بزاوتی خواستبەدەر و گۆڕان لە ڕادەی بزاوتدا).<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D001480/basal-ganglia-diseases | Komelêk derdî serbe binegirê, wek: putamen; globus pallidus; claustrum; amygdala û caudate nucleus. Nîşaney here berhestî kilînîkaney ew derdane brîtîye le sextebizawt (dîskensya) dyskinesias )betaybetî bizawtî xwastbeder û goran le radey bizawtda).<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D001480/basal-ganglia-diseases |
| Behavior Analysis | شرۆڤەی ڕەفتار | şirovey reftar | شرۆڤەی ڕەفتار بریتییە لە زانستی ڕەفتار (ڕەفتارناسی) و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ بەراییەکانی سەدەی بیستەم. فەلسەفەی ڕێنوێنی ئەم زانستە بریتییە لە ڕەفتارەتی behaviorism، کە دەڵێت سەرخستنی هەلومەرجی گوزەرانی مرۆڤ لە ڕێی گۆڕینی ڕەفتارەوە (بۆ نموونە لە ڕێی فێرکارییەوە، چارەسەری ساخڵەمیی ڕەفتارەوە) کاریگەتر دەبێت گەر سێرە لەسەر خودی ڕەفتار بێت.<br><br>سەرچاوە: https://www.bacb.com/about-behavior-analysis | Şirovey reftar brîtîye le zanistî reftar (reftarnasî) û rîşey degerêtewe bo berayîyekanî sedey bîstem. Felsefey rêniwênî em zaniste brîtîye le reftaretî behaviorism, ke delêt serxistinî helûmercî guzeranî mirov le rêy gorînî reftarewe (bo nimûne le rêy fêrkarîyewe, çareserî saxlemîy reftarewe) karîgetir debêt ger sêre leser xudî reftar bêt.<br><br>Serçawe: https://www.bacb.com/about-behavior-analysis |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| behavioral therapy | ڕەفتارسارێژی، سارێژی ڕەفتاربین | reftarsarêjî, sarêjîy reftarbîn | /.../ | /.../ |
| Behavioural Phenotype Syndromes (BPS) | بەرژەنگی فێنۆتایپی ڕەفتارەکی | berjengî fênotaypî reftarekî | شاچەمکە بۆ چەندین کێشەی ڕەفتارەکی، هزری و سۆزیارانەی بەرهەست کە وابەستەی سەدەم و هۆکاری خاون پاشخانی زیندەناسانە biological یە (پێشی دەگوترێت «هۆناسی» etiology). زۆربەی بەرژەنگ و دۆخگەلی دەکەونە ژێر سایەی سەرەکۆی BPS ەوە خاوەن نیشانە و ئادگاری «نموونەیی» typical ی «فیزیکی/لەشەکی» physical/somatic ین.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.gu.se/gnc/sallsynt-a-diagnoser-inom-barn-och-vuxenpsykiatrin | Şaçemike bo çendîn kêşey reftarekî, hizirî û sozyaraney berhest ke wabestey sedem û hokarî xawin paşxanî zîndenasane biological ye (pêşî degutirêt «honasî» etiology). Zorbey berjeng û doxgelî dekewine jêr sayey serekoy BPS ewe xawen nîşane û adgarî «nimûneyî» typical y «fîzîkî/leşekî» physical/somatic yn.<br><br>Serçawe:<br>https://www.gu.se/gnc/sallsynta-diagnoser-inom-barn-och-vuxenpsykiatrin |
| benign | خاس، بێوەی، بێزیان | xas, bêwey, bêzyan | بێزیان، بێمەترسی، لووەخاسە benign tumor، پێچەوانەی هار و کوشندە، بۆ بەراورد بڕوانە لووەهارە malignant tumor | Bêzyan, bêmetirsî, lûwexase benign tumor, pêçewaney har û kuşinde, bo berawird birwane lûwehare malignant tumor |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Benzodiazepine | بێنزۆدیازەپین | bênizodyazepîn | دەرمانێکی هێورکەرەوەیە کار لە شاکۆئەندامی دەمار دەکات و بەکار دەهێنرێت بۆ چارەی کێشەی وەک دڵەڕاوکێ و خەوپەشێوی و هەروەها بۆ چارەی پەرکەم، ماسوولکەگرژی و چارەی ئالوودەبوونی ئەلکوحوول. نیشانەگەلی پەرێزگیری abstinence لەم دەرمانە سەختە لەبەر ئەوە وەها باشە کەمکردنەوەی دەرمانەکە وردەوردە و درێژخایەن بێت بۆ ڕێبەستن لە سەرهەڵدانەوەی کێشەکەی بەرچارەیە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.vardochinsats.se/missbruk-och-beroende/om-tillstaandet/bensodiazepiner/ | Dermanêkî hêwrkereweye kar le şakoendamî demar dekat û bekar dehênrêt bo çarey kêşey wek dilerawkê û xewpeşêwî û herweha bo çarey perkem, masûlkegirjî û çarey alûdebûnî elkuhûl. Nîşanegelî perêzgîrî abstinence lem dermane sexte leber ewe weha başe kemkirdinewey dermaneke wirdewirde û dirêjxayen bêt bo rêbestin le serheldanewey kêşekey berçareye.<br><br>Serçawe:<br>https://www.vardochinsats.se/missbruk-och-beroende/om-tillstaandet/bensodiazepiner/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Binge Eating Disorder (BED) | پەشێوی فرەخۆری | peşêwîy firexorî | پەشێوییەکە سێ یان پتر لەم خاڵانەی هاوئامێزە: خواردن هەتا دەگاتە هەست بە تێرییەکی نالەبار،  خواردنێکی یەکجار زۆر لە کاتێکدا مرۆڤەکە برسی نییە، خواردنی فرە خێراتر لە ئاسایی، خواردن بەتەنها لەبەر شەرمەزاری، هەستی دزاندن (نەویستن، دڵتێکەڵهاتن)، خەمۆکی یان هەست بە تاوانی پاش فرەخۆری. پێوەرەکان دەبێت هەفتەی دوو جار و بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بن. مەرجیش ئەوەیە هۆکاری فرەخۆرییەکە نەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری قەرەبووکەرەوەی نالەبار (وەک خۆخاوێنکردنەوە (ڕشانەوە) purging، ورزشی سەخت...) و تەنها بە یاوەری دەردی دیکەی وەک Bulimia nervosa و Anorexia Nervosa پەیدا نەبێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 binge-eating-disorder/56912 | Peşêwîyeke sê yan pitir lem xalaney hawamêze: xwardin heta degate hest be têrîyekî nalebar,  xwardinêkî yekcar zor le katêkda miroveke birsî nîye, xwardinî fire xêratir le asayî, xwardin betenha leber şermezarî, hestî dizandin (newîstin, diltêkelhatin), xemokî yan hest be tawanî paş firexorî. Pêwerekan debêt heftey dû car û bo mawey şeş mang berdewam bin. Mercîş eweye hokarî firexorîyeke negerêtewe bo reftarî qerebûkerewey nalebar (wek xoxawênkirdinewe (rşanewe) purging, wirzişî sext...) Û tenha be yawerî derdî dîkey wek Bulimia nervosa û Anorexia Nervosa  peyda nebêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D056912/binge-eating-disorder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Bipolar Disorder | پەشێویی دووجەمسەری | peşêwîy dûcemserî | پەشێوییەکی سۆزەکیی گەورەیە تێیدا مەزاجگۆڕکێی پاتەوپاتی تیژ ڕوو دەدات لە نێوان بۆ نموونە شاگەشکەیی و خەمۆکیی توندڕدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0<br>bipolar-disorder/01714 | Peşêwîyekî sozekîy gewreye têyda mezacgorkêy patewpatî tîj rû dedat le nêwan bo nimûne şageşkeyî û xemokîy tundda.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001714/bipolar-disorder |
| bisexuality | جووتخوازەتی، جووتزایەندخوازی | cûtxwazetî, cûtzayendxwazî | /…/ | /…/ |
| Borderline intellectual functioning (BFI) | کۆڵەواری | kolewarî | «کۆڵەواری» دۆخێکی گرینگ و زۆر جار نەناسراوە لە «کۆگرفت» comorbid condition کە لەبارە بۆ جۆردۆزی و چارەسەری گشت پەشێوەییە دەروونییەکان.<br><br>سەرچاوە:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC4967780 | Kolewarî doxêkî giring û zor car nenasirawe le «kogrift» comorbid condition ke lebare bo cordozî û çareserî gişt peşêweyîye derûnîyekan.<br><br>Serçawe:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC4967780 |
| Borderline Personality Disorder | پەشێویی کەسایەتیی ڕاڕا/دەمدەمی/وازوازی/واژواژی | peşêwîy kesayetîy rara/demdemî/wazwazî/wajwajî | پەشێوییەکی کەسایەتییە تێیدا ئادگاری ڕاڕایی زاڵە لە بواری هەڤبەندی لەتەک کەسانی دیکەدا، لە  خۆناسی و سۆزیارەتیدا. لەم پەشێوییەدا جرپنی لە سەرەتای تەمەنی گەورەساڵیدا دەردەکەوێت و لە دۆخی جۆراوجۆردا خویا دەبێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0<br>-borderline-personality/01883<br>disorder | Peşêwîyekî kesayetîye têyda adgarî rarayî zale le buwarî hevbendî letek kesanî dîkeda, le  xonasî û  sozyaretîda. Lem peşêwîyeda crpnî le seretay temenî gewresalîda derdekewêt û le doxî corawcorda xuya debêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001883/borderline-personality-disorder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Bulimia nervosa | بولیمیا نێرڤۆسا | bulîmya nêrvosa | خواردنپەشێوییەکە دەبێتە هۆی فرەخۆرییەکی لەڕادەبەدەر و پاشان ڕەفتاری نالەباری وەک «خۆخاوێنکردنەوە» purging بۆ خۆلادان لە قەڵەوی.<br>«خۆخاوێنکردنەوە» لێرەدا بریتییە لە خۆڕشاندنەوە، وەرگرتنی دەرمانی سکچوون، ورزشی سەخت و هتد.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D052018/bulimia-nervosa | Xwardinpeşêwîyeke debête hoy firexorîyekî leradebeder û paşan reftarî nalebarî wek «xoxawênkirdinewe» purging bo xoladan le qelewî.<br>«xoxawênkirdinewe» lêreda brîtîye le xorişandinewe, wergirtinî dermanî sikiçûn, wirzişî sext û htd.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D052018/bulimia-nervosa |
| Bumetanide | بومیتانید | bumîtanîd | /.../ | /.../ |
| Cataplexy | کاتاپلێکسی | kataplêksî | دۆخێکی دەردەدارییە تێیدا دیاردەی کورتمەودایە ڕاگوزەر لە کزیی ماسوولکە و/یان شەپلە پەیدان وەک دەرهاویشتەی شەکەتبوونی لەش یان بەرتەکی سۆزەکی. کاتاپلێکسی زۆرجار وابەستەی نارکۆلێپسی Narcolepsy یە. لەگەڵ هێرشی کاتاپلێکسیانە cataplectic attack ماسوولکە بەو جۆرە خاو دەبنەوە کە بەدەم «خەونەخەو» (REM-ەخەو) ەوە دەبینرێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002385/cataplexy | Doxêkî derdedarîye têyda diyardey kurtmewdaye raguzer le kizîy masûlke w/yan şepile peydan wek derhawîştey şeketbûnî leş yan bertekî sozekî. Kataplêksî zorcar wabestey narkolêpsî Narcolepsy ye. Legel hêrişî kataplêksîyane cataplectic attack masûlke bew core xaw debinewe ke bedem «xewinexew» (REM-exew) ewe debînrêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002385/cataplexy |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| cataract | ماشاو، گلاراو، ئاوی سپی، ئاوی ڕەش | maşaw, gilaraw, awî spî, awî reş | تەڵخیی لێنز یان کەلوو (کەپسوول) ی لێنزی یەک یان هەردوو چاو، کە دەبێتە هۆی سۆماکولی یان نابینایی. جۆری ماشاو بەرتاوی دوو ڕووکارە، «شێوەناسی» (مۆرفۆلۆژی) morphology ی ماشاوەکە (ئەندازە، شێوە و جێگە) یان «هۆناسی» (ئیتیۆلۆژی) etiology ی ماشاوەکە (کات و هۆکاری سەرهەڵدان).<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 cataract/02386 | Telxîy lêniz yan kelû (kepisûl) y lênizî yek yan herdû çaw, ke debête hoy somakulî yan nabînayî. Corî maşaw bertawî dû rûkare, «şêwenasî« (morfolojî) morphology y maşaweke (endaze, şêwe û cêge) yan «honasî« (îtyolojî) etiology y maşaweke (kat û hokarî serheldan).<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 02386/cataract |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Catatonia | کاتاتۆنیا، کاتاتۆنی | katatonya, katatonî | پەشێوییەکی سەربە دەمارڕەوانسازییە (دەروونپزشکیی دەمار) کە یەک یان زۆرتری لەم ئادگارە گرینگانەی هەیە: نەبزاوتن، لاڵی، لاساری (نەسەلماندنی چالاکانە یان خامۆشانەی فەرمان)، خۆنواندن Mannerism، کلێشەبەندی، هەڵوێستگری posturing، مرۆمۆچی grimacing، شاگەشکەیی excitement، زایەڵەگۆ echolalia، زایەڵەکرد (ئێکۆپراکسیا) echopraxia، سەختۆڵیی ماسوولکە muscular rigidity و هەروەها بێهەستی stupor و جار هەیە تووشی هەڵچوونی دڕی ناکاو، وڕێنە و پەشۆکان دێت.<br><br>دەشێت ئەم دۆخە وابەستەی دەردی دەروونی بێت، وەک شیزۆفرینیا و مەزاجپەشێوی، یان دەردی لەشەکی، وەک «بەرژەنگی کوشندەی دژە دەروونپەشێوی» NMS و «هەوکردنی مێشک» Encephalitis.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002389/catatonia | Peşewîyekî serbe demarrewansazîye (derûnpizişkîy demar) ke yek yan zortirî lem adgare girînganey heye: nebizawtin, lalî, lasarî (neselmandinî çalakane yan xamoşaney ferman), xoniwandin Mannerism, kilêşebendî, helwêstgirî posturing, miromoçî grimacing, şageşkeyî excitement, zayelego echolalia, zayelekird (êkopiraksya) echopraxia, sextolîy masûlke muscular rigidity û herweha bêhestî stupor û car heye tûşî helçûnî dirî nakaw, wirêne û peşokan dêt.<br><br>Deşêt em doxe wabestey derdî derûnî bêt, wek şîzofirînya û mezacpeşêwî, yan derdî leşekî, wek «berjengî kuşindey dije derûnpeşêwî» NMS û «hewkirdinî mêşik» Encephalitis.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002389/catatonia |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Central Nervous System (CNS) | شاکۆئەندامی دەمار | şakoendamî demar | شاکۆئەندامی دەمار Central Nervous System (CNS): بریتییە لە مێشک brain و دڕکەمۆخ spinal cord. شاکۆئەندامی دەمار بنگەیە بۆ چەرخاندنی لەش، واتا جڵەوگرتن و کێشکردنی گشت کارکردەکانی لەش، وەک ئاگایی و هۆش awareness، بزاوتن movement، بیرکردنەوە thinking، ئاخافتن speech و پێنج هەستەوەرەکە the 5 senses. | Şakoendamî demar Central Nervous System (CNS): brîtîye le mêşik brain û dirkemox spinal cord. Şakoendamî demar bingeye bo çerxandinî leş, wata cilewgirtin û kêşkirdinî gişt karkirdekanî leş, wek agayî û hoş awareness, bizawtin movement, bîrkirdinewe thinking, axaftin speech û pênc hestewereke the 5 senses. |
| Central Nervous System Stimulants, CNS Stimulants | دنەدەری شاکۆئەندامی دەمار | dinederî şakoendamî demar | چەمکێکی تەماوییە بۆ گردکردنەوەی دەستەیەک دەرمان کە بەکار دەهێنرێن بۆ زیادکردنی چالاکی، ورووژان و هەژان. ئەم دەرمانگەلە بە شێوازی جۆراجۆر کار دەکەن بەڵام بەگشتی ڕاستەوخۆ شانەدەمار ناورووژێنن. دەرمان هەیە بۆ مەبەستی دیکە بەکار دەهێنرێن بەڵام تاوی لاوەکییان ئەو ئەنجامانەی سەرەوەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو دەرمانگەلە ناچنە سایەی ئەم چەمکەوە.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D000697/central-nervous-system-stimulants | Çemikêkî temawîye bo girdkirdinewey desteyek derman ke bekar dehênrên bo ziyadkirdinî çalakî, wirûjan û hejan. Em dermangele be şêwazî coracor kar deken belam begiştî rastewxo şanedemar nawrûjênin. Derman heye bo mebestî dîke bekar dehênrên belam tawî lawekîyan ew encamaney serewey lê dekewêtewe, ew dermangele naçine sayey em çemikewe.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D000697/central-nervous-system-stimulants |
| cerebellum, cerebellar | مێشکۆڵە، مێشکۆڵەیی | mêşikole, mêşikoleyî | /…/ | /…/ |
| Cerebral cortex | توێکڵی مێشک | twêkilî mêşik | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| cerebral palsy (CP) | مێشکەفەلەج | mêşikefelec | گرووپێکە لە بزاوتپەشێوی ناوێکچووی نابەردەوامە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەبری درێژخایەنی وەهای مێشک کە لە دەمی بەرەزان prenatal period، دەمەزان perinatal period یان ساڵانی بەرایی تەمەن پەیدا دەبێت.<br>مێشکەفەلەج چوار شاجۆری هەیە:<br>- مێشکەفەلەجی گرژۆڵ Spastic cerebral palsy لە هەموو جۆرەکانی دیکە باوترە<br>- مێشکەفەلەجی سەختەبزاوت Athetoid cerebral palsy<br>- مێشکەفەلەجی لاسەنگ Ataxic cerebral palsy<br>- مێشکەفەلەجی تێهەڵکێش mixed cerebral palsy<br><br>بزاوتپەشێوی ڕووبەرێکی بەرینی هەیە هەر لە  کۆنترۆڵی وردەبزاوتەوە  هەتا گرژیی دژوار لە گشت پەلەکاندا (هەر چوار پەل).  Spastic diplegia (گچکەدەرد) پاجۆرێکی هەرە باوە کە لنگ تێدا زیادتر لە باڵ گرژۆڵ دەبێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 cerebral-palsy/02547 | Grûpêke le bizawtpeşêwî nawêkiçûy naberdewame ke hokarekey degerêtewe bo zebirî dirêjxayenî wehay mêşik ke le demî berezan prenatal period, demezan perinatal period yan salanî berayî temen peyda debêt. Mêşikefelec çiwar şacorî heye:<br>- mêşikefelecî girjol Spastic cerebral palsy le hemû corekanî dîke bawtire<br>- mêşikefelecî sextebizawt Athetoid cerebral palsy<br>- mêşikefelecî laseng Ataxic cerebral palsy<br>- mêşikefelecî têhelkêş mixed cerebral palsy<br><br>bizawtpeşêwî rûberêkî berînî heye her le  kontirolî wirdebizawtewe  heta girjîy dijwar le gişt pelekanda (her çiwar pel).  Spastic diplegia (giçkederd) pacorêkî here bawe ke ling têda ziyadtir le bal girjol debêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 |
| Cerebrospinal fluid (CSF) | شلەی دڕکەمۆخ | şiley dirkemox | شلەیەکی ڕوونی بێڕەنگە دەوری مێشک و دڕکەمۆخ دەدات | Şileyekî rûnî bêrenge dewrî mêşik û dirkemox dedat |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Childhood disintegrative disorder (CDD) | پەشێویی هەڵوەشانی زارۆکەتی | peşêwîy helweşanî zaroketî | پەشێوییەکی دەگمەنی «دەمارلەشەکی» neurobiological یە دەبێتە مایەی داهێزانی توانستی زمان و جڤاکی و لەدەستدانی کارکردی هزری پاش فراژووتنێکی ئاسایی لە لانیکەم دوو ساڵی بەرایی تەمەندا. ئەم پەشێوییە بۆ یەکەم جار ساڵی 1908لەلایەن Thomas Heller ی مامۆستای نەمساوییەوە ڕاڤە کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی پەشێوییەکی دەگمەنە، یەک لە پەنجا هەزار هەتا یەک لە سەد هەزار دەگرێتەوە، هەتا ساڵانی 1990 ـەکان فەرمییانە بە «فراژپەشێوی» developmental disorder نەهاتە سەلماندن. ئێستا CDD بە «فراژپەشێویی گشتپۆش» pervasive developmental disorder دادەنرێت، کە گرووپێکە بەرژەنگی Rett و ئاوتیزمیش دەگرێتەوە. هەر وەک ئاوتیزم، CDD یش فرەهاتی لە نێو کوڕاندا زیادترە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.britannica.com/sci-ence/childhood-disintegrative disorder | Peşêwîyekî degmenî «demarleşekî» neurobiological ye debête mayey dahêzanî twanistî ziman û civakî û ledestdanî karkirdî hizirî paş firajûtinêkî asayî le lanîkem dû salî berayî temenda. Em peşêwîye bo yekem car salî 1908lelayen Thomas Heller y mamostay nemsawîyewe rave kira, belam leber ewey peşêwîyekî degmene, yek le penca hezar heta yek le sed hezar degirêtewe, heta salanî 1990 ekan fermîyane be «firajpeşêwî» developmental disorder nehate selmandin. Êsta CDD be «firajpeşêwîy giştpoş» pervasive developmental disorder dadenrêt, ke grûpêke berjengî Rett û Awtîzmîş degirêtewe. Her wek Awtîzm, CDD yiş firehatî le nêw kuranda ziyadtire.<br><br>Serçawe:<br>https://www.britannica.com/science/childhood-disintegrative-disorder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| chronic fatigue syndrome | بەرژەنگی شەکەتیی درێژخایەن | berjengî şeketîy dirêjxayen | بەرژەنگێکە خاوەن نیشانەی دەمدەمی یان یەکبینی شەکەتی، خەوشێوان و لانیکەم شەش مانگ لە داهێزانی کارکردی زاناندن.  نیشانەکان نە بە کۆشەشی دەوامەدار دەورووژێن و نە بە پشوودان خەفە دەبن، بەڵام دەبنە مایەی داهێزانی توانستی مرۆڤ لە بواری وەک کار، خوێندن، جڤاکی و کەسایەتی. جار هەیە ئەم بەرژەنگە دەبێت مایەی کزبوونی کارکردی بەرگری، کارکردی خۆفەرمان و کارکردی سەربە «دەمارناسیی نێورژێنە». بەرژەنگیی شەکەتیی درێژخایەن وێکچوونی هەیە لەگەڵ فیبرۆمیالگیا Fibromyalgia.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D015673/fatigue-syndrome-chronic | Berjengêke xawen nîşaney demdemî yan yekbînî şeketî, xewişêwan û lanîkem şeş mang le dahêzanî karkirdî zanandin. Nîşanekan ne be koşeşî dewamedar dewrûjên û ne be pişûdan xefe debin, belam debine mayey dahêzanî twanistî mirov le buwarî wek kar, xwêndin, civakî û kesayetî. Car heye em berjenge debêt mayey kizbûnî karkirdî bergirî, karkirdî xoferman û karkirdî serbe «demarnasîy nêwrijêne». Berjengîy şeketîy dirêjxayen wêkiçûnî heye legel fîbiromyalgya Fibromyalgia.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D015673/fatigue-syndrome-chronic |
| Classic autism, Childhood autism, autistic disorder, early infantile autism | ئاوتیزمی کلاسیک | Awtîzmî kilasîk | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Cleft Palate | درزەمەڵاشوو | dirzemelaşû | تڵیشێکی خۆماکە (زگماکە) لە بەشە نرم و/یان سەختەکەی مەڵاشوو کە دەرهاویشتەی هاوجۆشبوونێکی شاشە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 cleft-palate/02972 | Tlîşêkî xomake (zigmake) le beşe nrim w/yan sextekey melaşû ke derhawîştey hawcoşbûnêkî şaşe.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 02972/cleft-palateî şaşe. |
| cogenetic | هاوژێنەکی | hawjênekî | /.../ | /.../ |
| Cognition | زانائدن | zanandin | پێڤاژۆیەکی هزری Intellectual یان هۆشەکی mental یە کە لە ڕێیەوە بوونەوەر زانیار knowledge پەیدا دەکات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 cognition/03071 | Pêvajoyekî hizirî Intellectual yan hoşekî mental ye ke le rêyewe bûnewer zanyar knowledge peyda dekat.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 03071/cognition |
| Cognitive | زانیارەکی | zanyarekî | سەربە زانائدن | Serbe zanandin |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| cognitive behavioral therapy (CBT) | ڕەفتارسارێژیی زانیارەکی | reftarsarêjîy zanyarekî | جۆرێکی ئاراستەکراوە لە دەروونسارێژی جەختی لەسەر لێکدانەوەی دۆخە (ساختاری زانیارەکیی ئەزموون cognitive structure of experiences) کە دەبێتە بڕیاردەر لە دارشتنی هەست و ڕەفتاری کەسەکە. بناخەی ئەم دیدە گریمانەیەکە دەڵێت زاناندن cognition، واتا پێڤاژۆی وەرگرتنی زانیار و دارشتنی بیر و بۆچوون، بڕیاردەرەی یەکەمە بۆ شێوەڕێژکردنی هەست و ڕەفتاری مرۆڤ. ئەم سارێژییە تەکنیکی تایبەت بە ڕەفتار و گوتار بەکار دەهێنێت بۆ دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی بیری نایاو (نێگەتیڤ) کە بنەمایە بۆ ڕەفتاری چەوت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D015928/cognitive-behavioral-therapy | Corêkî arastekirawe le derûnsarêjî cexitî leser lêkdanewey doxe (saxtarî zanyarekîy ezimûn cognitive structure of experiences) ke debête biryarder le darişitnî hest û reftarî keseke.  Binaxey em dîde girîmaneyeke delêt zanandin cognition, wata pêvajoy wergirtinî zanyar û darişitnî bîr û boçûn, biryarderey yekeme bo şêwerêjkirdinî hest û reftarî mirov. Em sarêjîye teknîkî taybet be reftar û gutar bekar dehênêt bo diyarîkirdin û rastkirdinewey bîrî nayaw (nêgetîv) ke binemaye bo reftarî çewt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D015928/cognitive-behavioral-therapy |
| cognitive dysfunction, cognitive disorder | تێکچوونی زانیارەکی | têkiçûnî zanyarekî | کورتهێنان یان زەدەکردنی کارکردی هۆشەکی و/یان هزری.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D060825/cognitive-dysfunction | Kurthênan yan zedekirdinî karkirdî hoşekî w/yan hizirî.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D060825/cognitive-dysfunction |
| cognitive flexibility | نەرمەکاریی زانیارەکی | nermekarîy zanyarekî | /…/ | /…/ |
| Combat sport | وەرزشی بەرەنگاری | werzişî berengarî | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Communication, speech, or language disorders, expressive language disorder, fluency disorder, social (pragmatic) communication disorder, and speech sound disorder. | پەشێویی زماناندن – پەشێویی زمان، گۆکردن و ڕاگەیاندن | peşêwîy zimanandin – peşêwîy ziman, gokirdin û rageyandin | پەشێویی زماناندن – پەشێویی زمان، گۆکردن و ڕاگەیاندن بەشێکە لە «زمانپەشێوی» DLD و بریتییە لە:<br><br>- پەشێویی دەربڕینی زمانەکی expressive language disorder<br>- پەشێویی زمانپاراوی fluency disorder<br>- پەشێویی دانوستانی جڤاکی (کردەکی) social (pragmatic) communication disorder<br>- پەشێویی گۆکردن speech sound disorder | Peşêwîy zimanandin – peşêwîy ziman, gokirdin û rageyandin beşêke le «zimanpeşêwî» DLD û brîtîye le:<br>- peşêwîy derbirînî zimanekî expressive language disorder<br>- peşêwîy zimanparawî fluency disorder<br>- peşêwîy danûstanî civakî (kirdekî) social (pragmatic) communication disorder<br>- peşêwîy gokirdin speech sound disorder |
| comorbid | «کۆڵەواری» دۆخێکی گرینگ و زۆر جار نەناسراوە لە «کۆگرفت» comorbid کە لەبارە بۆ جۆردۆزی و چارەسەری گشت پەشێوەییە دەروونییەکان.<br><br>سەرچاوە:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC4967780 | «kolewarî» doxêkî girîng û zor car nenasirawe le «kogrift» comorbid ke lebare bo cordozî û çareserî gişt peşêweyîye derûnîyekan.<br><br>serçawe:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC4967780 | وێکڕا هاتنی هاوکاتی پتر لە یەک دەرد، کێشە و گرفت، بۆ نموونە ئاوتیزم و گرفتاریی هزری | Wêkra hatinî hawkatî pitir le yek derd, kêşe û grift, bo nimûne Awtîzm û griftarîy hizirî |
| comparative literature | ئەدەبی بەراوردکار | edebî berawirdkar | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Complex partial seizures (CPS) | گەشكەی بەشەكیی دژوار | geşkey beşekîy dijwar | هێرشی گەشكە زادەی هەڵكشانی چالاكیی ناكاوی كارەباییە لە مێشكدا. جێگەی ڕوودانی ئەو چالاكییە تاوی جیاوزی هەیە لەسەر مێشک و لەش.  پەركەم Epilepsy دۆخێكە وابەستەی گەشكە.<br><br>گەشكەی تێكبەستەی بەشەكی CPS باوترین جۆری پەركەمە لای گەورەساڵان. گەشكەی لەم جۆرە نێوان سی چركە هەتا دوو خولەک دەخایەنێت. كەسانی تووشی بەم دۆخە لای دەوروبەر وەک كەسانێكی خەیاڵبردە یان «چاو لە بۆشایی بڕیو» دێنە بەرچاو. ئەمانە زۆر ئاگایان لە دەوروبەر نییە و جاریش هەیە بزاوتی تایبەت دەنوێنن، وەک جاوین و چاوترووكاندن. كەسانێكیش هەن لەم گرووپەدا كە زۆر جار ڕیزێک «مووچڕكە» aura دەیانگرێت بەر لە هێرشەكەی CPS.<br><br><br>سەرچاوە:<br>https://www.cedars-sinai.org/health-library/diseases-and-conditions/c/complex-partial-seizures.html | Herişî geşke zadey helkişanî çalakîy nakawî karebayîye le mêşikda. Cêgey rûdanî ew çalakîye tawî ciyawzî heye leser mêşik û leş.  Perkem Epilepsy doxêke wabestey geşke.<br><br>Geşkey têkbestey beşekî CPS bawtirîn corî perkeme lay gewresalan. Geşkey lem core nêwan sî çirke heta dû xulek dexayenêt.<br>Kesanî tûşî bem doxe lay dewrûber wek kesanêkî xeyalbirde yan «çaw le boşayî birîw» dêne berçaw. Emane zor agayan le dewrûber nîye û carîş heye bizawtî taybet deniwênin, wek cawîn û çawtirûkandin. Kesanêkîş hen lem grûpeda ke zor car rîzêk «mûçirke» aura deyangirêt ber le hêrişekey CPS.<br><br><br>Serçawe:<br>https://www.cedars-sinai.org/health-library/diseases-and-conditions/c/complex-partial-seizures.html |
| concentration | سێرە، سێرەگرتن، سێرەگرتن | sêre, sêregirtin, sêregirtin | /…/ | /…/ |
| concept formation | چەمكسازی | çemiksazî | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Conduct Disorder | ئاکارپەشێوی | akarpeşêwî | ڕەفتارپەشێوی بریتییە لە نەخشێکی ڕەفتاری فرەپات و دەوامەدار کە سنووربەزێنی تێدایە بەرانبەر بنەمافی کەسانی دیکە یان بەرانبەر نۆرم و ڕێساگەلی باوی جڤاکیی  تەمەنبەندی کەسانی دیکە. بەشێک لەم ڕەفتارانە دەشێت ڕەفتاری شەرەنگێز بن بەرانبەر مرۆڤ و گیانەوەری دەوروبەر، ڕەفتاری لاشەڕ کە دەبنە هۆی زیانی ماددی، دزی و تەڵەکەبازی و هەروەها ڕێساشکێنیی کێشەساز.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 conduct-disorder/19955 | Reftarpeşêwî brîtîye le nexşêkî reftarî firepat û dewamedar ke sinûrbezênî têdaye beranber binemafî kesanî dîke yan beranber norm û rêsagelî bawî civakîy  temenbendî kesanî dîke. Beşêk lem reftarane deşêt reftarî şerengêz bin beranber mirov û giyanewerî dewrûber, reftarî laşer ke debine hoy ziyanî maddî, dizî û telekebazî û herweha rêsaşikênîy kêşesaz.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 19955/conduct-disorder |
| Congenital Heart Defects | زەدەبوونی زگماکی دڵ | zedebûnî zigmakî dil | /…/ | /…/ |
| Congenital Hypothyroidism, Cretinism | گرگنی، لاوازیی زگماکی تیرۆئید | girgnî, lawazîy zigmakî tîroîd | دەردەدارییەکە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازییەکی زگماکی ڕژێنەی تیرۆئید و دەبێتە هۆی بالاکورتی، هۆشپەشێوی و میکسۆدێما.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 congenital/03409- hypothyroidism | Derdedarîyeke hokarekey degerêtewe bo lawazîyekî zigmakî rijêney tîroîd û debête hoy balakurtî, hoşpeşêwî û mîksodêma.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 03409/congenital-hypothyroidism |
| Contactin | کۆنتاکتین | kontaktîn | پاپۆلێکە لە گەردیلەی سەربە خێزانی «دژەتەن» (گلۆبۆلینی بەرگری) کە تەنها لە کۆئەندامی دەماردا بوونی هەیە. | Papolêke le gerdîley serbe xêzanî «dijeten» (gilobolînî bergirî) ke tenha le koendamî demarda bûnî heye. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Continuous spike and wave during slow wave sleep (CSWS) | CSWS | CSWS | سەیوانەچەمکە بۆ کۆمەڵێک دەردی پەرکەمباری سەربە زەدەبوونی مێشک کە دەبنە مایەی «پاشەکشەی دەمارزانیارەکی» neurocognitive regression و گەشکەی کلینیکانە و هەروەها لە EEG ی دەمی خەودا نەخشێکی پەرکەمبار پێشان دەدات. CSWS دۆخێکی تەمەنبەندە و نۆنەخشەی لە تەمەنی پێنج ساڵاندا خویا دەبێت و پاشان لە ماوەی دوو ساڵدا دەفراژێ ڕووەو دەردەمێشکێکی دژواری پەرکەمبار. هۆکارە دەردناسیەکەی CSWS هێشتا تەواو ڕوون نییە بەڵام پێدەچێت تەونی دەمارەکیی corticothalamic ی دەمی خەو، لەم دۆخەدا بەشدار بێت. لەوەش دەچێت ئامادەیی ژێنەکی (زگماکی) و زەدەبوون لە فراژووتنی بەرایی تەمەندا لەم باسەدا کاریگەرن. بۆ تیمارکاریی ئەم دردە هەم دەرمانی نەرێتی دژەپەرکەم و چارەی هۆرمۆنکار کارایە و هەم تەکنیکی دیکەی نوێ. ئەنجامەکەشی باشە، دەشزانین کە جۆردۆزی و تیمارکاریی زوو، وەک لە گشت دەردەمێشکی پەرکەمباری دیکەدا کارایە، لێرەشدا دەبێتە پارێزەری فراژووتنی دەمارزانیارەکی. تێگەیشتنی باشتر لە CSWS دەبێتە مایەی دۆزینەوە چارەی باشتر بۆ منداڵانی سەربە CSWS.<br><br>سەرچاوە:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/ar | Seywaneçemike bo komelêk derdî perkembarî serbe zedebûnî mêşik ke debine mayey «paşekişey demarzanyarekî» neurocognitive regression û geşkey kilînîkane û herweha le EEG y demî xewda nexşêkî perkembar pêşan dedat. CSWS doxêkî temenbende û nonexşey le temenî pênc salanda xuya debêt û paşan le mawey dû salda defirajê rûwew derdemêşikêkî dijwarî perkembar. Hokare derdnasîyekey CSWS hêşta tewaw rûn nîye belam pêdeçêt tewinî demarekîy corticothalamic y demî xew, lem doxeda beşdar bêt. Leweş deçêt amadeyî jênekî (zigmakî) û zedebûn le firajûtinî berayî temenda lem baseda karîgerin. Bo tîmarkarîy em dirde hem dermanî nerêtî dijeperkem û çarey horimonkar karaye û hem teknîkî dîkey niwê. Encamekeşî başe, deşzanîn ke cordozî û tîmarkarîy zû, wek le gişt derdemêşikî perkembarî dîkeda |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Contraindication | دژەتیمار | dijetîmar | دۆخێکی وەرگری چارەیە کە وەها دەکات وەرگرتنی ئەو دەرمانە، سارێژە یان چارە لەشەکییە نالەبار و ئامۆژبەدەر بێت (ناشێت ئامۆژگاری بکرێت بۆ بەکارهێنان). دژەتیمار دوو جۆری هەیە، ڕەها (کوشندەیە) و ڕێژەکی (مەترسیی دەرهاویشتەی لاوەکی هەیە و دەبێت سوود و مەترسییەکانی بەراورد بکرێن).<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 contraindications/00075202 | Doxêkî wergirî çareye ke weha dekat wergirtinî ew dermane, sarêje yan çare leşekîye nalebar û amojbeder bêt (naşêt amojgarî bikirêt bo bekarhênan). Dijetîmar dû corî heye, reha (kuşindeye) û rêjekî (metirsîy derhawîştey lawekî heye û debêt sûd û metirsîyekanî berawird bikirên).<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D000075202/contraindications |
| control group | دەستەی کۆنترۆڵ | destey kontirol | لە تۆژینەوەدا دوو دەستە دیاری دەکرێت، یەکیان «دەستەی ئاروین» experimental group ە، بۆ ئاروینکردنی ئەو بابەت و دیاردەیەی مەبەستە لە تۆژینەوەکەدا، ئەوەی دیکەیان «دەستەی کۆنترۆڵ»ە، کە وەک پێودانگ بەکار دەهێنرێت بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی دەستەی ئاروین. ئەمیان بۆ ئاروینکردنی بابەتی تۆژینەوەکە نییە.<br><br>سەرچاوە: https://study.com/academy/les-son/control-group-definition lesson-quiz.html | Le tojîneweda dû deste diyarî dekirêt, yekiyan «destey arwîn» experimental group e, bo arwînkirdinî ew babet û diyardeyey mebeste le tojînewekeda, ewey dîkeyan «destey kontirol»e, ke wek pêwdang bekar dehênrêt bo pêwan û helsengandinî encamekanî destey arwîn. Emyan bo arwînkirdinî babetî tojîneweke nîye.<br><br>Serçawe: https://study.com/academy/lesson/control-group-definition-lesson-quiz.html |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| coordination | هاوسەما، ڕێکخستن | hawsema, rêkxistin | /.../ | /.../ |
| coprolalia | پیسگۆیی | pîsgoyî | دەربڕینی خواستبەدەری وشەی نەشیاوی پەیوەست بە زایەند و پاشەڕۆوە. | Derbirînî xwastbederî wişey neşiyawî peywest be zayend û paşerowe. |
| copropraxia | پیسکاری | pîskarî | بەکارهێنانی خواستبەدەری ئاماژەی لەش بۆ دەربڕین لە دیاردەی دزێوی نەشیاو. | Bekarhênanî xwastbederî amajey leş bo derbirîn le diyardey dizêwî neşiyaw. |
| Corpus callosum | مێشکەبەستەر | mêşikebester | /.../ | /.../ |
| correlation | پێکبەندی | pêkbendî | /.../ | /.../ |
| cortical tuber | توێکڵەگۆپکە | twêkilegopke | /.../ | /.../ |
| corticobulbar tract | ڕێچکەی توێکڵەپیازکە | rêçkey twêkilepiyazke | /.../ | /.../ |
| corticospinal tract | ڕێچکەی توێکڵەدرکە | rêçkey twêkiledirke | /.../ | /.../ |
| Craniosynostosis | کاژەڵەچەوتی | kajeleçewtî | زوو جۆشخواردنی ئێسکی کاژەڵە (کەللەسەر) کە دەبێتە هۆی تێکچوونی شێوی کاژەڵە و لەویشەوە پەیدابوونی گرفتاریی جۆراوجۆر. | Zû coşxwardinî êskî kajele (kelleser) ke debête hoy têkiçûnî şêwî kajele û lewîşewe peydabûnî griftarîy corawcor. |
| cubitus valgus | دوورەباسک | dûrebask | تێکچوونێکی لەشە تێیدا گۆشەی نێوان باسک و لەش گەورەترە لە ئاسایی و باسک دوور دەکەوێتەوە لە لەش. | Têkiçûnêkî leşe têêda goşey nêwan bask û leş gewretire le asayî û bask dûr dekewêtewe le leş. |
| cubitus varus | نێزیکەباسک | nêzîkebask | تێکچوونێکی لەشە تێیدا گۆشەی نێوان باسک و لەش بچووکتر لە ئاسایی و باسک نێزیک دەبێتەوە لە لەش. | Têkiçûnêkî leşe têêda goşey nêwan bask û leş biçûktir le asayî û bask nêzîk debêtewe le leş. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| DAMP (deficits in attention, motor control, and perception) | دامپ (کورتهێنانی سەرنجگیری، جڵەوگرتنی بزاوتن و دەرکگردن) | damp (kurthênanî serincgîrî, cilewgirtinî bizawtin û derikkirdin) | چەمکی DAMP نێزیکە بیست ساڵێک لە سکاندیناڤیا کلینیکییانە بەکار دەبرا. جۆردۆزیی DAMP بۆ ئاوێزانی پەشێویی سەرنجپەرتی/فرەبزێوی لەتەک فراژپەشێویی هاوسەما developmental coordination disorder لای زارۆکی وەها کە گرفتاریی دژواری فێربوون و مێشکەفەلەج cerebral palsy (CP) نەبێت. جۆری دژواری ئەم دۆخە نێزیکەی 1,5% منداڵانی فێرگە دەگرێتەوە و ڕێژەیەکی کەمێک زیادتریش جۆری مامناوەندی هەیە. لەم دۆخەدا هەتا ئێستا کوڕان پتر سەردەستن و ڕێژە کچان کەمترە.<br><br>کێشەی «کۆگرفت» comorbid و دۆخی تێهەڵکێشی وەک ئاکارپەشێوی conduct disorder، خەمۆکی/دڵەروکێ و هەروەها کورتهێنانی ئەکادێمی (دواکەوتن لە خوێندندا). لە DAMP دا بەستەری بەهێز هەیە بە ئاوتیزم. سەرچاوەی فرە جۆری DAMP دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری خێزانی و کێشەی دەمی بەرەزان و پاشەزان.<br><br>لەوەیە هۆکاری دەروونجڤاکی Psychosocial ببێتە هۆکار بۆ هەڵکشانی مەترسیی پەیدابوونی لادانی ڕەوانسازی لە DAMP دا. تۆژینەوە هەیە پێشانی دەدات کە 60% ی ئەو دۆخگەلەی تیمار ناکرێن، لە بەرایی | Çemikî DAMP nêzîke bîst salêk le sikandînavya kilînîkîyane bekar debira. Cordozîy DAMP bo awêzanî peşêwîy serincpertî/firebizêwî letek firajpeşêwîy hawsema developmental coordination disorder lay zarokî weha ke griftarîy dijwarî fêrbûn û mêşikefelec cerebral palsy (CP) nebêt. Corî dijwarî em doxe nêzîkey %1,5 mindalanî fêrge degirêtewe û rêjeyekî kemêk ziyadtirîş corî maminawendî heye. Lem doxeda heta êsta kuran pitir serdestin û rêje kiçan kemtire.<br><br>Kêşey «kogrift» comorbid û doxî têhelkêşî wek akarpeşêwî conduct disorder, xemokî/dilerukê û herweha kurthênanî ekadêmî (dûwakewtin le xwêndinda). Le DAMP da besterî behêz heye be Awtîzm. Serçawey fire corî DAMP degerênewe bo hokarî xêzanî û kêşey demî berezan û paşezan.<br><br>Leweye hokarî derûncivakî |
| delusion | چەوتەباوەڕ، باوەڕی چەوت | çewtebawer, bawerî çewt | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| dementia infantilis | دێمێنسی ساوا | dêmênsî sawa | بروانە «پەشێوی هەڵوەشانی زارۆکەتی» Childhood disintegrative disorder (CDD), Heller syndrome, disintegrative psychosis | Birwane «peşêwîy helweşanî zaroketî» Childhood disintegrative disorder (CDD), Heller syndrome, disintegrative psychosis |
| derivative | دارِشتە | darişte | دارِشتە = derivative، «دارِشتن/دارِشتە» لە پێوانەی «پێکهاتن/پێکهاتە» یە. | Darişte = derivative, «dariştin/darişte» le pêwaney «pêkhatin/pêkhate» ye. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| developmental Coordination Disorder (DCD) | فراژپەشێوی هاوسەما | firajpeşêwîy hawsema | فراژپەشێوی هاوسەما بەشێکە لە «بزاوتپەشێوی» کە جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs).<br>فراژپەشێوی هاوسەما DCD، پێشی دەگوترێت « فراژپەشێوی هاوسەمای بزاوتن» developmental motor coordination disorder، «دیسپراکسیای فراژکار» developmental dyspraxia یان تەنها «دیسپراکسیا» dyspraxia، بریتییە لە پەشێوییەکی درێژخایەنی دەمارناسەکی و لە منداڵییەوە پەیدا دەبێت. ئەم پەشێوییە تاوی هەیە لەسەر پلانرێژیی بزاوتن و هاوسەمای ماسوولکە لەبەر ئەوەی سیگناڵی مێشک بە دروستی ناگوێزرێنەوە بۆ لەش. کورتهێنانی توانستی بزاوتن بەراورد بە تەمەنی منداڵەکە تاوی دەبێت لەسەر چالاکیی ڕۆژانەی ئەو منداڵە. پەشێوی کاتێک بە DCD جۆردۆز دەکرێت کە گرفتاریی دەمارناسەکیی دیکە لە ئارادا نەبن، بۆ نموونە «مێشکەفەلەج» (فەلەجیی مێشک) cerebral palsy، «سفتبوونی فرەچین» multiple sclerosis یان «دەردی Parkinson» (پارکینسۆن) Parkinson disease.<br><br>سەرچاوە:<br>https://courses.lumenlearning.c | Firajpeşêwîy hawsema beşêke le «bizawtpeşêwî» ke corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds).<br><br>Firajpeşêwîy hawsema DCD, pêşî degutirêt « firajpeşêwîy hawsemay bizawtin» developmental motor coordination disorder, «dîspiraksyay firajkar» developmental dyspraxia yan tenha «dîspiraksya» dyspraxia, brîtîye le peşêwîyekî dirêjxayenî demarnasekî û le mindalîyewe peyda debêt. Em peşêwîye tawî heye leser planrêjîy bizawtin û hawsemay masûlke leber ewey sîgnalî mêşik be dirustî nagiwêzirênewe bo leş. Kurthênanî twanistî bizawtin berawird be temenî mindaleke tawî debêt leser çalakîy rojaney ew mindale. Peşêwî katêk be DCD cordoz dekirêt ke griftarîy demarnasekîy dîke le arada nebin, bo nimûne «mêşikefelec» (felecîy mêşik) |
| developmental delay | درەنگفراژ | direngfiraj | درەنگکەوتنی فراژووتن | Direngkewtinî firajûtin |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| developmental disorder | فراژپەشێوی | firajpeşêwî | پەشێوی فراژکارانە، فراژووتنی نائاسایی، لادان بەدەم فراژووتنەوە، ناجۆری بەدەم فراژووتنەوە | Peşêwîy firajkarane, firajûtinî naasayî, ladan bedem firajûtinewe, nacorî bedem firajûtinewe |
| Diabetic coma | بوورانەوەی شەکرە | bûranewey şekire | /.../ | /.../ |
| diabetic retinopathy | تۆڕینەی شەکرەزەدە | torîney şekirezede | زەدەبوونێکی تۆڕینەی چاوە کە وابەستەی دەردەشەکرە diabetes, diabetes mellitus یە. نیشانەکانی بریتین لە هەڵکشانی زەدەبوونی موولوولەی خوێن، وەک «ڕەگەشێ» Aneurysm (کشانی ڕەگی خوێن)، ئاوسانی edema ی نێو تۆڕینە، یان .... pathologic neovascularization.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D003930/diabetic-retinopathy | Zedebûnêkî torîney çawe ke wabestey derdeşekire diabetes, diabetes mellitus ye. Nîşanekanî brîtîn le helkişanî zedebûnî mûlûley xwên, wek «regeşê» Aneurysm (kişanî regî xwên), awsanî edema y nêw torîne, yan .... Pathologic neovascularization.<br><br>Sercawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D003930/diabetic-retinopathy |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Diadochokinesia | بزاوتی نۆرەکی | bizawtî norekî | توانستی نواندنی جووڵەی خێرای نۆرەکی (یەکدوایەک بە نۆرە )ی ماسوولکە دژبەرەکان. ئەمە دەبێتە پێوەر بۆ توانای بزاوتی هاوسەما و لە هەڵسەنگاندنی دەمارناسەکیدا پیادە دەکرێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://taylorandfrancis.com/knowledge/Medicine_and_healthcare/Neurology/Diadochokinesia/ | Twanistî niwandinî cûley xêray norekî (yekdûwayek be nore )î masûlke dijberekan. Eme debête pêwer bo twanay bizawtî hawsema û le helsengandinî demarnasekîda piyade dekirêt.<br><br>Serçawe:<br>https://taylorandfrancis.com/knowledge/Medicine_and_healthcare/Neurology/Diadochokinesia/ |
| diagnose, diagnosable | جۆردۆزی، بەرجۆردۆزی | cordozî, bercordozî | /.../ | /.../ |
| disability | گرفت، گرفتاری | grift, griftarî | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Disinhibited Social Engagement Disorder (DSED), Disinhibited Attachment Disorder | پەیوەستپەشێوی بێباک | peywestpeşêwîy bêbak | بریتییە لە ڕەفتارلادانی جڤاکیی وەک وێلکردنی کەسی چاودێر (چاودێربەخش)، یاوەری کەسی بیانی و نامۆ، دەربەستبوون بە شێوەی ڕەفتاری فرە دڵگەرمانە (بۆ نموونە پەیوەندیی لەشەکیی وەک ئامێزدان) لەتەک کەسانی گەورەساڵی بیانی. مەرجی DSED لە هۆناسی etiology دا  بریتییە لەوەی ژینگەی چاودێری منداڵەکە لە بەرایی تەمەندا ناجۆر بووبێت، واتا وێلکردنی جڤاکیی تێدا بووبێت، یان کزیی دەرفەتی فراژاندنی پەیوەستیی بەرتەما.  کەواتە، هەڵکشانی ڕێژەی DSED وابەستەی دژواریی بێبەریبوونە لە بەرایی تەمەندا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC6717530 | Brîtîye le reftarladanî civakîy wek wêlkirdinî kesî çawdêr (çawdêrbexş), yawerîy kesî biyanî û namo, derbestbûn be şêwey reftarî fire dilgermane (bo nimûne peywendîy leşekîy wek amêzdan) letek kesanî gewresalî biyanî. Mercî DSED le honasî etiology da  brîtîye lewey jîngey çawdêrîy mindaleke le berayî temenda nacor bûbêt, wata wêlkirdinî civakîy têda bûbêt, yan kizîy derfetî firajandinî peywestîy bertema.  Kewate, helkişanî rêjey DSED wabestey dijwarîy bêberîbûne le berayî temenda.<br><br>Serçawe:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC6717530 |
| disorder | پەشێوی | peşêwî | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Dissociative Disorders | پەشێوی لێکدابڕان | peşêwîy lêkdabiran | پەشێوی لێکدابڕان بریتییە لە گۆڕانی کاتی و ناکاو لە کارکردە تێکبەستەکانی ئاگاییدا. ئەمانە دۆخێکی دەروونین تێیاندا مرۆڤ هەست بە لێکدابڕانی دەکات لە نێوان بیر، یاد، هەست، دەوروبەر، ڕەفتار و ناسنامە. لەم دۆخانەدا خۆدزینەوەیەک لە داکەوت ڕوو دەدات کە نە خوازراوە و نە سازگارە. ئەمەیان بۆ گوزەرانی ڕۆژانە کێشەسازە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/dissociative-disorders/symptoms causes/syc-20355215 | Peşêwîy lêkdabiran brîtîye le goranî katî û nakaw le karkirde têkbestekanî agayîda. Emane doxêkî derûnîn têyanda mirov hest be lêkdabiranî dekat le nêwan bîr, yad, hest, dewrûber, reftar û nasname. Lem doxaneda xodizîneweyek le dakewt rû dedat ke ne xwazirawe û ne sazgare. Emeyan bo guzeranî rojane kêşesaze.<br><br>Serçawe:<br>https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/dissociative-disorders/symptoms-causes/syc-20355215 |
| distraction | هۆشپەرتی | hoşpertî | /.../ | /.../ |
| Dopamine | دوپامین | dupamîn | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Down Syndrome | بەرژەنگی Down | berjengî Down | پەشێوییەکی کرۆمۆسۆمە کە وابەستەی پەیدابوونی دانەیەکی زێدەیە لە کرۆمۆسۆمی 21 یان «تریسۆمی»ییەکی چوست بۆ کرۆمۆسۆمی 21. نیشانەی کلینیکانەی بەرژەنگی Down بریتین لە: کەمگرژیی ماسوولکە (هایپۆتۆنی/هایپۆتۆنیا)، کورتباڵایی (باڵاکورتی)، کاژەڵەچەوتی Craniosynostosis، درزەپێڵووی سەرکەوتە upslanting palpebral fissures، ئەپیکانوس epicanthus، پەڵەی Brushfield لەسەر بیبیلە، زماندەرپەڕین protruding tongue، گوێبچووکی، پەنجەی چەمبەند Clinodactyly، لەپی تاکلۆچی پانەڕۆ Single transverse palmar crease و هەروەها ڕادەیەکی مامناوەند یان تیژ لە گرفتاریی هزری. جگە لەوانەش، تێکچوونی دڵ و کۆئەندامی هەرس، هەڵکشانی تووشبوون بە لووکیمیا (شێرپەنجەی خوێن) Leukemia, leukaemia و زوو پەیدابوونی دەردی ئالزایمەر Alzheimer وابەستەی ئەم دۆخەن.<br><br><بۆ چەمبەند براونە زاراوەسازیی پێوانە، جەلیزادە mamosta.net><br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 | Peşêwîyekî kromosome ke wabestey peydabûnî daneyekî zêdeye le kromosomî 21 yan «tirîsomî»îyekî çust bo kromosomî 21. Nîşaney kilînîkaney berjengî Down brîtîn le: kemgirjîy masûlke (haypotonî/haypotonya), kurtbalayî (balakurtî), kajeleçewtî Craniosynostosis, dirzepêlûy serkewte upslanting palpebral fissures, epîkanus epicanthus, peley Brushfield leser bîbîle, zimanderperîn protruding tongue, giwêbiçûkî, pencey çembend Clinodactyly, lepî takiloçî panero Single transverse palmar crease û herweha radeyekî maminawend yan tîj le griftarîy hizirî. Cige lewaneş, têkiçûnî dil û koendamî hers, helkişanî tûşbûn be lûkîmya (şêrpencey xwên) Leukemia, leukaemia û zû peydabûnî derdî alzaymer Alzheimer wabestey em doxen.<br><br><bo çembend birawine Zarawesazîy pêwane, Celîzade |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Duchenne Muscular Dystrophy (DMD) | پووکانەوەی ماسوولکەیی Duchenne | pûkanewey masûlkeyî Duchenne | دەردێکە وابەستەی کرۆمۆسۆمی X، دەبێتە هۆی پشتەڕەوی ماسوولکە و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەماسیی بەرهەمهێنانی دیسترۆفین Dystrophin کە گرینگە بۆ پاراستنی بەرگەماسوولکە (ساکرۆلێیما) sarcolemma. ڕیشاڵی ماسوولکە سەرفرووی پێڤاژۆیەکن تێیدا هەم دارزان degeneration دەجەرخێت و هەم ژیاندنەوە regeneration. نیشانەکانی ئەم دەردە لە بەرایی تەمەندا بریتین لە داهێزانی ناخەکی proximal weakness، زرەگەورەبوونی ماسوولکە pseudohypertrophy، دەردەماسوولکەی دڵ cardiomyopathy و داهێزانی توانستی بیرکردنەوە. Becker muscular dystrophy (پووکانەوەی ماسوولکەیی Becker) هاوجۆری ئەم دەردەیە بەڵام هەم نۆنیشانەی زووترە (دەکەوێتە هەرزەکارییەوە) و هەم ڕەوتی خاوترە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D020388-muscular-dystrophy-duchenne | derdêke wabestey kromosomî X, debête hoy pişterewî masûlke û hokarekey degerêtewe bo kemasîy berhemhênanî dîstirofîn Dystrophin ke girînge bo parastinî bergemasûlke (sakirolêmma) sarcolemma. rîşalî masûlke serfirûy pêvajoyekin têyda hem darzan degeneration decerxêt û hem jiyandinewe regeneration. nîşanekanî em derde le berayî temenda brîtîn le dahêzanî naxekî proximal weakness, ziregewrebûnî masûlke pseudohypertrophy, derdemasûlkey dil cardiomyopathy û dahêzanî twanistî bîrkirdinewe. Becker muscular dystrophy (pûkanewey masûlkeyî Becker) hawcorî em derdeye belam hem nonîşaney zûtire (dekewête herzekarîyewe) û hem rewtî xawtire.<br><br>serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| dyscalculia | دیسکالکوولیا، سەختەژمێر | dîskalkûlya, sextejimêr | دیسکالکوولیا dyscalculia (سەختەژمێر) بەشێکە لە «پەشێویی تایبەتی فێربوون» Specific Learning Disorders (SLD) کە جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). مرۆڤی گرفتار بە سەختەژێر (دیسکالکوولی)ا زۆر لایەنی دیکەی هۆشەکیی دروستە بەڵام پەیبردن بە ژمارە و ماتماتیکی لە لا سەختە. ئەم گرفتارییە دەشێت ڕیشەی زگماکی هەبێت و دەبیتە مایەی کزیی کارکرد لە بواری ژماردندا و گرینگە ئەو کەسە خۆی و هەروەها دەوروبەری نێزیکیشی، وەک خێزان و فێرگە، ئاگاداری بوونی ئەم گرفتە ببن.<br>بنەمای ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لە ساختار یان کارکردی ئەو بەشەی مێشک کە گرینگە بۆ ژمێرکاری. ئەم گرفتە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی توانستی مامەڵەت لەگەڵ ژمارەدا، دەرککردنی ژمارە، یەک و کۆ و هەروەها هەڤبەندیی ژمارە لەتەک یەکدیدا. جار هەیە کەسی خاوەن دیسکالکوولیا ماتەماتیکی ساکاری لەلا دژوارە بەڵام سەرەدەری لە ماتەماتیکی بەرز دەکات کە زیاتر پەیوەستی لۆژیکە. کەواتە دیسکالکوولیا هەم جۆر و هەم پلەی دژواریی زۆر جیاوازی هەیە. بەڵام خاڵی هەبەشیان بریتییە لە دژواریی ژماردن. جار هەیە مرۆڤی خاوەن گرفتی | Dîskalkûlya dyscalculia (sextejimêr)  beşêke le «peşêwîy taybetî fêrbûn» Specific Learning Disorders (SLD) ke corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Mirovî griftar be sextejêr (dîskalkûlî)a zor layenî dîkey hoşekîy diruste belam peybirdin be jimare û matimatîkî le la sexte. Em griftarîye deşêt rîşey zigmamkî hebêt û debîte mayey kizîy karkird le buwarî jimardinda û girînge ew kese xoy û herweha dewrûberî nêzîkîşî, wek xêzan û fêrge, agadarî bûnî em grifte bibin.<br><br>Binemay em grifte degerêtewe bo ciyawazîy le saxtar yan karkirdî ew beşey mêşik ke girînge bo jimêrkarî. Em grifte debête hoy sinûrdarkirdinî twanistî mamelet legel jimareda, derikkirdinî jimare, yek û ko  û herweha hevbendîy jimare letek yekdîda. Car heye kesî xawen dîskalkûlya |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| dysdiadochokinesia (DDK), diadochokinesia or diadochokinesis | داهێزانی بزاوتی نۆرەکی | dahêzanî bizawtî norekî | «دایادۆکۆکۆنییژا» کورتهێنان لە توانستی جووڵەی خێرا و نۆرەکییانە (یەکدوایەک)ی ماسوولکە، وەک بزاوتی ڕووەژێر pronation و ڕووەوسەر supinationی خێرا و هاوکاتی دەست و باسک، پەنجەتەقاندن، پێتەقاندن، مستکردنەوە و مستەکۆڵە. ئەمە بەشێکی گرینگە لەو پەیجۆرییەی دەکرێت بۆ کەسانێک کە گومان دەکرێت دەردی سەربە مێشکۆڵەیان هەبێت، ئەوانەی کار لە توانستی گۆکردن و بزاوتی پەل دەکەن، هەم باڵ و هەم لینگ. پەیجۆری لە جووڵەی وەها دەکەوێت مشتوماڵدانی دیاریکردن، هەڵسەنگاندن و چارەی دیاریکراو بۆ ئەو پەشێوییەی خویا دەبن لەتەک بزاوتی نۆرەکیدا و هەروەها تیشکیش دەخاتە سەر ئەرک و نۆرەی تیمە فرەپیشەییەکەی خەریکی چارەی ئەو نەخۆشەن بۆ دیاریکردنی جۆردۆزییەکی بەرتەنگتر.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK559262 | twanistî cûley xêra û norekîyane (yekdûwayek) y masûlke, wek bizawtî rûwejêr pronation û rûwewser supinationî xêra û hawkatî dest û bask, penceteqandin, pêteqandin, mistkirdinewe û mistekole. Eme beşêkî girînge lew peycorîyey dekirêt bo kesanêk ke guman dekirêt derdî serbe mêşikoleyan hebêt, ewaney kar le twanistî gokirdin û bizawtî pel deken, hem bal û hem lîng. Peycorî le cûley weha dekewêt miştumaldanî diyarîkirdin, helsengandin û çarey diyarîkiraw bo ew peşêwîyey xuya debin letek bizawtî norekîda û herweha tîşkîş dexate ser erik û norey tîme firepîşeyîyekey xerîkî çarey ew nexoşen bo diyarîkirdinî cordozîyekî bertengtir.<br><br>Serçawe:<br>https://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK559262 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| dysgraphia | دیسگرافیا، سەختەنووس | dîsgrafya, sextenûs | دیسگرافیا (سەختەنووس) Dysgraphia بەشێکە لە «پەشێویی تایبەتی فێربوون» Specific Learning Disorders (SLD) کە جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). دیسگرافیا بریتییە لە «داهێزانی توانستی دەربڕین بە نووسین» impairment in written expression کە دەکاتەوە ئەو زارۆکانەی کێشەیان لەتەک نووسیندا هەیە، بۆ نموونە کێشەی پیتنووسی spell، وردەکاری، ڕێزمان، خاڵبەندی punctuation و هەروەها سازماندان و پاراوی لە دارشتنی نووسراودا. گرفتی خوێندنەوە تەنانەت پێش فێربوونی خوێندنەوەش خویا دەبێت. بۆ نموونە، کێشەی «برگەبەندی» syllable، واتا دابەشکردنی گۆکردنی بەسەر برگەی لەباردا و هەروەها ناسینەوەی وشەی «هاوسەروا» (هاوسەروا: خاوەنی هەمان «سەروا»، قافییە rhyme). دیسگرافیا (دژواریی نووسین) چەمکێکە بۆ ناساندنی دژواریی دەربڕینی نووسراو لە بیر و ئەندێشە. منداڵی زارۆکخانە گەر ئەم گرفتەی دیسگرافیا (دژواریی نووسین)ی هەبێت، توانستی بۆ ناسینەوە و نووسینی پیت، لەچاو هاوتەمەنەکانی خۆیدا، لاوازترە.<br>سەرچاوە: | Dîsgrafya (sextenûs) Dysgraphia beşêke le «peşêwîy taybetî fêrbûn» Specific Learning Disorders (SLD) ke corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Dîsgrafya brîtîye le «dahêzanî twanistî derbirîn be nûsîn» impairment in written expression ke dekatewe ew zarokaney kêşeyan letek nûsînda heye, bo nimûne kêşey pîtnûsî spell, wirdekarî, rêziman, xalbendî punctuation û herweha sazimandan û parawî le darîştinî nûsirawda.<br><br>Griftî xwêndinewe tenanet pêş fêrbûnî xwêndineweş xuya debêt. Bo nimûne, kêşey «birgebendî» syllable, wata dabeşkirdinî gokirdinî beser birgey lebarda û herweha nasînewey wişey «hawserwa» (hawserwa: xawenî heman «serwa», qafîye rhyme). Dîsgrafya (dijwarîy nûsîn) çemikêke bo nasandinî dijwarîy derbirînî nûsiraw le bîr û endêşe. Mindalî zarokxane ger |
| Dyskinesia | سەختەبزاوت، دیسکەنسیا | sextebizawt, dîskensya | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| dyslexia | سەختەسەواد، دیسلێکسیا | sextesewad, dîslêksya | دیسلێکسیا dyslexia (دژواریی سەواد، دژواریی خوێندنەوە و نووسین) بەشێکە لە «پەشێویی تایبەتی فێربوون» Specific Learning Disorders (SLD) کە جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). دیسلێکسیا زگماکە و لە بەرایی تەمەندا خویا دەبێت. گەر یارمەتی و پشتیوانیی پێویست دابین بێت ئەوا کۆسپەکانی سەربە ئەم گرفتە کەمتر دەبنەوە، بەتایبەتی لە فێرکاریدا.<br>دیسلێکسیا پتر زمانی نووسراو دەگرێتەوە بەڵام جاروبار لایەنی زارەکی (گۆکردن) یش دەگرێتەوە. مرۆڤ هەیە گرفتی دیسلێکسیای هەیە، دەزانێت کێشەی هەیە بەڵام نازانێت کێشەکە گرفتی دیسلێکسیایە، پێی وەهایە هۆشکولی و گێلێتییە. بەڵام دیسلێکسیا چ هەڤبەندییەکی بە زیرەکی و بەهرەوە نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە جۆری مامەڵەتی مێشک لەتەک زمانی زارەکی (ئاخافتن) و دەرککردنی تێکستی نووسراو.<br>لە خوێندنەوەی ڕوون و خێرادا، نیشانەی نووسین (پیت و نیشانەکانی دیکەی نووسین)، بە شێوازێکی خۆڕەوت (ئاوتۆماتیک)، تێکبەستی دەنگی زمانەکیی ئەو نیشانەیە دەکرێت. مرۆڤی گرفتار بە دیسلێکسیا، بۆ ئەنجامدانی ئەو تێکبەستنە، پێویستی بە کۆشانێکی دژواری دوورمەودا هەیە. | Dîslêksya dyslexia (dijwarîy sewad, dijwarîy xwêndinewe û nûsîn) beşêke le «peşêwîy taybetî fêrbûn» Specific Learning Disorders (SLD) ke corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Dîslêksya zigmake û le berayî temenda xuya debêt.<br>Ger yarmetî û piştîwanîy pêwîst dabîn bêt ewa kospekanî serbe em grifte kemtir debinewe, betaybetî le fêrkarîda.<br>Dîslêksya pitir zimanî nûsiraw degirêtewe belam carûbar layenî zarekî (gokirdin) yiş degirêtewe. Mirov heye griftî dîslêksyay heye, dezanêt kêşey heye belam nazanêt kêşeke griftî dîslêksyaye, pêy wehaye hoşkulî û gêlêtîye. Belam dîslêksya çi hevbendîyekî be zîrekî û behrewe nîye, belkû peyweste be corî mameletî mêşik letek zimanî zarekî (axaftin) û derikkirdinî têkstî nûsiraw.<br>Le xwêndinewey rûn û xêrada, nîşaney nûsîn (pît û nîşanekanî |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| echolalia | زایەڵەگۆ، ئێکۆلالی | zayelego, êkolalî | فرەپاتکردنەوەی خواستبەدەری تووتیئاسای مەبەستبەدەری وشە، دەستەواژە ، گوتە و گۆرانیی تازەبیستراوی کەسانی دیکە. ئەم دیاردەیە لەوەیە پەیوەست بێت بە شیزۆفرینیا، زمانگیری و پەشێوی دیکەوە.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 echolalia/04454 | Firepatkirdinewey xwastbederî tûtîasay mebestbederî wişe, destewaje , gute û goranîy tazebîstirawî kesanî dîke. Em diyardeye leweye peywest bêt be şîzofirînya, zimangîrî û peşêwî dîkewe.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D004454/echolalia |
| echopraxia | زایەڵەکرد، ئێکۆپراکسیا | zayelekird, êkopiraksya | فرەپاتکردنەوەی خواستبەدەری کردەی کەسانی دیکە. | Firepatkirdinewey xwastbederî kirdey kesanî dîke. |
| Ectoderm | دەرەپەردە، ئەکتۆدەرم | dereperde, ektoderim | توێی دەرەکیی ئەو سێ توێیەی لای ئاوڵەمە پەیدا دەبێت | Twêy derekîy ew sê twêyey lay awleme peyda debêt |
| efferent innervation | دەماراندنی دەرەڕۆ | demarandinî derero | بڵاوبوونەوەی دەمار و ناردنی سیگناڵ ڕووەو دەرەوە، لە کۆئەندامی دەمارەوە بۆ لەش | Bilawbûnewey demar û nardinî sîgnal rûwew derewe, le koendamî demarewe bo leş |
| Electrical Synapses | سیناپسی کارەبایی | sînapisî karebayî | سیناپسی کارەبایی خانەدەمارییەکان (دەمارەکان) بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە ڕێگە بە تێپەڕبوونی سیگناڵەکان دەدات ڕاستەوخۆ و زۆر بەخێرایی لە دەمارێکەوە بۆ دەمارێکی دیکە. | Sînapisî karebayî xanedemarîyekan (demarekan) beyekewe debestêtewe ke rêge be têperbûnî sîgnalekan dedat rastewxo û zor bexêrayî le demarêkewe bo demarêkî dîke. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Electroencephalography (EEG) | ئەلێکترۆکاریی مێشک | elêktirokarîy mêşik | هێڵکارییە بۆ سیگنالێ ئەلێکترۆنیی مێشک. تۆمارکردنی سیگناڵی ئەلێکترۆنیی مێشکە لە ڕێی بەستنی «ئەلێکترۆد» electrode -ەوە بە کاژەڵە (کەللەسەر)ەوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 electroencephalography/04569 | Hêlkarîye bo sîgnalê elêktironîy mêşik. tomarkirdinî sîgnalî elêktironîy mêşike le rîy bestinî «elêktirod» electrode -ewe be kajele (kelleser)ewe.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D004569/electroencephalography |
| emotion | سۆز، هەژان، تاوگیری | soz, hejan, tawgîrî | /…/ | /…/ |
| emotional | سۆزەکی، سۆزیار، هەژێن، تاوگیرانە | sozekî, sozyar, hejên, tawgîrane | /…/ | /…/ |
| emotional disharmony | ناتەبایی تاوگیرانە | natebayî tawgîrane | /…/ | /…/ |
| emotionality | سۆزیارەتی، تاوگیری | sozyaretî, tawgîrî | /…/ | /…/ |
| Encephalitis | هەوکردنی مێشک | hewkirdinî mêşik | /…/ | /…/ |
| Encopresis | دەرەخواستەڕین | derexwasterîn | خۆپیسکردنێک هۆکارەکەی نەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی ئۆرگانی و بۆ نەخۆشی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 encopresis/04688 | Xopîskirdinêk hokarekey negerêtewe bo kêşeyekî organî û bo nexoşî.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D004688/encopresis |
| Endocrine System | کۆئەندامی نێورژێنە | koendamî nêwrijêne | /…/ | /…/ |
| Enteric Nervous System | کۆئەندامی دەماری هەرس | koendamî demarî hers | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Enuresis | میزنی | mîzinî | میزبەخوداکردن لە تەمەنێکدا کە جڵەوگرتنی میزکردن تەواو فراژی بێت، واتا پاش تەمەنی چوار ساڵی. زۆرجاریش مەبەست میزاندنی کەسی خەوتووە.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D004775/enuresis | Mîzbexudakirdin le temenêkda ke cilewgirtinî mîzkirdin tewaw firajî bêt, wata paş temenî çiwar salî. zorcarîş mebest mîzandinî kesî xewtûwe.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D004775/enuresis |
| epigenomics, epigenetics | بانژێنۆمی | banjênomî | بەشێکە لە ژێنناسی پەرۆشی ئەو گۆڕانکارییە ڕواڵەتییانەیە (دەربڕینی ژێن gene expression، فێنۆتایپ phenotype) کە وابەستەی گۆڕان نییە لە زنجیرەی DNA -کەدا. بانژێنۆمی تۆژینەوەیە لە چۆنەتی خوێندنەوەی DNA و چۆنەتیی دەربڕینی DNA. دۆخی خانە، واتا ژێنۆمی خانە، لەم ڕەوتی خوێندنەوە و دەربڕینەدا، دەبێتە مایەی گۆڕانکاری لە بەرنامەڕێژی ژێندا و بەوەش جیاواز دەبێت لەوەی DNA سیگناڵی داوە. بەم جۆرە دەشێت سیگناڵی بانژێنۆمی زاڵ بێت بەسەر سیگناڵی DNA دا. پێشگری epi لە زمانی گرێکی کۆندا بە واتای «بان» هاتووە.<br><br>سەرچاوە: https://sv.wikipedia.org/wiki/Epigenetik | Beşêke le jênnasî peroşî ew gorankarîye riwaletîyaneye (derbirînî jên gene expression, fênotayp phenotype) ke wabestey goran nîye le zincîrey DNA -keda. Banjênomî tojîneweye le çonetî xwêndinewey DNA û çonetîy derbirînî DNA. Doxî xane, wata jênomî xane, lem rewtî xwêndinewe û derbirîneda, debête mayey gorankarî le bernamerêjî jênda û beweş ciyawaz debêt lewey DNA sîgnalî dawe. Bem core deşêt sîgnalî banjênomî zal bêt beser sîgnalî DNA da. Pêşgirî epi le zimanî girêkî konda be watay «ban» hatûwe.<br><br>Serçawe: https://sv.wikipedia.org/wiki/Epigenetik |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| epilepsy | پەرکەم، ئێپەلێپسی | perkem, êpelêpsî | /.../ | /.../ |
| epileptogenesis | پەرکەمزێ، پەرکەمهێن | perkemzê, perkemhên | پێڤاژۆیەکە تێیدا تەونی خانەدەمار بە جۆرێک دێتە گۆڕان کە دەبێتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی گەشکەی خۆجۆش و یەکبین. پەرکەمزێ بریتییە لە سێ هەنگاو:<br>- یەکەم: زەدەبوونی بەرایی یان بوویەری ورووژێن<br>- دووهەم: دەمی ماتبوون<br>- سێهەم: قوناخی یەکبینبوونی پەرکەم<br><br>سەرچاوە:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/ar/ticles/PMC4588129 | Pêvajoyeke têyda tewinî xanedemar be corêk dête goran ke debête hokar bo berhemhênanî geşkey xocoş û yekbîn. Perkemzê brîtîye le sê hengaw:<br>- yekem: zedebûnî berayî yan bûyerî wirûjên<br>- dûhem: demî matbûn<br>- sêhem: qunaxî yekbînbûnî perkem<br><br>serçawe:<br>https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC4588129/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Executive Function | کارکردی کارگێڕانه | karkirdî kargêrane | تێکبەستەیەکە لە کارکردی زانانیدن کە دەبنە جڵەوکێشی بیر و ڕەفتاری ئاڵۆز و ئارمانجبین. کارکردی کارگێڕانە چەندین بەستێنی هاوئامێزە، وەک چەمکسازی concept formation، ئارمانجبینی goal management، نەرمەکاریی زانیارەکی cognitive flexibility، جڵەوگرتنی خەفەکار inhibition Control و یادگەی کار Working memory. داهێزانی کارکردی کارگێڕ لە چەندین گرفتاریدا خویا دەبێت، وەک ماخۆلان و شیزۆفرینیا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 executive-function/56344 | Têkbesteyeke le karkirdî zanandin ke debine cilewkêşî bîr û reftarî aloz û armancbîn. Karkirdî kargêrane çendîn bestênî hawamêze, wek çemiksazî concept formation, armancbînî goal management, nermekarîy zanyarekî cognitive flexibility, cilewgirtinî xefekar inhibition Control û yadgey kar Working memory. Dahêzanî karkirdî kargêr le çendîn griftarîda xuya debêt, wek maxolan û şîzofirînya.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D056344/executive-function |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| experimental group | دەستەی ئاروین | destey arwîn | لە تۆژینەوەدا دوو دەستە دیاری دەکرێت، یەکیان «دەستەی ئاروین» experimental group ە، بۆ ئاروینکردنی ئەو بابەت و دیاردەیەی مەبەستە لە تۆژینەوەکەدا، ئەوەی دیکەیان «دەستەی کۆنترۆڵ»ە، کە وەک پێودانگ بەکار دەهێنرێت بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی دەستەی ئاروین. ئەمیان بۆ ئاروینکردنی بابەتی تۆژینەوەکە نییە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://study.com/academy/lesson/control-group-definition-lesson-quiz.html | Le tojîneweda dû deste diyarî dekirêt, yekiyan «destey arwîn» experimental group e, bo arwînkirdinî ew babet û diyardeyey mebeste le tojînewekeda, ewey dîkeyan «destey kontirol»e, ke wek pêwdang bekar dehênrêt bo pêwan û helsengandinî encamekanî destey arwîn. Emyan bo arwînkirdinî babetî tojîneweke nîye.<br><br>Serçawe:<br>https://study.com/academy/lesson/control-group-definition-lesson-quiz.html |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| expressive language disorder | پەشێویی دەربڕینی زمانەکی | peşêwîy derbirînî zimanekî | پەشێویی دەربڕینی زمانەکی جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). ئەم پەشێوییە دۆخێکی تەمەنپۆشە و تاوی هەیە لەسەر توانستی دەکاربردنی زمان. مرۆڤی گرفتار بەم جۆرە پەشێوییەی زمان باش لە ئاخافتنی کەسانی دیکە تێدەگەن بەڵام کێشەیان هەیە لە دەربڕینی بۆچوونی خۆیان لە ئاخافتندا. پەشێویی دەربڕینی زمانەکی بریتی نییە لە «پەشێویی ئاخافتن» speech disorder، کاریگەریی نییە لەسەر شێوازی گۆکردنی وشە، گرفتێکی زیرەکی نییە.<br>پەشێویی دەربڕینی زمانەکی بریتییە لە کێشەی دەربڕین و ڕاگەیاندن communication ە. ئەم پەشێوییەی دەربڕین دەبێتە کۆسپ بۆ ڕاگەیاندن و بەشکردنی بیر و بۆچوون بۆ کەسانی دیکە و هەروەها بۆ خویاکردنی تێگەیشتنیان لە ئاخافتنی کەسانی دیکە. ئەم باسە لە گشت ژینگەیەکدا ڕوو دەدات، لە فێرگە، لە جێی کار و لە هەر شوێنێکی مرۆڤ تێیدا کارلێکی هەبێت.<br>مرۆڤی گرفتار بە پەشێویی دەربڕینی زمانەکی زۆر جار ڕەنج دەکێشیت بۆ هەڵبستنی ڕستەی واتادار. مرۆڤی وەها پێویستی بە کاتە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و بۆ بەشداری لە گوتوبێژدا. ئەم | Peşêwîy derbirînî zimanekî corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Em peşêwîye doxêkî temenpoşe û tawî heye leser twanistî dekarbirdinî ziman. Mirovî griftar bem core peşêwîyey ziman baş le axaftinî kesanî dîke têdegen belam kêşeyan heye le derbirînî boçûnî xoyan le axaftinda. Peşêwîy derbirînî zimanekî brîtî nîye le «peşêwîy axaftin» speech disorder, karîgerîy nîye leser şêwazî gokirdinî wişe, griftêkî zîrekî nîye.<br><br>Peşêwîy derbirînî zimanekî brîtîye le kêşey derbirîn û rageyandin communication e. Em peşêwîyey derbirîn debête kosp bo rageyandin û beşkirdinî bîr û boçûn bo kesanî dîke û herweha bo xuyakirdinî têgeyiştinyan le axaftinî kesanî dîke. Em base le gişt jîngeyekda rû dedat, le fêrge, le cêy kar û le her şiwênêkî mirov têyda karlêkî hebêt.<br>Mirovî griftar be peşêwîy |
| extracellular | دەرەخانە | derexane | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Extreme Prematurity | نەوەکامیی پەرگیر | newekamîy pergîr | زانی پێش هەفتەی 28 ی دووگیانی کە زانی ئاسایی چل هەفتە دەخایەنێت. کۆرپەلەی وەها پەرگیرانە نەوەکام بەگشتی کێشیان لە کاتی زاندا کەمترە لە یەک کیلۆ. کۆئەندامی گرینگ، وەک دڵ، سی، کۆئەندامی هەرس و تەنانەت مێشک هێند فراژی نین هەتا منداڵەکە توانای ژیانی هەبێت بەبێ چاودێریی چڕیی پزیشکی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www-nationwidechildrens-org.translate.goog/conditions/extreme-prematurity?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=sv&_x_tr_hl=sv&_x_tr_pto_rq | Zanî pêş heftey 28 y dûgiyanî ke zanî asayî çil hefte dexayenêt. Korpeley weha pergîrane newekam begiştî kêşyan le katî zanda kemtire le yek kîlo. Koendamî girîng, wek dil, sî, koendamî hers û tenanet mêşik hênd firajî nîn heta mindaleke twanay jiyanî hebêt bebê çawdêrîy çirîy pizîşkî.<br><br>Serçawe:<br>https://www-nationwidechildrens-org.translate.goog/conditions/extreme-prematurity?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=sv&_x_tr_hl=sv&_x_tr_pto=rq |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| febrile seizures | تاگەشکە | tageşke | گەشکەیەکە دەرهاویشتەی تاداری. و دیاردایەکی باوە لای 5-2% زارۆکی تەمەن سێ مانگ هەتا پێنج ساڵ. لای بەشێکی ئەو خێزانگەلە نەخشێکی میراتبەند لە زاڵەئاوتۆسۆم autosomal dominant دەدۆزرێتەوە. ئەم تاگەشکەیە لای زۆربەی دەردەداران دەبێتە گەشکەیەکی سووکەڵەی نێزیکەی سی چرکەیی. بەڵام جۆری ئاڵۆزیشی هەیە کە نێزیکەی سی خولەک دەخایەنیت وجاریش هەیە لە ماوەی بیستوچوار خولەکدا دووپاتیش دەبێتەوە. شیمانەی فراژیبوونی پەرکەم لە جۆرە سووکەڵەکەی تاگەشکەوە بەرتەنگە بەڵام جۆرە ئاڵۆزەکەی تاگەشکە وابەستەی فرەوانبوونێکی مامناوەندی پەرکەمە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D003294/seizures-febrile | Geşkeyeke derhawîştey tadarî. Û diyardayekî bawe lay %2-5 zarokî temen sê mang heta pênc sal. Lay beşêkî ew xêzangele nexşêkî mîratbend le zaleawtosom autosomal dominant dedozirêtewe. Em tageşkeye lay zorbey derdedaran debête geşkeyekî sûkeley nêzîkey sî çirkeyî. Belam corî alozîşî heye ke nêzîkey sî xulek dexayenît wcarîş heye le mawey bîstuçiwar xulekda dûpatîş debêtewe. Şîmaney firajîbûnî perkem le core sûkelekey tageşkewe bertenge belam core alozekey tageşke wabestey firewanbûnêkî maminawendî perkeme.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D003294/seizures-febrile |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Fetal alcohol syndrome (FAS)<br>Fetal Alcohol Effects (FAE)<br>Fetal Alcohol Spectrum Syndrome (FASS)<br>Fetal Alcohol Spectrum Disorders (FASD) | بەرژەنگی ئاوڵەمەی کحوولزەدە | berjengî awlemey khûlzede | سەیوانەچەمکە بۆ ڕاڤەکردنی نەخشێکی گرفتاری و لادانی وەها کە هۆکاریان دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتی ئاولەمە لەتەک ئێتانۆل ethanol لە ماوەی دووگیانیدا. لێرەدا باس لە شەبەنگێکی بەرینە لە نیشانەگەلی یەکجار جیاواز لە کەسێکەوە بۆ کەسێک، بەڵام بێگومان لانیکەم یەک لەمانە دەگرێتەوە: تێکچوونی ڕووخسار، خەفەبوونی گەشەی ئاوڵەمە، لادان لە شاکۆئەندامی دەماردا، ڕەفتارپەشێوی و/یان تێکچوونی زانیارەکی هەروەها زەدەبوونی ئاوڵەمە. ڕادەی دژواریی زەدەبوونی منداڵەکە مەرج نییە ڕاستەوخۆ وابەستەی ئاستی کحوولخواردنەوەی دایکەکە بێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D063647/fetal-alcohol-spectrum-disorders | Seywaneçemike bo ravekirdinî nexşêkî griftarî û ladanî weha ke hokaryan degerêtewe bo berkewtî awleme letek êtanol ethanol le mawey dûgiyanîda. Lêreda bas le şebengêkî berîne le nîşanegelî yekcar ciyawaz le kesêkewe bo kesêk, belam bêguman lanîkem yek lemane degirêtewe: têkiçûnî rûxsar, xefebûnî geşey awleme, ladan le şakoendamî demarda, reftarpeşêwî w/yan têkiçûnî zanyarekî herweha zedebûnî awleme. Radey dijwarîy zedebûnî mindaleke merc nîye rastewxo wabestey astî khûlxwardinewey dayikeke bêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D063647/fetal-alcohol-spectrum-disorders |
| Fetal Growth Retardation | سستی گەشەی ئاوڵەمە | sistî geşey awleme | ڕەوتی گەشەکردنی ئاوڵەمەکە کورتی دەهێنێت و ناگاتە ئاستی بەرتەمای وابەستەی تەمەن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005317/fetal-growth-retardation | Rewtî geşekirdinî awlemeke kurtî dehênêt û nagate astî bertemay wabestey temen.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005317/fetal-growth-retardation |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Fetal valproate spectrum disorder (FVSD), Fetal Valproate Syndrome (FVS) | بەرژەنگی ڤالپرۆات | berjengî valpirwat | دەردێکی دەگمەنی تێکچوونی ئاوڵەمەیە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتی ئاوڵەمە لەتەک ترشیی ڤالپروات valproic acid (VPA) دا و نیشانەکەی دەبێتە تێکچوونێکی بەرجاوی ڕووخسار، لادانی زگماکی و دواکەوتنی فراژکار (بەتایبەتی زمان و دانوستان).<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.orpha.net/en/disease/detail/1906 | Derdêkî degmenî têkiçûnî awlemeye ke hokarekey degerêtewe bo berkewtî awleme letek tirşîy valpirwat valproic acid (VPA) da û nîşanekey debête têkiçûnêkî bercawî rûxsar, ladanî zigmakî û dûwakewtinî firajkar (betaybetî ziman û danûstan).<br><br>Serçawe:<br>https://www.orpha.net/en/disease/detail/1906 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Fibromyalgia | فیبرۆمیالگیا | fîbiromyalgya | بەرژەنگێکی باوی ڕۆماتیزمی ناجومگەیی nonarticular ە، نیشانەکانی بریتیین لە ژانەماسوولکە myalgia و چەندین خاڵی ژانبەخشی ماسوولکە گەر دەستی لێ بدرێت، (خاڵی ژانورووژێن) trigger points. ئەم ژانەماسوولکەیە بە خامۆشی و سەرما هەڵدەکشێت. ئەم دۆخە زۆرجار نیشانەی گشتیی دیکە دەردەکێش دەکات، وەک خەوشێوان، شەکەتی، سفتبوون، ژانەسەر و خەمۆکی. وێکچوون زۆر هەن لەنێوان فیبرۆمیالگیا و «بەرژەنگی شەکەتیی درێژخایەن»دا. فیبرۆمیالگیا جار هەیە وەک دەردێکی سەرەکی و جاریش هەیە وەک لاوەکی پەیدا دەبێت. بەگشتی لە نێو ژنانی 20-50 ساڵ پتر باوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005356/fibromyalgia | Berjengêkî bawî romatîzmî nacumgeyî nonarticular e, nîşanekanî brîtîyn le janemasûlke myalgia û çendîn xalî janbexşî masûlke ger destî lê bidirêt, (xalî janurûjên) trigger points. Em janemasûlkeye be xamoşî û serma heldekişêt. Em doxe zorcar nîşaney giştîy dîke derdekêş dekat, wek xewişêwan, şeketî, sftbûn, janeser û xemokî. Wêkiçûn zor hen lenêwan fîbiromyalgya û «berjengî şeketîy dirêjxayen»da. Fîbiromyalgya car heye wek derdêkî serekî û carîş heye wek lawekî peyda debêt. Begiştî le nêw jinanî 20-50 sal pitir bawe.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005356/fibromyalgia |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| fluency disorder | پەشێویی زمانپاراوی | peşêwîy zimanparawî | پەشێویی زمانپاراوی جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). پەشێویی زمانپاراوی بریتییە لە کەرتۆڵکردن و ناوبڕکردنی ئاخافتن بە شێوازێکی ئاوارتە (نائاسایی) atypical ی خێرایی، ڕیتم و نارەوانی disfluency ی وەک زمانگرتن Stuttering کە دەکاتەوە فرەپاتکردنەوەی دەنگ، بڕگە، وشە و دەستەواژە، کشاندنی دەنگ sound prolongation. ئەمانەش دەشێت ببنە هۆکار بۆ گرژیی زێدەڕۆ، خۆدزینەوە لە ئاخافتن، ململانێ و ڕەوشتی لاوەکی. پەشێویی دانوستان communication disorder لای کەسانی خاوەن پەشێویی زمانپاراوی زۆر جار دەبێتە هۆکار بۆ پەیدابوونی کێشەی دەروونی، سۆزەکی، خجاکی و هەروەها کارکردەکی.<br><br>ئەم پەشێوییە جۆرێکە لە «پەشێویی زماناندن» Communication, speech, or language disorders<br><br><بۆ کەرتۆڵ بڕوانە جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە، سایتی <«www.mamosta.net<br><br>سەرچاوە: https://www.asha.org/practice-portal/clinical-topics/fluency-disorders/?srsltid=AfmBOorrGR | Peşêwîy zimanparawî corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Peşêwîy zimanparawî brîtîye le kertolkirdin û nawbirkirdinî axaftin be şêwazêkî awarte (naasayî) atypical y xêrayî, rîtim û narewanî disfluency y wek zimangirtin Stuttering ke dekatewe firepatkirdinewey deng, birge, wişe û destewaje, kişandinî deng sound prolongation. Emaneş deşêt bibine hokar bo girjîy zêdero, xodizînewe le axaftin, milmilanê û rewiştî lawekî. Peşêwîy danûstan communication disorder lay kesanî xawen peşêwîy zimanparawî zor car debête hokar bo peydabûnî kêşey derûnî, sozekî, xcakî û herweha karkirdekî.<br><br>Em peşêwîye corêke le «peşêwîy zimanandin» Communication, speech, or language disorders |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| foster home, foster care | پەروەرخانە | perwerxane | خانە پەروەردەکانی منداڵ و نەوجەوانی وەها کە پێویستیان بە بنگە یان خێزانێکی دیکەیە لە دەرەوەی خێزانی بنەڕەتیی خۆیان | Xane perwerdekanî mindal û newcewanî weha ke pêwîstyan be binge yan xêzanêkî dîkeye le derewey xêzanî bineretîy xoyan |
| Fragile X Syndrome | بەرژەنگی تورتە X | berjengî turte X | دۆخێکە لەڕووی ژێنەکییەوە (ژێنۆتایپانە) بریتییە لە بازدانێک لە دوورەکۆتا distal end (کۆتای دوور لە نێوەندەوە) ی درێژەباڵی کرۆمۆسۆمی X (لە ژێنەوار gene loci ی FRAXA یان FRAXE) و لە ڕووی ڕواڵەتەوە (فێنۆتایپانە) بریتییە لە تێکچوونی زانیارەکی، فرەبزێوی، گەشکە Seizures، درەنگکەوتنی زمان، مەزنبوونی سەر، گوێ و گون. لە دۆخی بازدانیی تەواوی FRAXA دا، گرفتاریی هزری نێزیکەی سەرلەبەری نێر و نێزیکەی نیوەی مێ دەگرێتەوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 fragile-x-syndrome/05600 | Doxêke lerûy jênekîyewe (jênotaypane) brîtîye le bazdanêk le dûrekota distal end (kotay dûr le nêwendewe) y dirêjebalî kromosomî X (le jênewar gene loci y FRAXA yan FRAXE) û  le rûy riwaletewe (fênotaypane) brîtîye le têkiçûnî zanyarekî, firebizêwî, geşke Seizures, direngkewtinî ziman, mezinbûnî ser, giwê û gun. Le doxî bazdanîy tewawî FRAXA da, griftarîy hizirî nêzîkey serleberî nêr û nêzîkey nîwey mê degirêtewe.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005600/fragile-x-syndrome |
| frequent | فرەهات، پەیتاپەیتا | firehat, peytapeyta | /…/ | /…/ |
| Frontal lobe | پێشارەپل، تەوێڵەپل | pêşarepl, tewêlepl | نیوەبەشی پێشاری مێشک | Nîwebeşî pêşarî mêşik |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Frozen Watchfulness, Frozen Awareness | هایداریی تەزیو، هوشیاریی تەزیو | haydarîy tezîw, huşiyarîy tezîw | منداڵێکی هەردەم چاودێریی دەوروبەری خۆی دەکات، وریا و زیتە (هایدارە)، بەڵام هاوکات بە لەش ستە (خامۆشە) و بەرانبەر گەورەساڵان گومانداری پێشان دەدات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://creativeservices.psu.edu-client/pcar_nophp/final/module3/3.1.html | Mindalêkî herdem çawdêrîy dewrûberî xoy dekat, wirya û zîte (haydare), belam hawkat be leş siste (xamoşe) û beranber gewresalan gumandarî pêşan dedat.<br><br>Serçawe:<br>https://creativeservices.psu.edu/client/pcar_nophp-final/module3/3.1.html |
| Functional diversity (disability) | کارکردجودایی | karkirdcudayî | /.../ | /.../ |
| Fundus Oculi | بنەچاو | bineçaw | /.../ | /.../ |
| GABA-glutamate balancing | تەرازکردنی GABA-glutamate | terazkirdinî GABA-glutamate | gamma-aminobutyric acid (GABA) and glutamate balancing | Gamma-aminobutyric acid (GABA) and glutamate balancing |
| Gender Dysphoria | جێندەرپەرێشانی | cênderperêşanî | دۆخێکی دەروونییە تێیدا مرۆڤ هەست بە جیاوازییەکی مەزن دەکات لە نێوان ئەو جێندەری خۆی کە بۆخۆی پێی دروستە (ناسنامەی جێندەری) و ئەو جێندەری لە زانەوە بۆی ماوەتەوە و دەوروبەر دەیسەلمێنن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0gender-dysphoria/00068116 | Doxêkî derûnîye têyda mirov hest be ciyawazîyekî mezin dekat le nêwan ew cênderî xoy ke boxoy pêy diruste (nasnamey cênderî) û ew cênderî le zanewe boy mawetewe û dewrûber deyselmênin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D000068116/gender-dysphoria |
| gene locus | ژێنەوار، واری ژێن | jênewar, warî jên | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| gene variant | جیاوازەژێن | ciyawazejên | گۆڕانکارییەکی هەمیشەییە لەو زنجیرە DNA یەدا کە دەبێتە پێکهێنەری ژێن. ئەم گۆڕانکارییەی ژێن زووتر بە «بازدانی ژێنەکی» ناودێر بوو بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لە DNA دا هەمیشە نابێتە هۆی نەخۆشی، ئێستا چەمکی جیاوازەژێن gene variant بە گونجاوتر دەزانرێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://medlineplus.gov/genetics/understanding/mutationsanddisorders/genemutation | Gorankarîyekî hemîşeyîye lew zincîre DNA yeda ke debête pêkhênerî jên.  Em gorankarîyey jên zûtir be «bazdanî jênekî» nawdêr bû belam leber ewey gorankarî le DNA da hemîşe nabête hoy nexoşî, êsta çemikî ciyawazejên gene variant be guncawtir dezanrêt.<br><br>Serçawe:<br>https://medlineplus.gov/genetics/understanding/mutationsanddisorders/genemutation |
| gene, genetic | ژێن، ژێنەکی | jên, jênekî | سەرنج بفەرموون کە genetic ی ڕەنگدێر (ئاوەڵناو) دەبێتە ژێنەکی، وەک دەشتەکی بەڵام genetics ی توێژینەوە و زانسەت دەبێتە ژێنناسی. | Serinc bfermûn ke genetic y rengdêr (awelnaw) debête jênekî, wek deştekî belam genetics y tojînewe û zanset debête jênnasî. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| genetic divergence | ژێنجودایی | jêncudayî | مەبەست پێڤاژۆی گردکردنەوەی ژێنی جیاواز لە دوو یان زیادتری بەرەدایباب بەدەم کاتەوە کە دەبێتە هۆکار بۆ فرەڕەنگیی ژێنەکی.ئەم جودابیە دەشێت بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن بۆ بڕیاردان لە ئاستی ژێنجودایی لە نیو جۆرە بوونەوەرێکی تایبەتدا، کە گرینگە بۆ فراژاندنی بەرنامەی چوستی بارهێنان و هەڵبژاردنی ژێنۆتایپ genotype ی بەرخواست.<br><br>سەرچاوە:<br>https://taylorandfrancis.com/knowledge/Medicine_and_healthcare/Physiology/Genetic_divergence/ | Mebest pêvajoy girdkirdinewey jênî ciyawaz le dû yan ziyadtirî beredaybab bedem katewe ke debête hokar bo firerengîy jênekî.em cudayîye deşêt bixirête ber helsengandin bo biryardan le astî jêncudayî le nîw core bûnewerêkî taybetda, ke girînge bo firajandinî bernamey çustî barhênan û helbijardinî jênotayp genotype y berxwast.<br><br>Serçawe:<br>https://taylorandfrancis.com/knowledge/Medicine_and_healthcare/Physiology/Genetic_divergence/ |
| genetic Engineering, genetic Intervention, gene technology | ژێنسازی | jênsazî | زانستی دەستکاریی تێکبەستەی ژێن لای بوونەوەری زیندەڵ لەڕێی تەکنیکی گۆڕینی DNA، گۆڕینی کەرەستەی ژێنەکی بە کۆمەکی بۆ نموونە ڤایرۆس، چاندنی ناوکەخانە nuclei، چاندنی خانەی دووڕەگە cell hybrids و هتد.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005818/genetic-engineering | Zanistî destkariy tekbestey jên lay bûnewerî zîndel lerêy teknîkî gorînî DNA, gorînî kerestey jênekî be komekî bo nimûne vayros, çandinî nawkexane nuclei, çandinî xaney dûrege cell hybrids û htd.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005818/genetic-engineering |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| genetic mutation | بازدانی ژێنەکی | bazdanî jênekî | گۆڕین لە زنجیرەی DNAی ژێندا کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جۆری دیکە. | Gorîn le zincîrey DNAî jênda ke debête hoy berhemhênanî corî dîke. |
| genetics | ژێنناسی | jênnasî | تۆژینەوە و زانستی سەربە بواری زگماک heredity بەگشتی و «ژێن» بە تایبەتی. ژێنناسی دەبێتە شاستوونێک نێو زندەناسی biology و تێکەڵ بە چەندین بواری دیکە دەبێت، وەک کشتوکاڵ، پزیشکی و بایوتەکنیک.<br><br>سەرچاوە: https://www.britannica.com/science/genetics | Tojînewe û zanistî serbe buwarî zigmak heredity begiştî û «jên» be taybetî. Jênnasî debête şastûnêk nêw zindenasî biology û têkel be çendîn buwarî dîke debêt, wek kiştukal, pizîşkî û bayoteknîk.<br><br>Serçawe: https://www.britannica.com/science/genetics |
| genotype | ژێنۆتایپ | jênotayp | ئادگاری وردی ژێنەکیی تاکێک، بەگشتی لە شێوەی DNA-دا. DNAی دروست خاوەنی «نەخشە»یەکە بۆ دارشتنی «فێنۆتایپ»ی ئەو تاکە. | Adgarî wirdî jênekîy takêk, begiştî le şêwey DNA-da. DNAî dirust xawenî «nexşe»yeke bo darîştinî «fênotayp»î ew take. |
| Genotyping | دیاریکردنی ژێنۆتایپ | diyarîkirdinî jênotayp | دیاریکردنی ساختاری ژێنەکیی تاکی بوونەوەر. | Diyarîkirdinî saxtarî jênekîy takî bûnewer. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| glaucoma | ڕەشاو (گلاوکۆما) | reşaw (gilawkoma) | دەردێکی جاوە چەندین شێوەی هەیە و دەبێتە هۆی پەساتنی نەسرەوت و بەرزی نێوچاو intraocular و ئەمیش دەبێتە هۆی زەدەبوونی ساختار و داهێزانی دیدە. ئەو هەڵکشانی پەستانە، بەگوێرەی جۆر و ئاستەکەی، دەبێتە مایەی کێشەی جۆراوجۆر، بۆ نموونە بنکۆڵکردنی دەماری دیدە optic disc, optic nerve head، گرژبوونی گۆی چاو eyeball، سڕبوونی کۆرنیە corneal anesthesia، داهێزانی وردەبینی، تامار (خەرمانە) بەدەوری سەرچاوەی رووناکیدا، پەشێوی لە تاریکبینیدا، شێوانی کایەی بەردید و ژانەسەر.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005901/glaucoma | Derdêkî cawe çendîn şêwey heye û debête hoy pesatinî nesrewt û berzî nêwçaw intraocular û emîş debête hoy zedebûnî saxtar û dahêzanî dîde. Ew helkişanî pestane, begiwêrey cor û astekey, debête mayey kêşey corawcor, bo nimûne binkolkirdinî demarî dîde optic disc, optic nerve head, girijbûnî goy çaw eyeball, sirbûnî kornîye corneal anesthesia, dahêzanî wirdebînî, tamar (xermane) bedewrî serçawey rûnakîda, peşêwî le tarîkbînîda, şêwanî kayey berdîd û janeser.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D005901/glaucoma |
| Glutamic acid | ترشی گلوتامات | tirşî gilutamat | /.../ | /.../ |
| Glycosaminoglycans, mucopolysaccharides | گلیکۆزئامینۆگلیکان | gilîkozamînogilîkan | /.../ | /.../ |
| Gram stain, Gram staining, Gram's method | ڕەنگاندنی Gram | rengandinî Gram | ڕێبازێکە بۆ پۆلێنکردنی باکتێریا لە داهێنانی زانای دانمارکی Hans Christian Gram کە تێیدا باکتێریا دەکرێنە دوو شاپۆل: باکتێریای Gram-ئایاو Gram-positive bacteria و باکتێریای Gram-نایاو Gram-negative bacteria. | Rêbazêke bo polênkirdinî bakitêrya le dahênanî zanay danimarkî Hans Christian Gram ke têyda bakitêrya dekirêne dû şapol: bakitêryay Gram-ayaw Gram-positive bacteria û bakitêryay Gram-nayaw Gram-negative bacteria. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Griffiths III, Griffiths Scales of Child Development | ئارویني Griffiths III | Griffiths III arwînî | ئامرازێکی ئاروینکردنە بۆ هەڵسەنگاندنی فراژووتن کە دەکرێت لە زانەوە هەتا تەمەنی شەش ساڵی (72 مانگ) بەکار بهێنرێت. Griffiths III جگە لە پێشکەش کردنی پێوانەیەکی تێکبەستە دەربارەی فراژووتنی منداڵەکە، وێنەیەکیش دەبەخشێت دەربارەی لایەنی بەهێز و لاوازی منداڵەکە لە پێنج بواردا: بناخەکانی فێربوون، زمان و دانوستان، هاوسەمای-دەست-و-چاو، کەسایەتی-جڤاکی-سۆزەکی و هەروەها بزاوتی درشت.<br><br>دوا نموونەی لە لایەن Association for Research in Infant and Child Development (ARICD) لە وەڵاتانی بریتانیا و ئیرلاند ساڵی 2015 بڕیاری لێ درا.<br><br>سەرچاوە: https://hogrefe.se/klinisk-psykologi/griffiths-lll/ | Amirazêkî arwînkirdine bo helsengandinî firajûtin ke dekirêt le zanewe heta temenî şeş salî (72 mang) bekar bihênrêt. Griffiths III cige le pêşkeş kirdinî pêwaneyekî têkbeste derbarey firajûtinî mindaleke, wêneyekîş debexşêt derbarey layenî behêz û lawazî mindaleke le pênc buwarda: binaxekanî fêrbûn, ziman û danûstan, hawsemay-dest-u-çaw, kesayetî-civakî-sozekî û herweha bizawtî dirişt.<br><br>Dûwa nimûney le layen Association for Research in Infant and Child Development (ARICD) le welatanî birîtanya û îrland salî 2015 biryarî lê dira.<br><br>Serçawe: https://hogrefe.se/klinisk-psykologi/griffiths-lll/ |
| hallucination | وڕێنە | wirêne | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Hamartoma | هامارتۆم | hamartom | تێکچوونێکی ڕیشاڵی ناوچەگیرە بە لوو دەچێت کە دەرهاویشتەی زێدە پەرسەندنی خانە و شانەگەلەی گەییوە کە لە باری ئاساییدا لەو ناوچەیەدا پەیدا دەبن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 hamartoma/06222 | Têkiçûnêkî rîşalî nawçegîre be lû deçêt ke derhawîştey zêde persendinî xane û şanegeley geyîwe ke le barî asayîda lew nawçeyeda peyda debin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D006222/hamartoma |
| Hemiplegia, Hemiparesis | نیوفەلەجی گرژۆڵ | nîwfelecî girjol | بەشێکە لە بزاوتپەشێوی کە دەرهاویشتەی مێشکەفەلەجە. نیوفەلەجی گرژۆڵ دەبێتە گرژۆڵبوونی نیوەلای لەش، لای ڕاس تان لای چەپ. بۆ بەراورد بڕوانە بڕوانە دووفەلەجی کرژۆڵ و چوارفەلەجی گرژۆڵ. | Beşêke le bizawtpeşêwî ke derhawîştey mêşikefelece. Nîwfelecî girjol debête girjolbûnî nîwelay leş, lay ras tan lay çep. bo berawird birwane birwane dûfelecî kirjol û çiwarfelecî girjol. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| heritability | میراتبەندی | mîratbendî | چەمکێکە لە بواری ژێنناسیی چەندەکی Quantitative genetics دا بەکار دەبرێت وەک پێوەر بۆ ڕادەی پەیوەستی ئادگارە جیاوازییەکانی بوونەوەر لە نێو گەلدا (بۆ نموونە باڵ، ڕەنگی چاو...) بە جیاوازیی ژێنەکییەوە. میراتبەندی ژمارەیەکە لە نێوان سف و یەکدا، یان ڕێژەی سەدییە 0% هەتا 100%. گەر میراتبەندیی جیاوازییەک بگاتە ژمارە یەک واتا ئەو جیاوازییە سەد لە سەد ژێنبەندە، گەر میراتبەندییەکە سفر بوو ئەوا هیچ وابەستەی هۆکاری ژێنەکی نییە. گەر بە نموونە گوترا میراتبەندیی بڕی شیری مانگا 0,25 (25%) واتا 75% ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دیکەی، نەک بۆ ژێن و میرات.<br><br>سەرچاوە: https://sv.wikipedia.org/wiki/Heritabilitet | Çemikêke le buwarî jênnasîy çendekî Quantitative genetics da bekar debirêt wek pêwer bo radey peywestî adgare ciyawazîyekanî bûnewer le nêw gelda (bo nimûne bal, rengî çaw...) Be ciyawazîy jênekîyewe. Mîratbendî jimareyeke le nêwan sf û yekda, yan rêjey sedîye %0 heta %100. Ger mîratbendîy ciyawazîyek bigate jimare yek wata ew ciyawazîye sed le sed jênbende, ger mîratbendîyeke sfir bû ewa hîç wabestey hokarî jênekî nîye. Ger be nimûne gutira mîratbendîy birî şîrî manga 0,25 (%25) wata %75 ew diyardeye degerêtewe bo hokarî dîkey, nek bo jên û mîrat.<br><br>Serçawe: https://sv.wikipedia.org/wiki/Heritabilitet |
| heterogametic sex | جوداگامێت زایەند | cudagamêt zayend | وەک نێری مرۆڤ کە خاوەنی کرۆمۆسۆمی XY ە. | Wek nêrî mirov ke xawenî kromosomî XY e. |
| heterosexuality | جیاخوازەتی، جیازایەندخوازی | ciyaxwazetî, ciyazayendxwazî | جیازایەندخوازی، مەیلی سێکسی بۆ کەسێکی سەربە زایەندەکەی دیکە | Ciyazayendxwazî, meylî sêksî bo kesêkî serbe zayendekey dîke |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| high chair | بەرزەکورسی | berzekursî | کورسیی تایبەت بە خواردنی منداڵ | Kursîy taybet be xwardinî mindal |
| homogametic sex | هاوگامێت زایەند | hawgamêt zayend | وەک مێی مرۆڤ کە خاوەنی کرۆمۆسۆمی XX ە. | Wek mêy mirov ke xawenî kromosomî XX e. |
| homologous, homologue | هاوڕەنگ، وێکچوو | hawreng, wêkiçû | /.../ | /.../ |
| homosexuality | هاوخوازەتی، هاوزایەندخوازی | hawxwazetî, hawzayendxwazî | هاوزایەندخوازی، مەیلی سێکسی بۆ کەسێکی سەربە هەمان زایەندی خۆ | Hawzayendxwazî, meylî sêksî bo kesêkî serbe heman zayendî xo |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Huntington disease | دەردی Huntington | derdî Huntington | دەردێکی زگماکی زاڵەئاوتۆسۆماتە دەبێتە هۆی دەردەسەمای Sydenham (کۆریای Sydenham's chorea) و دێمێنس Dementia لە تەمەنی 40-50 ساڵیدا. نیشانە بەراییە باوەکانی ئەم دەردە بریتین لە پارانۆیا paranoia (بەدگومانی)، جرپنی، خەمۆکی، وڕێنە و چەوتەباوەڕ. پاشان کیشەی دیکەی لێ دەزێت، وەک داهیزانی هزری، لەدەستدانی کۆنترۆڵی وردەبزاوت، ئاتێتۆس athetosis، دەردەسەما (کۆریا)ی پەلهاویشتە بۆ ماسوولکەی سەرەکی و ماسوولکەی پەلەکان و ئەمانەش نێزیکەی دو تا پازدەساڵ دوای نۆنەخشەی ئەم دەردە دەبنە مایەی دۆخێکی بزاوتی لافەرمان vegetative state (جەرخانی خواستبەدەر و ئاگابەدەری کارکردە لەشەکییەکان). جۆرە منداڵییەکەی ئەم دەردە ڕەوتێکی پتر ناگەهانی هەیە لە گەشکە، ئاتاکسیا (لاسەنگی) ataxia، دێمێنس و دەردەسەما.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D006816/huntington-disease | Derdekî zigmakî zaleawtosomate debête hoy derdesemay Sydenham (koryay Sydenham's chorea) û dêmêns Dementia le temenî 40-50 salîda. Nîşane berayîye bawekanî em derde brîtîn le paranoya paranoia (bedgumanî), crpnî, xemokî, wirêne û çewtebawer. Paşan kîşey dîkey lê dezêt, wek dahîzanî hizirî, ledestdanî kontirolî wirdebizawt, atêtos athetosis, derdesema (korya)î pelhawîşte bo masûlkey serekî û masûlkey pelekan û emaneş nêzîkey du ta pazde sal dûway nonexşey em derde debine mayey doxêkî bizawtî laferman vegetative state (cerxanî xwastbeder û agabederî karkirde leşekîyekan). Core mindalîyekey em derde rewtêkî pitir nagehanî heye le geşke, ataksya (lasengî) ataxia, dêmêns û derdesema.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D006816/huntington-disease |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Hydrocephalus | ئاوەسەر | aweser | گردبوونەوەیەکی لەڕادەبەدەر فرەی شلەی مێشک و دڕکەمێشک cerebrospinal لە کاژەڵەدا کە دەشێت وابەستەی ئەم دیرادەگەکە بن: کشانی سکۆڵە ventricle کانی مێشک، یان پەستانی نێوکاژەڵە Intracranial Hypertension، ژانەسەر، داهیزران lethargy، میزنی Urinary Incontinence و ئاتاکسیا Ataxia.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D006849/hydrocephalus | Girdbûneweyekî leradebeder firey şiley mêşik û dirkemêşik cerebrospinal le kajeleda ke deşêt wabestey em dîradegeke bin: kişanî sikole ventricle kanî mêşik, yan pestanî nêwkajele Intracranial Hypertension, janeser, dahîziran lethargy, mîzinî Urinary Incontinence û ataksya Ataxia.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D006849/hydrocephalus |
| hyperammonemia | بەرزەئامۆنیا | berzeamonya | تێکچوونی مێتابۆلیزم کە دەبێتە هۆی هەڵکشانی ئاستی ئامۆنیا لە خوێندا.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D022124/hyperammonemia | Têkiçûnî mêtabolîzm ke debête hoy helkişanî astî amonya le xwênda.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D022124/hyperammonemia |
| Hyperkinesis | فرەبزۆزی | firebizozî | جووڵەیەکی لەڕادەبەدەر زۆری ماسوولکەی سەرلەبەری لەش کە دەشێت وابەستەی کێشەیەکی لەشەکی بێت یان پەشێوییەکی دەروونی.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D006948/hyperkinesis | Cûleyekî leradebeder zorî masûlkey serleberî leş ke deşêt wabestey kêşeyekî leşekî bêt yan peşêwîyekî derûnî.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D006948/hyperkinesis |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Hypersexuality Disorder, Compulsive Sexual Behavior Disorder | پەشێویی زایەندەکیی زێدەڕۆ | peşêwîy zayendekîy zêdero | نەخشێکی شێلگیرە لە بەدجڵەوی بەرانبەر دنە و ئارەزووی زایەندخوازانەی چڕ و فرەپات کە دەبنە مایەی ڕەفتاری فرەپاتی زایەندەکی. نیشانەکانی ئەم پەرۆشییە بریتیین لەوەی ڕەفتاری فرەپاتی زایەندەکەی شابەشی گوزەرانی ئەو کەسە داگیر دەکەن و بەڕادەیەکن تاوی نایاویان دەبێت لەسەر کار، ساخڵەمی، خولیا و چالاکیی دیکەی ئەو مرۆڤە. هەورەها زۆر هەوڵی بێسوود بۆ کەمکردنەوەی فرەپاتبوونەوەی ڕەفتاری زایەندەکی و سەرباری ئەوەش بەردەوامبوون لەسەر ڕەفتاری فرەپاتی زایەندەکی وێرای کەمی یان هەر نەبوونی چێژبەخشی و وێرای ئەنجامی نایاو.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 -compulsive-sexual/00096583 behavior-disorder | Nexşêkî şêlgîre le bedcilewî beranber dine û arezûy zayendxwazaney çir û firepat ke debine mayey reftarî firepatî zayendekî. Nîşanekanî em peroşîye brîtîyn lewey reftarî firepatî zayendekey şabeşî guzeranî ew kese dagîr deken û beradeyekin tawî nayawyan debêt leser kar, saxlemî, xulya û çalakîy dîkey ew mirove. Hewreha zor hewilî bêsûd bo kemkirdinewey firepatbûnewey reftarî zayendekî û serbarî eweş berdewambûn leser reftarî firepatî zayendekî wêray kemî yan her nebûnî çêjbexşî û wêray encamî nayaw.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D000096583/compulsive-sexual-behavior-disorder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| hyperventilation | هەناسەبڕکێ | henasebirkê | هەناسەی قووڵ و خێرای زیاد لە پێویستیی میتابۆلەکی (زیندەپاڵەکی) بۆ گازگۆڕکێ لە لەشدا. هۆکاری هەناسەبڕکێ دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی فرەپاتبوونەوەی هەناسەدان یان زیادبوونی بڕی هەوا هەناسەکە یان تێهەڵکێشی هەردووکیان. هەناسەبڕکێ دەبێتە هۆی زیادبوونی ئۆکسیژین oxygen ی هەڵمشتە و دایۆکسیدی کاربۆنی دەرکردە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D006985/hyperventilation | Henasey qûl û xêray ziyad le pêwîstîy mîtabolekî (zîndepalekî) bo gazgorkê le leşda. Hokarî henasebirkê degerêtewe bo ziyadbûnî firepatbûnewey henasedan yan ziyadbûnî birî hewa henaseke yan têhelkêşî herdûkiyan. Henasebirkê debête hoy ziyadbûnî oksîjîn oxygen y helimişte û dayoksîdî karbonî derikirde.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D006985/hyperventilation |
| hypnagogic hallucinations | وڕێنەی خەولێخەر | wirêney xewlêxer | /.../ | /.../ |
| Hypogonadism | هایپۆگۆنادیزم | haypogonadîzm | دۆخێکە تێیدا ڕژێنەی زایەندەکی فرە سستن کە دەبێتە هۆی کورتهێنانی پێڤاژۆی گەشەی لەش و فراژووتنی زایەندەکی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D007006/hypogonadism | Doxêke têyda rijêney zayendekî fire sistin ke debête hoy kurthênanî pêvajoy geşey leş û firajûtinî zayendekî.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D007006/hypogonadism |
| hypomelanotic macules | پەڵەی کەمڕەنگی | peley kemirengî | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Hypothyroidism | لاوازیی تیرۆئید | lawazîy tîroîd | دەردێکی کلینیکییە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمکاریی ڕژێنەی تیرۆئید و لەویشەوە بۆ کەمیی ئەو هۆرمۆنانەی دەری دەکات. ئەمە دەبێتە هۆی لاوازی مێتابۆلیزم (زیندەپاڵ) و وێنە هەرە دژوارەکەی دەبێتە هۆی گردبوونەوەی «گلیکۆزئامینۆگلیکان» Glycosaminoglycans لە پێستدا و ئەمیش دەبێتە هۆی ئاوسانێک پێی دەگوترێت میکسۆدێما Myxedema. گەر دۆخەکە زگماک بێت ئەوا دەبێتە هۆی کورتهێنانی فراژووتنی دەرک و لەش کە بە گرگنی Cretinism ناودێرە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 hypothyroidism/07037 | Derdêkî kilînîkîye hokarekey degerêtewe bo kemkarîy rijêney tîroîd û lewîşewe bo kemîy ew horimonaney derî dekat. Eme debête hoy lawazî mêtabolîzm (zîndepal) û wêne here dijwarekey debête hoy girdbûnewey «gilîkozamînogilîkan» Glycosaminoglycans le pêstda û emîş debête hoy awsanêk pêy degutirêt mîksodêma Myxedema. Ger doxeke zigmak bêt ewa debête hoy kurthênanî firajûtinî derik û leş ke be girgnî Cretinism nawdêre.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D007037/hypothyroidism |
| idiosyncrasy | نامۆخوو | namoxû | خوو، ڕەفتار و ئادگارێکی تایبەت، ناوازە و سەیر کەسێک یان شتێک هەیبێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://dictionary.cambridge.org/sv/ordbok/engelska/idiosyncrasy | Xû, reftar û adgarêkî taybet, nawaze û seyr kesêk yan şitêk heybêt.<br><br>Serçawe:<br>https://dictionary.cambridge.org/sv/ordbok/engelska/idiosyncrasy |
| immune function | کارکردی بەرگری | karkirdî bergirî | /…/ | /…/ |
| inadvisable | ئامۆژبەدەر | amojbeder | /…/ | /…/ |
| inflammation | هەوکردن | hewkirdin | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Inhibitory control | جڵەوی خەفەکار | cilewî xefekar | توانستی خەفەکردن و جڵەوگرتنی ڕەفتاری نابەجێ، جرپنی و بەرتەکی نالەبار | Twanistî xefekirdin û cilewgirtinî reftarî nabecê, crpnî û bertekî nalebar |
| Intellectual Disability (ID), Intellectual developmental Disorder (IDD) | گرفتاریی هزری، فراژپەشێویی هزری | griftarîy hizirî, firajpeşêwîy hizirî | گرفتاریی هزری جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). ئەم پەشێوییە دۆخێکی هۆشەکییە تاوی هەیە لەسەر کارکردی دوو بوار:<br>- کارکردی هزی، وەک فێربوون، چارەدۆزیی کێشە، هەڵسەنگاندن و دادوەری.<br>- کارکردی سازان، وەک چالاکیی ڕۆژانە، دانوستان و بەشداریی جڤاکی.<br><br>تاوی گرفتاریی هزری پلەی جۆراوجۆری هەیە. مرۆڤ هەیە ئەم پەشێوییەی کەم پێوە دیارە و دەتوانێت گوزەرانێکی سەربەخۆی هەبێت. مرۆڤی دیکە هەیە تاوی دۆخەکەی هێند سەختە کە پێویستی بە پشتیوانی و کۆمەکی تەمەنپۆش هەیە. هەڵەتێگەیشتنێکی باو هەیە پێی وەهایە گرفتاریی هزری بریتییە لە سنووردارییەکی زیرەکی کە دەکرێت بە ئاروین (تێست) ێکی ساکاری زیرەکی IQ دیاری بکرێت. ئاروینی IQ تەنها یەک بەشی ئاگادارییە. مرۆڤ هەیە خاوەن IQ ی مامناوەند یان بەرزتریش بەڵام کێشەیان لەگەڵ کارامەیی دیکەدا هەیە کە گرینگن بۆ گوزەرانی ڕۆژانە. کەسانی دیکە هەن ئاستی IQ لایان نزمترە لە مامناوەند بەڵام توانست و کارامەیی دیکەیان هێند بەهێزە پێوەرەکانی گرفتاریی هزری نایانگرێتەوە، یان دەیانگرێتەوە | Griftarîy hizirî corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Em peşêwîye doxêkî hoşekîye tawî heye leser karkirdî dû buwar:<br>- karkirdî hzî, wek fêrbûn, çaredozîy kêşe, helsengandin û dadwerî.<br>- karkirdî sazan, wek çalakîy rojane, danûstan û beşdarîy civakî.<br><br>Tawî griftarîy hizirî piley corawcorî heye. Mirov heye em peşêwîyey kem pêwe diyare û detwanêt guzeranêkî serbexoy hebêt. Mirovî dîke heye tawî doxekey hênd sexte ke pêwîstî be piştîwanî û komekî temenpoş heye. Heletêgeyiştinêkî baw heye pêy wehaye griftarîy hizirî brîtîye le sinûrdarîyekî zîrekî ke dekirêt be arwîn (têst) êkî sakarî zîrekî IQ diyarî bikirêt. Arwînî IQ tenha yek beşî agadarîye. Mirov heye xawen IQ y maminawend yan beriztirîş belam kêşeyan legel karameyî dîkeda heye ke |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Intellectually Gifted | بەهرەداری هزری | behredarî hizirî | بلیمەت، زارۆکی بەهرەدار مرۆڤێکە خاوەن توانستێکی هزری، ئافراندن و بەرهەمکاریی فرە بەرزتر لە ئاستی بەرنامە گشتییە جۆراوجۆرەکانی خوێندن. ئەمەش کاریگەریی نایاوی دەبێت لەسەر ئەنجامی خوێندنەکەی ئەو منداڵە کە پێویستی بە دارشتنی بەرنامە و دابینکردنی ڕاژەی تایبەتە.<br><br>سەرچاوە: https://www.tn.gov/education/-families/student-support/special-education/intellectually gifted.html | Bilîmet, zarokî behredar mirovêke xawen twanistêkî hizirî, afirandin û berhemkarîy fire beriztir le astî bername giştîye corawcorekanî xwêndin. Emeş karîgerîy nayawî debêt leser encamî xwêndinekey ew mindale ke pêwîstî be dariştinî bername û dabînkirdinî rajey taybete.<br><br>Serçawe: https://www.tn.gov/education/families/student-support/special-education/intellectually-gifted.html |
| Intelligence quotient | ڕادەی زیرەکی، ئارویَنی زیرەکی | radey zîrekî, arwînî zîrekî | /.../ | /.../ |
| intensive care unit (ICU), intensive therapy unit, intensive treatment unit (ITU), critical care unit (CCU) | هۆبەی چاودێریی چڕ | hobey çawdêrîy çir | بەشی تایبەتە لە نەخۆشخانە بۆ چاودێریی چڕ و بەردەوامی نەخۆشی خاوەن پێویستیی دژوار. | Beşî taybete le nexoşxane bo çawdêrîy çir û berdewamî nexoşî xawen pêwîstîy dijwar. |
| intention tremor, action tremor | لەرزەبزاوت | lerzebizawt | لەرزینێکە بەدەم جووڵەی بەرنیاز و مەبەستدار دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئاماژەدان بە شتێک و خۆ لارکردنەوە بۆ مەبەستێک. ئەم بزاوتلەرزەیە دەرهاویشتەی نەخۆشییە لە مێشکۆڵە Cerebellum دا. | Lerzînêke bedem cûley berniyaz û mebestdar derdekewêt, bo nimûne amajedan be şitêk û xo larkirdinewe bo mebestêk. Em bizawtlerzeye derhawîştey nexoşîye le mêşikole Cerebellum da. |
| irregular | نادارماڵ، بەرزونزم، ڕێسابەدەر | nadarmal, berzunizim, rêsabeder | /.../ | /.../ |

| karyotype | کاریۆتایپ | karyotayp | نەخشەی کرۆمۆسۆم | Nexşey kromosom |
|---|---|---|---|---|
| Klinefelter Syndrome | بەرژەنگی Klinefelter | berjengî Klinefelter | جۆرێکە لە Hypogonadism ی نێر، کە بریتییە لە پەیدابوونی کرۆمۆسۆمێکی زێدەی X، بچووکی گون، تێکچوونی تۆوبەر، هەڵکشانی ئاستی لووی زایەندەکی گۆنادۆترۆپین Gonadotropin، داکشانی تێستۆسترۆن Testosterone لە خوێناوگ (سێرۆم) serum دا، کورتهێنانی فراژووتنی ئادگاری لاوەکیی زایەندبەند (ئەو ئادگارانەی نێر و مێ جودا دەکەنەوە وەک ئەندازەی لەش، ئەندازە و فراژووتنی سنگ و مەمک، گرژیی دەنگ... هتد) و «نەزۆکیی نێر» Male Infertility. کەسانی دەردەدار بەگشتی خاوەن لەشێکی باریک و درێژن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 klinefelter-syndrome/07713 | corêke le Hypogonadism y nêr, ke brîtîye le peydabûnî kromosomêkî zêdey X, biçûkî gun, têkiçûnî towber, helkişanî astî lûy zayendekî gonadotiropîn Gonadotropin, dakişanî têstostiron Testosterone le xwênawg (sêrom) serum da, kurthênanî firajûtinî adgarî lawekîy zayendbend (ew adgaraney nêr û mê cuda dekenewe wek endazey leş, endaze û firajûtinî sing û memik, girjîy deng... htd) û «nezokîy nêr» Male Infertility. kesanî derdedar begiştî xawen leşêkî barîk û dirêjin.<br><br>serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D007713/klinefelter-syndrome |
| Kussmaul breathing | هەناسەدانی کوسمال | henasedanî kusmal | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Landau-Kleffner Syndrome | بەرژەنگی Landau-Kleffner | berjengî Landau-Kleffner | بەرژەنگێکە، کە لای منداڵی وەکی کە ئاسایین، لە تەمەنی 4-7 ساڵان، دەبێتە هۆی وردە زمانپەشێویی و ڕەنگدانەوەی پەرکەمرەنگ لە EEG دا. گەشکەی هەمەجۆری وەک «بوورانەوەی پەرکەم» absence epilepsy و «پەرکەمی بەشەکیی تێکبەستە» complex partial epilepsy پەیدا دەبن. وەها باوە کە هێرشەکانی پەرکەم و لادانەکانی EEG لە تەمەنی هەراشبوونی دەمەو هەرزەکاریدا پاشەکشە دەکەن. زمانپەشێوییش پاشەکشە دەکات بەڵام لای زۆر کەس کێشەی دژواریی زمانەکیی وەک «زمانگیری» (ئافازی) aphasia و پەینەبرد (ئاگنۆسی) agnosia بەردەوام دەبن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D018887/landau-kleffner-syndrome | Berjengêke, ke lay mindalî wekî ke asayîn, le temenî 4-7 salan, debête hoy wirde zimanpeşêwîy û rengdanewey perkemireng le EEG da. Geşkey hemecorî wek «bûranewey perkem» absence epilepsy û «perkemî beşekîy têkbeste» complex partial epilepsy peyda debin. Weha bawe ke hêrişekanî perkem û ladanekanî EEG le temenî heraşbûnî demew herzekarîda paşekişe deken. Zimanpeşêwîyş paşekişe dekat belam lay zor kes kêşey dijwarîy zimanekîy wek «zimangîrî» (afazî) aphasia û peynebird (agnosî) agnosia berdewam debin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D018887/landau-kleffner-syndrome |
| learning ability | توانستی فێربوون | twanistî fêrbûn | /.../ | /.../ |
| learning disability | گرفتاریی فێربوون | griftarîy fêrbûn | /.../ | /.../ |
| learning disorder | پەشێویی فێربوون | peşêwîy fêrbûn | /.../ | /.../ |
| literary science<br>literary studies | ئەدەبناسی | edebinasî | /.../ | /.../ |
| lower respiratory tract | کۆئەندامی خوارووی هەناسە | koendamî xwarûy henase | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| macular degeneration | دارزانی زەردەلەکە | darzanî zerdeleke | دارزانی زەردەلەکەی پەردەی چاو، بەزۆری بەهۆی تەمەنەوە، دەبێتە هۆی سۆماکولی لە نێوەندی کایەی بینابیدا (زەردەلەکە Macula Lutea) بەهۆی زەدەبوونی تۆڕینە (تۆڕینەی چاو) retina. دارزانی زەردەلەکە دوو جۆری هەیە، وشک و تەڕ. سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D008268/macular-degeneration | Darzanî zerdelekey perdey çaw, bezorî behoy temenewe, debête hoy somakulî le nêwendî kayey bînayîda (zerdeleke Macula Lutea) behoy zedebûnî torîne (torîney çaw) retina. Darzanî zerdeleke dû corî heye, wişk û ter. Sercawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D008268/macular-degeneration |
| malignant | هار، بەدرەوت، کوشندە, مەترسیدار | har, bedrewt, kuşinde, metirsîdar | لووەهارە، لووی بەدرەوت یان کوشندە malignant tumor. بۆ بەراورد بروانە لووەخاسە benign tumor | Lûwehare, lûy bedrewt yan kuşinde malignant tumor. Bo berawird birwane Lûwexase benign tumor |
| Mannerism | خۆنواندن | xoniwandin | /.../ | /.../ |
| measurable | بەرپێوان | berpêwan | /.../ | /.../ |
| mediated | نێوانساز | nêwansaz | /.../ | /.../ |
| Melatonin | مێلاتۆنین | mêlatonîn | /.../ | /.../ |
| memory | یادگە | yadge | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| mental disorders | هۆشپەشێوی | hoşpeşêwî | دۆخێکە لە نەخۆشیی هۆشەکی، نیشانەکانی بریتین لە کورتهێنانی توانستی خۆگونجاندن کە بەپلەی یەکەم وەک لادان خویا دەبێت لە بیر، هەست و ڕەفتاردا و دەبێتە مایەی نیگەرانی و/یان کاکردشێوان.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001523/mental-disorders | Doxêke le nexoşîy hoşekî, nîşanekanî brîtîn le kurthênanî twanistî xoguncandin ke bepiley yekem wek ladan xuya debêt le bîr, hest û reftarda û debête mayey nîgeranî w/yan kakirdşêwan.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D001523/mental-disorders |
| mental retardation | هۆشکولی | hoşkulî | بڕوانە «گرفتاریی هزری» Intellectual Disability (ID) | Birwane «griftarîy hizirî» Intellectual Disability (ID) |
| Metabolism | مێتابۆلیزم، زیندەپاڵ | mêtabolîzm, zîndepal | ئەو کارلێکە کیمیاکارەیە کە لە لەشی زیندەوەردا وزە دابین دەکات بۆ پێڤازۆ و چالاکی و خۆراکی نوێ هەرس دەکات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D008660/metabolism | Ew karlêke kîmyakareye ke le leşî zîndewerda wize dabîn dekat bo pêvazo û çalakî û xorakî niwê hers dekat.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D008660/metabolism |
| Mild learning disability | نەرمەگرفتاریی فێربوون | nermegriftarîy fêrbûn | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Mitochondria | وزەماڵە، میتۆکۆندریا | wizemale, mîtokondirya | ئەندامژە (ئەندامچە، ئەندامۆکە) organelle ی نیمچەسەرفەراز و خۆزێ (خۆبەرهەمهێن) self-reproducing کە پەیدان لە سایتۆپلازم cytoplasm ی زۆربەی یووکاریێۆت eukaryote، بەڵام نەک هەموو. گشت «میتۆکۆندرین»ێک دەورە دراوە بە پەردەیەکی جووتبەرگی سنووربەند. بەرگی ناوەوەی فرە ڕەگاژۆیە و زیپکەکانی بە cristae ناودێر دەکرێن. میتۆکۆندریا ئەو شوێنگەلەن کە کارلێکی ... oxidative phosphorylation ی تێیاندا ڕوو دەدات و دەبنە بەرهەمهێنی Adenosine Triphosphate (ATP).<br><br><ئەندامژە، ئەندامجە، ئەندامۆکە = organelle، بڕوانە ڤەژین><br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D008928/mitochondria | Endamije (endamçe, endamoke) organelle y nîmçeserferaz û xozê (xoberhemhên) self-reproducing ke peydan le saytoplazim cytoplasm y zorbey yûkarîyot eukaryote, belam nek hemû. Gişt «mîtokondirîn»êk dewre dirawe be perdeyekî cûtbergî sinûrbend. Bergî nawewey fire regajoye û zîpkekanî be cristae nawdêr dekirên. Mîtokondirya ew şiwêngelen ke karlêkî ... Oxidative phosphorylation y têyanda rû dedat û debine berhemhênî Adenosine Triphosphate (ATP).<br><br><endamije, endamce, endamoke = organelle, birwane vejîn><br><br>serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D008928/mitochondria |
| Mood Disorders | مەزاجپەشێوی | mezacpeşêwî | پەشیوییەکە تێیدا مەزاج و ئاکار تەراز نین | Peşîwîyeke têyda mezac û akar teraz nîn |
| mortality | مەرگ، بەرمەرگ | merg, bermerg | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Motor disorders | بزاوتپەشێوی – پەشێویی هاوسەمای بزاوتنی ئەندامانی لەش، بە زمانیشەوە | bizawtpeşêwî – peşêwîy hawsemay bizawtinî endamanî leş, be zimanîşewe | بزاوتپەشێوی – پەشێویی هاوسەمای بزاوتنی ئەندامانی لەش، بە زمانیشەوە. بزاوتپەشێوی جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs).<br><br>بزاوتپەشێوی چەند جۆر پەشێوی تێیدا هاوئامێزن، وەک<br>- «فراژپەشێویی هاوسەما» developmental Coordination Disorder (DCD)<br>- «پەشێوی بزاوتی کلێشەبەند» Stereotypic Movement Disorder<br>- پەشێوییەکانی «تیک/تیکس» tic(s) ی سەربە «بەرژەنگی Tourette»، وەک «پەشێویی تیکی هەمیشەیی لەشەکی و زارەکی» persistent (chronic) motor or vocal tic disorder و «پەشێویی کاتیی تیک» provisional (transient) tic disorder.<br><br>بزاوتپەشێوی بریتییە لە چەوتییەکی کارکردانە لە سیستەمی دەماردا کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی بزاوت و ڕەفتاری خواستبەدەر involuntary و جڵەوبەدەر uncontrollable ی لەش، کە پێی دەگوترێت «دیسکەنسیا» (سەختەبزاوت) Dyskinesia. ئەم پەشێوییانە دەبنە هۆکار بۆ خەفەکردن | Bizawtpeşêwî – peşêwîy hawsemay bizawtinî endamanî leş, be zimanîşewe. Bizawtpeşêwî corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds).<br><br>Bizawtpeşêwî çend cor peşêwî têyda hawamêzin, wek<br>- «firajpeşêwîy hawsema» developmental Coordination Disorder (DCD)<br>- «peşêwî bizawtî kilêşebend» Stereotypic Movement Disorder<br>- peşêwîyekanî «tîk/tîks» tic(s) y serbe «berjengî Tourette», wek «peşêwîy tîkî hemîşeyî leşekî û zarekî» persistent (chronic) motor or vocal tic disorder û «peşêwîy katîy tîk» provisional (transient) tic disorder.<br><br>Bizawtpeşêwî brîtîye le çewtîyekî karkirdane le sîstemî demarda ke debête hoy peydabûnî bizawt û reftarî xwastbeder involuntary û |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| multiple myeloma | مایەلۆما، شێرپەنجەی مۆخی ئێسک | mayeloma, şêrpencey moxî êsk | شێرپەنجەیەکی کوشندە ی malignant خانەی پلاسما plasma cells یە، لە مۆخی ئێسکدا پەیدا دەبێت و زۆرجار لە فرە جێدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئێسکی کەرتۆڵە (بڕبڕە)-کانی پشت و کاژەڵە. شێرپەنجەیەکی کوشندەیە. | Şêrpenceyekî kuşinde malignant y xaney plasma plasma cells ye, le moxî êskda peyda debêt û zorcar le fire cêda derdekewêt, bo nimûne êskî kertole (birbire)-kanî pişt û kajele. Şêrpenceyekî kuşindeye. |
| Multiple Sclerosis (MS) | سفتبوونی فرەچین | sftbûnî fireçîn | /.../ | /.../ |
| Muscle Hypertonia | فرەگرژیی ماسوولکە | firegirjîy masûlke | هایپەرتۆنیای ماسوولکە، بریتییە لە هەڵکشانێکی نائاسیی بەرەنگاری بەرانبەر جووڵەیەکی دەرەوەی لەش هانی دەدات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/muscle-hypertonia | Haypertonyay masûlke, brîtîye le helkişanêkî naasîy berengarî beranber cûleyekî derewey leş hanî dedat.<br><br>Serçawe:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/muscle-hypertonia |
| Muscle Hypotonia | کەمگرژیی ماسوولکە | kemgirjîy masûlke | هایپۆتۆنیای ماسوولکە، داهێزانی گرژیی ماسوولکەیە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرەنگاریی بەرانبەر «کشانی خامۆش» passive stretching.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009123/muscle-hypotonia | Haypotonyay masûlke, dahêzanî girjîy masûlkeye ke debête hoy kembûnewey berengarîy beranber «kişanî xamoş» passive stretching.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009123/muscle-hypotonia |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Muscle Tonus | تۆنوسی ماسوولکە | tonusî masûlke | دۆخێکی گژیی ماسوولکە کە بکەوێتەوە دەرەوەی خەسڵەتە فیزیکییەکانی ئەو ماسوولکەیە، واتا بەرەنگاربوونەوەی چالاکانەی ماسوولەکە بۆ لێککێشان. لە ماسوولکەی ئێسکبەندیدا تۆنوس وابەستەی دەماراندی دەرەڕۆ efferent innervation یە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009129/muscle-tonus | Doxêkî gijîy masûlke ke bikewêtewe derewey xeslete fîzîkîyekanî ew masûlkeye, wata berengarbûnewey çalakaney masûleke bo lêkkêşan. Le masûlkey êskbendîda tonus wabestey demarandî derero efferent innervation ye.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009129/muscle-tonus |
| Muscular Dystrophy | پووکانەوەی ماسوولکە | pûkanewey masûlke | دەستەیەکی فرەجۆرە لە نەخۆشیی زگماکی ماسوولکە کە دەبنە هۆی پووکانەوە و لاوازبوونی ماسوولکەی لەش. جێگەی سەرهەڵدانی ئەو لاوازییە، تەمەنی مرۆڤەکە لە کاتی نۆنەخشەی دەردەدارییەکە و هەروەها نەخشی میراتبەندییەکە دەبنە بڕیاردەر بۆ پۆلێنکردنی نەخۆشییەکە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009136/muscular-dystrophies | Desteyekî firecore le nexoşîy zigmakî masûlke ke debine hoy pûkanewe û lawazbûnî masûlkey leş. Cêgey serheldanî ew lawazîye, temenî miroveke le katî nonexşey derdedarîyeke û herweha nexşî mîratbendîyeke debine biryarder bo polênkirdinî nexoşîyeke.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009136/muscular-dystrophies |
| muscular rigidity | سەختۆڵیی ماسوولکە | sextolîy masûlke | /.../ | /.../ |
| musculoskeletal | ماسوولکەئێسکی (ماسوولەک-و-ئێسکبەندی) | masûlkeêskî (masûlek-u-êskbendî) | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Mycoplasma | مایکۆپلاسما | maykoplasma | خێزانێکە لە باکتێریای Gram-نایاو gram-negative، کە پتر باکتێریای هەڵبژێری هەوانەویست facultatively anaerobic ن (گەر ئۆکسیژین نەبێت سوود لە نێترات وەردەگرێت بۆ ئەنجامدانی مێتبۆلیزمی خۆی). خانەکانی ئەم جۆرە بەکتریاییە لەبری «دیواری خانە» Cell Wall ڕاستینە، بە «پلاسماکاژ» Plasma Membrane, Cell Membrane دەورە دراون. ئەمانە باکتێریای نەخۆشخەرن و لە «لینجەکاژ» Mucous Membraneی مرۆڤ، گیانەوەر و ڕوەکدا هەن. مایکۆپلاسما بەشێکن لە خێزانی Mycoplasmataceae.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 mycoplasma/09174 | Xêzanêke le bakitêryay Gram-nayaw gram-negative, ke pitir bakitêryay helbijêrî hewanewîst facultatively anaerobic n (ger oksîjîn nebêt sûd le nêtirat werdegirêt bo encamdanî mêtbolîzmî xoy). Xanekanî em core bektiryayîye lebirî «dîwarî xane» Cell Wall rastîne, be «plasmakaj» Plasma Membrane, Cell Membrane dewre dirawin. Emane bakitêryay nexoşxerin û le «lîncekaj» Mucous Membrane y mirov, giyanewer û riwekda hen. Maykoplasma beşêkin le xêzanî Mycoplasmataceae.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009174/mycoplasma |
| Mycoplasma Infection | چڵککردنی مایکۆپلاسما | çilkkirdinî maykoplasma | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Myotonic Dystrophy (DM) | گرژەپووکانەوە | girjepûkanewe | دەردێکی دەمارماسوولکەیی Neuromuscular «زاڵەئاوتۆسۆم» autosomal dominant ە کە نۆنەخشەی لە گەورەساڵیدا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی پووکانەوەی ماسوولکە (بەگشتی ماسوولکەی دەست، ڕووخسار و بنباڵ)، گرژی، سەرڕووتانەوە، پووکانەوەی گون و لێڵبوونی لێنسی چاو. تەنانەت گرفتارییەکی مامناوەندی هزری و پووکانەوەی چەندین کۆئەندامی بەدەمەوەیە. گرژەپووکانەی زگماک جۆرەکەی دژوارترە و دەبێتە مایەی کەمگرژیی ماسوولکە هەر لە کاتی زانەوە، خواردنپەشێوی، لاوازیی ماسوولکەکانی هەناسەدان و هەڵکشانی فرەهاتی هۆشپەشێوی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009223/myotonic-dystrophy | Derdêkî demarmasûlkeyî Neuromuscular «zaleawtosom» autosomal dominant e ke nonexşey le gewresalîda derdekewêt û debête hoy pûkanewey masûlke (begiştî masûlkey dest, rûxsar û binbal), girjî, serrûtanewe, pûkanewey gun û lêlbûnî lênsî çaw. Tenanet griftarîyekî maminawendî hizirî û pûkanewey çendîn koendamî bedemeweye. Girjepûkaney zigmak corekey dijwartire û debête mayey kemgirjîy masûlke her le katî zanewe, xwardinpeşêwî, lawazîy masûlkekanî henasedan û helkişanî firehatî hoşpeşêwî.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009223/myotonic-dystrophy |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| myxedema, myxoedema | میکسۆدێما | mîksodêma | لەم دۆخەدا ئاوسانی وشکی مۆمڕەنگ پەیدا دەبێت لە ئەنجامی گردبوونەوەی Glycosaminoglycans (Mucopolysaccharides, Glycosaminoglycan) لە پێستدا و جێی دیکەی لەشدا. هۆکاری نەخۆشییەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی هۆرمۆنی تیرۆئید بەهۆی لاوازیی تیرۆئید.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009230/myxedema | Lem doxeda awsanî wişkî momireng peyda debêt le encamî girdbûnewey Glycosaminoglycans (Mucopolysaccharides, Glycosaminoglycan) le pêstda û  cêy dîkey leşda. Hokarî nexoşîyeke degerêtewe bo kemîy horimonî tîroîd behoy lawazîy tîroîd.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009230/myxedema |
| Narcolepsy | نارکۆلێپسی | narkolêpsî | نارکۆلێپسی دۆخێکە تێیدا زنجیرەیەک وەنەوز، خەوداری somnolence ی ڕۆژانە و وردەنائاگایی microsomnias ڕوو دەدەن کە دەشێت تێهەڵکێشی ڕەفتاری ئاگابەدەر و  فەرامۆشی Amnesia بن. هاوڕێ لەتەک «نارکۆلێپسی»دا، گرفتی وەک Cataplexy، «خەوەشەپڵە»، «وڕێنەی خەولێخەر» خویا دەبن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009290/narcolepsy | Narkolêpsî doxêke têyda zincîreyek wenewz, xewdarî somnolence y rojane û wirdenaagayî microsomnias rû deden ke deşêt têhelkêşî reftarî agabeder û  feramoşî Amnesia bibin. Hawrê letek «narkolêpsî»da, griftî wek Cataplexy, «xeweşepile», «wirêney xewlêxer» xuya debin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009290/narcolepsy |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Negativism | نایەتبینی | nayetbînî | هەڵوێست و ئاکاری وەهای پەرگیرانە بەدگومانە و شێلکیرانە ڕەتکەرەوە و نەسەلمێنە بەرانبەر هەر پێشنیاز و ئامۆژگارییەکی لە دەوروبەرەوە بێت.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 negativism/09341 | Helwêst û akarî wehay pergîrane bedgumane û şêlkîrane retkerewe û neselmêne beranber her pêşniyaz û amojgarîyekî le dewrûberewe bêt.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D009341/negativism |
| neoplasm, tumor | لوو | lû | پەرەسەندنی خانە و شانەی ڕیشاڵ بە شێوەیەکی بەدجڵەوی ناکاو لای گیانەوەر و ڕوەک. | Peresendinî xane û şaney rîşal be şêweyekî bedcilewî nakaw lay giyanewer û riwek. |
| nervous system | کۆئەندامی دەمار | koendamî demar | کۆئەندامی دەمار سیستەمیکی بایۆلۆژییە بۆ گواستنەوەی سیگنال لە لەشی گیانەوەردا بەمەبەستی چەرخاندنی کارکردەکانی لەش. کۆئەندامی دەمار بریتییە لە دوو بەش، یەکەم شاکۆئەندامی دەمار، دووهەم پاکۆئەندامی دەمار. | Koendamî demar sîstemîkî bayolojîye bo giwastinewey sîgnal le leşî giyanewerda bemebestî çerxandinî karkirdekanî leş. Koendamî demar  brîtîye le dû beş, yekem şakoendamî demar, dûhem pakoendamî demar. |
| nervousness | شڵەژان، پەشۆکان، شڵەژاوی، پەشۆکاوی | şilejan, peşokan, şilejawî, peşokawî | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| neural plate, neuroectoderm | دەرەپێستی دەمارەکی | derepêstî demarekî | ئەو دەڤەرەی پشتار (دیوی پشتەوە)ی دەرەپێست ectoderm ی گیانەوەری مازەدار (ژێوەر) chordate کە تێیدا شاکۆئەندامی دەمار دێتە پێکهاتن. ڕیشاڵی ئەم دەڤەرە دەمارییە بە «دەرەپێستی دەمارەکی» neuroectoderm ناودێرە و لەبەر ئەوە «دەرەپێستی دەمارەکی» وەک هاوواتای neural plate بەکار دێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 neural-plate/54258 | Ew deverey piştar (dîwî piştewe)î derepêst ectoderm y giyanewerî mazedar (jêwer) chordate ke têyda şakoendamî demar dête pêkhatin. Rîşalî em devere demarîye be «derepêstî demarekî» neuroectoderm nawdêre û leber ewe «derepêstî demarekî» wek hawwatay neural plate bekar dêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 54258/neural-plate |
| Neurochemistry | دەمارکیمیا | demarkîmya | زانستە دەربارەی تێکبەستنی کیمیایی، ساختار و کارلێکی کیمیایی لە کۆئەندامی دەمار و پێکهاتەکانیدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 neurochemistry/09448 | Zaniste derbarey têkbestinî kîmyayî, saxtar û karlêkî kîmyayî le koendamî demar û pêkhatekanîda.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 09448/neurochemistry |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurocutaneous Syndrome | بەرژەنگی دەمارپێستی | berjengî demarpêstî | دەستەیەک پەشێوییە کە ئادگارەکانی بریتین لە شێوانی «دەرەپەردەکی» ectodermal (سەربە دەرەپەردە ectoderm) و پەرەسەندنی توومۆرکار (سەربە توومۆر) لە پێست، کۆئەندامی دەمار و کۆئەندامی دیکەدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D020752/neurocutaneous-syndromes | Desteyek peşêwîye ke adgarekanî brîtîn le şêwanî «dereperdekî» ectodermal (serbe dereperde ectoderm) û peresendinî tûmorkar (serbe tûmor) le pêst, koendamî demar û koendamî dîkeda.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D020752/neurocutaneous-syndromes |
| Neurodegenerative disease, Degenerative disease | دەردی دەرماردارزێن، دەردی دارزێن | derdî dermardarzên, derdî darzên | سەیوانەچەمک (شاچەمک) ە بۆ کۆمەڵێک دۆخی کلینیکی کە دبنە هۆکار بۆ دارزانی خانە دەمارییەکانی نێو شاکۆئەندامی دەمار و ئەویش دەبێتە مایەی پەککەوتنی کارکردی مێشک و لەویشە مەرگ.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/degenerative-disease | Seywaneçemik (şaçemik) e bo komelêk doxî kilînîkî ke dbine hokar bo darzanî xane demarîyekanî nêw şakoendamî demar û ewîş debête mayey pekkewtinî karkirdî mêşik û lewîşe merg.<br><br>Serçawe:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/degenerative-disease |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurodevelopmental Disorders (NDs) | دەمارپەشێوی | demarpeşêwî | چەمکێکی گشتییە بۆ ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە فراژووتنی نائاسیی مێشک و شاکۆئەندامی دەمار Central Nervous System (CNS)، کە کار دەکەنە سەر کارکردی مێشک و کاریگەرییان هەیە لەسەر تاوگیری emotion، توانستی فێربوون learning ability، خۆجڵەوکردن self-control و یادگە memory.<br><br>بەشێک لە جۆرەکانی ئەم پەشێوییە:<br>1. ماخۆلان - پەشێویی سەرنجپەرتی/جرپنی Attention Dficit/Hyperactivity Disorder (ADHD)<br>2. ئاوتیزم Autism Spectrum Disorder (ASD)<br>3. زمانپەشێوی developmental Language Disorder (DLD)<br>4. بزاوتپەشێوی Motor disorders، پەشێویی هاوسەمای بزاوتنی ئەندامانی لەش، بە زمانیشەوە<br>5. گرفتاریی هزری Intellectual Disabilities (IDs)، فراژپەشێویی هزری Intellectual developmental Disorder (IDD)<br>6. پەشێویی دەمارژێنەکی Neurogenetic disorders<br>7. پەشێویی تایبەتی فێربوون Specific Learning Disorders (SLD) | Çemikêkî giştîye bo ew griftaney peywestin be firajûtinî naasîy mêşik û şakoendamî demar Central Nervous System (CNS), ke kar dekene ser karkirdî mêşik û karîgerîyan heye leser tawgîrî emotion, twanistî fêrbûn learning ability, xocilewkirdin self-control û yadge memory.<br><br>Beşêk le corekanî em peşêwîye:<br>1. Maxolan - peşêwîy serincpertî/crpnî Attention Dficit/Hyperactivity Disorder (ADHD)<br>2. Awtîzm Autism Spectrum Disorder (ASD)<br>3. Zimanpeşêwî developmental Language Disorder (DLD)<br>4. Bizawtpeşêwî Motor disorders, peşêwîy hawsemay bizawtinî endamanî leş, be zimanîşewe<br>5. Griftarîy hizirî Intellectual Disabilities (ids), firajpeşêwîy hizirî Intellectual developmental Disorder (IDD)<br>6. Peşêwîy demarijênekî Neurogenetic disorders |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| neurodevelopmental examination | ئارویی دەمارفراژی | arwînî demarfirajî | ڕێبازێکە لە پزیشکیی زارۆکان بەکار دەهێنرێت بۆ جۆردۆزیی فراژووتن و لەسەر هەڵسەنگاندنی چەندین تەوژمی فراژوون هەڵدەچنرێت. دەئەنجامەکانی ئارویی دەمارفراژی کە زووتر چەرخێنراون بۆ دوو دۆخ، هەم مێشکەفەلەج cerebral palsy و هەم هۆشکولی mental retardation، دەخرانە بەر تۆژینەوەی ڕابوردەبین retrospective لە داتای گردکراوە بە شێوازێکی ئایەندەبین prospectively (longitudinally). لە هەردوو دۆخەکەدا خویا بوو کە جۆردۆزیی یەکەم ساڵی تەمەن، دروستی دەپێکێت. لە دۆخی مێشکەفەلەجدا هەستیاری sensitivity گەیشتە 0.81 و تایبەترەنگی specificity گەیشتە 1.00، لە دۆخی هۆشکولیدا هەستیاری گویشتە 0.56 و تایبەترەنگی گەیشتە 0.96. پزیشکی ئازموودەی زارۆکان دەتوانێت گرفتاریی فراژکار developmental disabilities لە بەرایی تەمەندا جۆردۆز بکات.<br><br>ئاروینێکە بۆ دیاریکردنی شێوازی فێربوون، گەشە و فراژووتنی زارۆک بەدەم کاتەوە. بۆ دیاریکردنی وێنەیەکی دروست لە دۆخی لەشەکی و دەروونی زارۆک، ئەم جۆرە تێستانە پیادە دەکرێن: ئارویی فراژکار، دەمارکار، بزاوتی لەش، ئەزموونەکی و | Rêbazêke le pizîşkîy zarokan bekar dehênrêt bo cordozîy firajûtin û leser helsengandinî çendîn tewjimî firajûn heldeçinrêt. Deencamekanî arwînî demarfirajî ke zûtir çerxênirawin bo dû dox, hem mêşikefelec cerebral palsy û hem hoşkulî mental retardation, dexirane ber tojînewey raburdebîn retrospective le datay girdkirawe be şêwazêkî ayendebîn prospectively (longitudinally). Le herdû doxekeda xuya bû ke cordozîy yekem salî temen, dirustî depêkêt. Le doxî mêşikefelecda hestyarî sensitivity geyişte 0.81 û taybetirengî specificity geyişte 1.00, le doxî hoşkulîda hestyarî giwîşte 0.56 û taybetirengî geyişte 0.96. Pizîşkî azimûdey zarokan detwanêt griftarîy firajkar developmental disabilities le berayî temenda cordoz bikat.<br><br>Arwînêke bo diyarîkirdinî şêwazî fêrbûn, geşe û firajûtinî |
| neurodivergent | دەمارجودا | demarcuda | ئادگاری جوداکاری دەماری، وەک ئەوەی ئاوتیزم و ماخۆلان پێشانی دەدەن | Adgarî cudakarî demarî, wek ewey Awtîzm û maxolan pêşanî deden |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurodiversity | دەمارجودایی | demarcudayî | ئەو جوداکارییە ساختار و کارکردەی دەمار کە لای مرۆڤ دەبینرێت، بەتایبەتی ئەوەی بە ئاسایی دادەنرێت نەک بە نەخۆشی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.dictionary.com/browse/Neurodiversity | Ew cudakarîye saxtar û karkirdey demar ke lay mirov debînrêt, betaybetî ewey be asayî dadenrêt nek be nexoşî.<br><br>Serçawe:<br>https://www.dictionary.com/browse/Neurodiversity |
| Neuroendocrinology | دەمارناسیی نێورژێنە | demarnasîy nêwrijêne | ڕێچکەیەکە لە زیندەناسی (بایۆلۆژی) و بەتایبەتی لە لەشناسی (فیزیۆلۆژی) کە جەختی لەسەر هەڤبەندیی توێکارانە و کارکردانەی کۆئەندامی دەمارە بە «کۆئەندامی نێورژێنە» ەوە. کۆئەندامی نێورژێنە پەرۆشی تۆژینەوەیە لە بەرهەمهێنانی هۆرمۆن لەنێو خانەدەماردا، هەستیاریی خانەدەمار بۆ هۆرمۆن و هەروەها ئەو هاوسەما دوولایەنەی نێوان خانەدەمار و لووی نێورژێنەیە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/neuroendocrinology | Rêçkeyeke le zîndenasî (bayolojî) û betaybetî le leşnasî (fîzyolojî) ke cexitî leser hevbendîy twêkarane û karkirdaney koendamî demare be «koendamî nêwrijêne» ewe. Koendamî nêwrijêne peroşî tojîneweye le berhemhênanî horimon lenêw xanedemarda, hestyarîy xanedemar bo horimon û herweha ew hawsema dûlayeney nêwan xanedemar û lûy nêwrijêneye.<br><br>Serçawe:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/neuroendocrinology |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurofibromatoses (NF) | ئاوسانی ڕیشاڵدەمار | awsanî rîşaldemar | دەستەیەک پەشێوییە تێیدا نەخشێکی میراتبەندی سەربە زاڵەئاوتۆسۆم autosomal dominant  هەیە بە ڕێژەیەکی بەرز لە بازدانی خۆجۆش spontaneous mutation و چەندین ئاوسانی ڕیشاڵدەمار neurofibroma و ئاوسانی کاژەدەمار neurilemmomas.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 neurofibromatoses/17253 | Desteyek peşêwîye têyda nexşêkî mîratbendî serbe zaleawtosom autosomal dominant  heye be rêjeyekî beriz le bazdanî xocoş spontaneous mutation û çendîn awsanî rîşaldemar neurofibroma û awsanî kajedemar neurilemmomas.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D017253/neurofibromatoses |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurogenetic disorders | پەشێویی دەمارژێنەکی | peşêwîy demarijênekî | پەشێویی دەمارژێنەکی جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). ئەم پەشێوییە دەردێکی کلینیکییە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەوتییەک لە یەک یان چەند ژێنێکدا کە تاوی هەیە لەسەر جوداکاری و کارکردی «دەرەپێستی دەمارەکی» neuroectoderm و داڕشتەکانی. دۆزەوەی ژێنکارانە لە پەشێویی جۆراوجۆری دەمارژێنەکی لە ژێر وردبوونەوەدان. «دەردی Huntington» (هەنتینگتۆن) Huntington disease، «پووکانەوەی ماسوولکەیی پیازۆکەی دڕکەمۆخ» spinobulbar muscular atrophy (SBMA) کە بە دەردە کەنەدی ناوزەدە Kennedy's disease، هەروەها «لاسەنگیی زاڵەئاوتۆسۆمی مێشکۆڵە» autosomal dominant cerebellar ataxias (ADCA) نموونەن لە «پەشێویی زاڵەئاوتۆسۆم» autosomal dominant disorders کە بەرهەمی فرەوانبوونی نیوکلیەتایدی سێپاتە trinucleotide repeat (CAG) لە ژێندا.<br><br>سەرچاوە: https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/8820402 | Peşêwîy demarijênekî corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Em peşêwîye derdêkî kilînîkîye hokarekey degerêtewe bo çewtîyek le yek yan çend jênêkda ke tawî heye leser cudakarî û karkirdî «derepêstî demarekî» neuroectoderm û darîştekanî. Dozewey jênkarane le peşêwîy corawcorî demarijênekî le jêr wirdbûnewedan. «derdî Huntington» (hentîngton) Huntington disease, «pûkanewey masûlkeyî piyazokey dirkemox» spinobulbar muscular atrophy (SBMA) ke be derde kenedî nawzede  Kennedy's disease, herweha «lasengîy zaleawtosomî mêşikole» autosomal dominant cerebellar ataxias (ADCA) nimûnen le «peşêwîy zaleawtosom» autosomal dominant disorders ke berhemî firewanbûnî nîwkilyetaydî sêpate trinucleotide repeat (CAG) le jênda. |
| neuroinflammation | دەمارهەوکردن | demarhewkirdin | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neuroleptic malignant syndrome (NMS) | بەرژەنگی کوشندەی دژە دەروونپەشێوی | berjengî kuşindey dije derûnpeşêwî | بەرژەنگێکە دەشێت کوشندە بیت، بەپلەی یەکەم وابەستەی وەرگرتنی دەرمانی دژە دەروونپەشێوی antipsychotic agents یە کە ئەمیش لای خۆیەوە وابەستەی ڕێبەستنە لە وەرگرتنی دۆپامین dopamine receptor لە «بنەگرێ» basal ganglia، «ژێرلانک» (هایپۆتالاموس) Hypothalamus ـدا و هەروەها وابەستەی ناتەرازییە لە «کۆئەدامی دەماری سیماتیک» Sympathetic nervous system ـدا. نیشانە کلینیکییەکانی ئەم دەردە بریتین لە گرژییەکی سەرلەبەری ماسوولکە، لەرزین، تای بەرز، پەستانی ناجێگیری خوێن، «شێوانی زانیارەکی» cognitive dysfunction، «شێوانی خۆسەری» Dysautonomia, autonomic dysfunction (شێوانی کارکردی خۆسەر). جاریش ئاستی کریاتیناکیناس (CPK ی خوێنگە)  Creatine kinase (CK), also known as creatine phosphokinase (CPK) or phosphocreatine kinase و هەم لوکۆسایتۆسیس leukocytosis (ڕادەی گردبوونەوە خرۆکەی سپی leukocytes) بەرز دەبنەوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0-neuroleptic-malignant/09459 | Berjengêke deşêt kuşinde bît, bepiley yekem wabestey wergirtinî dermanî dije derûnpeşêwî antipsychotic agents ye ke emîş lay xoyewe wabestey rêbestine le wergirtinî dopamîn dopamine receptor le «binegirê» basal ganglia, «jêrlank» (haypotalamus) Hypothalamus da û herweha wabestey naterazîye le «koedamî demarî sîmatîk» Sympathetic nervous system da. Nîşane kilînîkîyekanî em derde brîtîn le girjîyekî serleberî masûlke, lerzîn, tay beriz, pestanî nacêgîrî xwên, «şêwanî zanyarekî» cognitive dysfunction, «şêwanî xoserî» Dysautonomia, autonomic dysfunction (şêwanî karkirdî xoser). Carîş astî kiryatînakînas (CPK y xwênge)  Creatine kinase (CK), also known as creatine phosphokinase (CPK) or phosphocreatine kinase û hem lukosaytosîs leukocytosis (radey girdbûnewe xirokey spî leukocytes) beriz debinewe. |
| neurological | دەمارناسەکی | demarnasekî | سەربە دەمارناسی | Serbe demarnasî |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurological disorders | پەشێویی دەمارناسەکی | peşêwîy demarnasekî | پەشێویی دەمارناسەکی دۆخێکە تاوی هەیە لەسەر کارکردی «کۆئەندامی دەمار» nervous system (مێشک، درکەمۆخ و دەمار). ئەم پەشێوییە زۆر جۆر دەرد دەگرێتەوە، بۆ نموونە نەخۆشیی ئالزایمەر Alzheimer disease، «سفتبوونی فرەچین» Multiple Sclerosis (MS) و «هەوکردنی پەردەی مێشک» meningitis. ئەمانە کار دەکەنە سەر شێوازی بیرکردنەوە، جووڵە و هەستی مرۆڤ. چارەسەر بەندە بە جۆری دەردەکەوە.<br><br>سەرچاوە: https://my.clevelandclinic.org/h-ealth/diseases/neurological disorders | Peşêwîy demarnasekî doxêke tawî heye leser karkirdî «koendamî demar» nervous system (mêşik, dirkemox û demar). Em peşêwîye zor cor derd degirêtewe, bo nimûne nexoşîy alzaymer Alzheimer disease, «sftbûnî fireçîn» Multiple Sclerosis (MS) û «hewkirdinî perdey mêşik» meningitis. Emane kar dekene ser şêwazî bîrkirdinewe, cûle û hestî mirov. Çareser bende be corî derdekewe.<br><br>Serçawe: https://my.clevelandclinic.org/health/diseases/neurological-disorders |
| neurologist | دەمارناس | demarnas | پزیشکی پسپۆر لە ڕشتەی دەمارناسیدا، خەریکی پەیجۆری، جۆردۆزی و چارەی پەشێویی دەمارناسەکییە. | Pizîşkî pispor le riştey demarnasîda, xerîkî peycorî, cordozî û çarey peşêwîy demarnasekîye. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurology | دەمارناسی | demarnasî | ڕشتەیەکی پزیشکییە جەختی لەسەر ساختار، کارکرد و دەردەکانی کۆئەندامی دەمارە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0<br>neurology/09462 | Rişteyekî pizîşkîye cexitî leser saxtar, karkird û derdekanî koendamî demare.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009462/neurology |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neurometabolic disorders | پەشێویی دەمارمێتابۆلی | peşêwîy demarimêtabolî | دەستەیەک پەشێوین دەبنە هۆی کێشەی هەم بۆ کارکردی مێشک و هەم بۆ میتابۆلیزم (چۆن خانەکانی لەش بە شێوەیەکی کیمیایی خۆراک شی دەکاتەوە و دەیگۆڕێت بە وزە). زارۆک هەن پەشێویی  مێتابۆلیی ناسراوی وەهایان هەیە کە نیشانەی دەمارناسانەی هاوئامێزە، زارۆکیش هەن خاوفراژ ن developmental delay (فراژووتنیان درەنگکەوتەیە) یان کێشەی ناسراوی دەمارناسانەیان هەیە، کە پاش ئارویِنی دیکە، خویا دەبێت کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ پەشێویی مێتابۆلیانە. پەشێویی دەمارمێتابۆلی دۆخێکی ئاڵۆزە، هۆکاری زۆرن، گشت ئۆرگانی لەش دەگرێتەوە و زۆرجاریش تاویان هەیە لەسەر دوو یان پتر لە ئۆرگانەکانی لەش. ئەمانە بەگشتی دەگمەنن و زانیار دەربارەیان کزە.<br><br>سەرچاوە: https://www-childrenshospital-org.translate.goog/programs/ne-urometabolic=program?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=sv&_x_tr_hl=sv&_x_tr_pto=rq | Desteyek peşewîn debine hoy kêşey hem bo karkirdî mêşik û hem bo mîtabolîzm (çon xanekanî leş be şêweyekî kîmyayî xorak şî dekatewe û deygorêt be wize). Zarok hen peşêwîy  mêtabolîy nasirawî wehayan heye ke nîşaney demarnasaney hawamêze, zarokîş hen xawfiraj developmental delay n (firajûtinyan direngkewteye) yan kêşey nasirawî demarnasaneyan heye, ke paş arwînî dîke, xuya debêt ke serçaweyan degerêtewe bo peşêwîy mêtabolyane. Peşêwîy demarimêtabolî doxêkî aloze, hokarî zorin, gişt organî leş degirêtewe û zorcarîş tawyan heye leser dû yan pitir le organekanî leş. Emane begiştî degmenin û zanyar derbareyan kize.<br><br>Serçawe: https://www-childrenshospital-org.translate.goog/programs/neurometabolic-program?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=sv&_x_tr_hl=sv&_x_tr_pto=rq |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neuromotor disorders | پەشێویی بزاوتەدەمار | peşêwîy bizawtedemar | پەشێوییەکی دەمارە سەربە فراژووتن (فراژپەشێوی) یان بەهرەگیر (نازگماک) تاوی هەیە لەسەر بزاوتن، درشتەبزاوتن، وردەبزاوتن و هەروەها لەشڕاگری posture.  هۆکاری پەشێویی دەماربزاوت دەگەڕێتەوە بۆ زەدەبوونی شاکۆئەندامی دەمار. هۆکاری ئەم زەدەبوونە دەشێت کێشەی فراژکار یان برینداربوونی ڕێچکەگەلی بزاوتن بێت کە لە نێو توێکڵی مێشک cortex، بنەگرێ basal ganglia، بنکەمێشک (تالاموس) thalamus، مێشکۆڵە cerebellum، پایەمێشک brainstem و دڕکەمۆخ spinal cord ـدا پەیدا دەبن. جۆرە هەرە باوەکانی پەشێویی دەماربزاوت لای زارۆک بریتین لە: مێشکەفەلەج  cerebral palsy، پووکانەوەی ماسوولکە muscular dystrophy و زەدەبوونی دڕکەمۆخ (سپینا بیفیدا)  spina bifida. لای منداڵ دەشێت تێکبەستەیەک لە کێشە پەیدا ببێت، وەک کزی، کەمگرژیی ماسوولکە muscle tone، گرمۆڵەبوونی ماسوولکە muscle contractures، داهێزانی هەستەوەر sensory impairments،  دژواریی زانیارەکی cognitive difficulties و دۆخی دیکە دەردەداری. جیاوازیی مەزن هەیە لە نێوان ئەم دەردانە و هەروەها لە نێوان نیشانەکانیان لای ئەو مرۆڤەی جۆردۆزییەکەی بۆ مۆر دەکرێت. | Peşewîyekî demare serbe firajûtin (firajpeşêwî) yan behregîr (nazigmak) tawî heye leser bizawtin, diriştebizawtin, wirdebizawtin û herweha leşiragirî posture.  Hokarî peşêwîy demarbizawt degerêtewe bo zedebûnî şakoendamî demar. Hokarî em zedebûne deşêt kêşey firajkar yan birîndarbûnî rêçkegelî bizawtin bêt ke le nêw twêkilî mêşik cortex, binegirê basal ganglia, binkemêşik (talamus) thalamus, mêşikole cerebellum, payemêşik brainstem û dirkemox spinal cord da peyda debin. Core here bawekanî peşêwîy demarbizawt lay zarok brîtîn le: mêşikefelec  cerebral palsy, pûkanewey masûlke muscular dystrophy û zedebûnî dirkemox (spîna bîfîda)  spina bifida. Lay mindal deşêt têkbesteyek le kêşe peyda bibêt, wek kizî, kemgirjîy masûlke muscle tone, girimolebûnî masûlke muscle contractures,  dahêzanî hestewer sensory impairments,  dijwarîy zanyarekî cognitive |
| neuron, neurone, nerve cell | خانەدەمار | xanedemar | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| neurophysiology | فیزیۆلۆژیی دەمار | fîzyolojîy demar | ڕێچکەیەکی زانستە تەرخانە بە توێژینەوە لە فیزیۆلۆژیی کۆئەندامی دەمار.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009482/neurophysiology | Rêçkeyekî zaniste terxane be tojînewe le fîzyolojîy koendamî demar.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009482/neurophysiology |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| neuropsychiatric disorder | پەشێویی دەمارڕەوانسازی | peşêwîy demarrewansazî | سەیوانەچەمکە بۆ دەستەیەک دەردی هۆشەکی کە وابەستەی کارکردی مێشک و ڕەفتارن. لەم بوارەدا، دۆخی وەک: دێمێنس dementia، دەردی Alzheimer، دەردی Parkinson، دەردی Huntington، ماخۆلان، شیزۆفرێنیا و پەشێویی جووتجەمسەر bipolar disorder. ئەم دۆخانە دەشێن ببنە هۆکار بۆ داهێزانێکی مەزن لە چەندین توانستدا، وەک بیرکردنەوە، پلانرێژی و بیرچەسپاندن memory و هەروەها  پەرێشانیی سۆزەکی، جڤاکی و لەشەکی. «پەشێویی دەمارڕەوانسازی» زۆرجار ئاڵۆزن و جۆردۆزییان سەخت دەچەرخێت، لەبەر ئەوە زوو دیاریکردن و زوو چارەکردن فرە گرینگن بۆ ڕاگرتنی دەروونسازی. چارەسەر لەم بوارەدا دەشێت هەم «دەروونسارێژی» psychotherapy بێت، هەم دەرمانکاری medication و دەشێت تێهەڵکێش هەردووکیشیان بێت. زوو دۆزینەوە و تیمارکردنی دۆخی سەربە پەشێویی دەمارڕەوانسازی دەشێت ببنە مایەی کەمکردنەوەی مەترسیی داهێزانی زیادتر و لەویشەوە سەرخستنی ئاستی گوزەرانی کەسی دەردەدار.<br><br>سەرچاوە:<br>https://openaccesspub.org/psyc-hological-disorders/neuropsychological | Seywaneçemike bo desteyek derdî hoşekî ke wabestey karkirdî mêşik û reftarin. Lem buwareda, doxî wek: dêmêns dementia, derdî Alzheimer, derdî Parkinson, derdî Huntington, maxolan, şîzofirênya û peşêwîy cûtcemser bipolar disorder. Em doxane deşên bibine hokar bo dahêzanêkî mezin le çendîn twanistda, wek bîrkirdinewe, planrêjî û bîrçespandin memory û herweha  perêşanîy sozekî, civakî û leşekî. «peşêwîy demarrewansazî» zorcar alozin û cordozîyan sext deçerxêt, leber ewe zû diyarîkirdin û zû çarekirdin fire girîngin bo ragirtinî derûnsazî. Çareser lem buwareda deşêt hem «derûnsarêjî» psychotherapy bêt, hem dermankarî medication û deşêt têhelkêş herdûkîşyan bêt. Zû dozînewe û tîmarkirdinî doxî serbe peşêwîy demarrewansazî deşêt bibine mayey kemkirdinewey metirsîyî dahêzanî ziyadtir û lewîşewe serxistinî astî guzeranî kesî |
| neuropsychiatrist | دەمارڕەوانساز | demarrewansaz | پزیشکی ڕەوانیی دەمار | Pizîşkî rewanîy demar |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Neuropsychiatry | دەمارڕەوانسازی | demarrewansazî | ڕەوانپزیشکی، بوارێکی فرەڕشتەی پزیشکییە بۆ تۆژینەوە لە جۆردۆزی، خەملاندن و چارەی هۆشپەشێوی وەها کە زادەی دۆخی دەمارناسی بن. لێرەدا پسپۆڕیی هەردوو لای هەم ڕەوانسازی و هەم دەمارناسی گرد دەکرێنەوە بۆ هەوڵی پەیبردن بەو هەڤبەندییە ئاڵۆزەی نێوان مێشک و ڕەفتار.<br><br>سەرچاوە: https://www.auamed.org/india-blog/what-is-neuropsychiatry | Rewanpizîşkî, buwarêkî fireriştey pizîşkîye bo tojînewe le cordozî, xemilandin û çarey hoşpeşêwîy weha ke zadey doxî demarnasî bin. Lêreda pisporîy herdû lay hem rewansazî û hem demarnasî gird dekirênewe bo hewilî peybirdin bew hevbendîye alozey nêwan mêşik û reftar.<br><br>Serçawe: https://www.auamed.org/india-blog/what-is-neuropsychiatry |
| Neuropsychological Tests | ئارویینی دەماردەروونی | arwînî demarderûnî | جۆرە ئاروینێکە پیادە دەکرێن بۆ شرۆڤەی کارکردی دەمارناسەکیی پەیوەست بە ڕەفتارێکی دیاریکراوەوە. ئەمانە بەتایبەتی بەکار دەهێنرێن بۆ جۆردۆزیی زیان و گرفتاریی لە مێشک و شاکۆئەندامی دەماردا.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 neuropsychological-tests/09483 | Core arwînêke piyade dekirên bo şirovey karkirdî demarnasekîy peywest be reftarêkî diyarîkirawewe. Emane betaybetî bekar dehênrên bo cordozîy ziyan û griftarîy le mêşik û şakoendamî demarda.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D0 09483/neuropsychological-tests |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| neuropsychologist | دەماردەروونناس | demarderûnnas | دەروونناسێکە خەریکی تۆژینەوەیە لە بەستەری ئاڵۆزی نێوان بەشە جیاوازەکانی مێشکی مرۆڤ لەملا و توانستی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان لەولا. دەماردەرونناس پسپۆرە لە دیاریکردنی تاوی دۆخ و زەدەبوونی مێشک لەسەر توانستی بیرکردنەوە، مەزاج و ڕەفتاری ئەو کەسە. ئەم پزیشکە، لە ڕێی «ئارویني دەماردەروونی»یەوە، جۆری کاری مێشک و هۆش هەڵدەسەنگێنێت و پێشنیازی چارەسەر دیاری دەکات.<br><br>سەرچاوە: https://my.clevelandclinic.org/h-ealth/articles/24691-neuropsychologist | Derûnnasêke xerîkî tojîneweye le besterî alozî nêwan beşe ciyawazekanî mêşikî mirov lemila û twanistî bîrkirdinewe û reftaryan lewla. Demarderunnas pispore le diyarîkirdinî tawî dox û zedebûnî mêşik leser twanistî bîrkirdinewe, mezac û reftarî ew kese. Em pizîşke, le rêy «arwînî demarderûnî»yewe, corî karî mêşik û hoş heldesengênêt û pêşniyazî çareser diyarî dekat.<br><br>Serçawe: https://my.clevelandclinic.org/health/articles/24691-neuropsychologist |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| neuropsychology | دەماردەروونی | demarderûnî | ڕێچکەیەکی دەروونناسییە خەریکی پەجۆرییە لە پێکبەندیی نێوان ئەزموون یان ڕەفتار لەگەڵ پێڤاژۆ بنەڕەتییەکانی فیزیۆلۆژیی دەمار. چەمکی «دەماردەروونی» جەختی لەسەر نۆرەی سەردەستانەی کۆئەندامی دەمارە. ئەمیان چەمکێکی بەرتەنگترە لە «دەروونناسیی فیزیلۆلۆژیانە» و «فیزیۆلۆژیی دەروون».<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 neuropsychology/09484 | Rêçkeyekî derûnnasîye xerîkî pecorîye le pêkbendîy nêwan ezimûn yan reftar legel pêvajo bineretîyekanî fîzyolojîy demar. Çemikî «demarderûnî» cexitî leser  norey serdestaney koendamî demare. Emyan çemikêkî bertengtire le «derûnnasîy fîzîlolojiyane» û «fîzyolojîy derûn».<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009484/neuropsychology |
| Neurotransmitter | سیگناڵڕاگوێز | sîgnalragiwêz | سیگناڵڕاگوێز، ڕاگوێزەری سیگناڵی دەماری: گەرد Molecule ێکە لە ڕێی کەرەستەی کیمایییەوە سیگناڵی خانەدەمارێک دەگوێزێتەوە بۆ خانەدەمارێکی دیکە لە نێو کۆئەندامی دەماردا. | Sîgnalragiwêz, ragiwêzerî sîgnalî demarî: gerd Molecule êke le rêy kerestey kîmayîyewe sîgnalî xanedemarêk degiwêzêtewe bo xanedemarêkî dîke le nêw koendamî demarda. |
| Nevus | خاڵ و نیشانەی زگماک | xal û nîşaney zigmak | هەر لادانێکی پێست کە زگماک بێت، وەک خاڵ و پەڵەی هەمەجۆر. | Her ladanêkî pêst ke zigmak bêt, wek xal û peley hemecor. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Noonan Syndrome | بەرژەنگی Noonan | berjengî Noonan | پەشێوییەکی فرەدیوە، بەم نیشانەگەکە دەناسرێتەوە: باڵاکورتی، تەونەگەردەن webbed neck، پێلووداکەوتن (تۆسیس) ptosis، ئێسکبەندی نارێک، هۆرمۆنشێوان hormonal imbalance (لاسەنگیی هۆرمۆنی)، هایپەرتیلۆریسم hypertelorism (فرە دووری دوو ئۆرگان، بەگشتی فرە بەرینیی مەودای نێوان هەردووک چاو)، گونپەنهان Cryptorchidism، چەندین جۆر شێوان لە دڵدا («تەنگیی دەمەوانەی سیبەرە» Pulmonary Valve Stenosis فرە باوە) و هەروەها سووکە دەروونپەشێوییەک. ڕواڵەتیانە (فێنۆتایپانە) ئەمیان بە بەرژەنگی Turner دەچێت، کە تەنها لای مێ هەیە و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لادانی 45X-karyotype. بەڵام بەرژەنگی Noonan لای هەردوو زایەندی خاوەن کرۆمۆسۆمی ئاسایی (46XX & 46XY) پەیدایە. هۆکاری جۆری NS1 دەگەڕێتەوە بۆ بازدانی کۆمۆسۆم لە ژێنوارگەی 12q24.1, PTPN11 دا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 noonan-syndrome/09634 | Peşêwîyekî firedîwe, bem nîşanegeke denasirêtewe: balakurtî, tewinegerden webbed neck, pêlûdakewtin (tosîs) ptosis, êskbendî narêk, horimonişêwan hormonal imbalance (lasengîy horimonî), haypertîlorîsm hypertelorism (fire dûrî dû organ, begiştî fire berînîy mewday nêwan herdûk çaw), gunpenhan Cryptorchidism, çendîn cor şêwan le dilda («tengîy demewaney sîbere» Pulmonary Valve Stenosis fire bawe) û herweha sûke derûnpeşêwîyek. Riwaletyane (fênotaypane) emyan be berjengî Turner deçêt, ke tenha lay mê heye û hokarekey degerêtewe bo ladanî 45X-karyotype. Belam berjengî Noonan lay herdû zayendî xawen kromosomî asayî (46XX & 46XY) peydaye. Hokarî corî NS1 degerêtewe bo bazdanî komosom le jêniwargey 12q24.1, PTPN11 da.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| noradrenaline, norepinephrine | نۆرئادرینالین، نۆرئەپەنەفرین | noradirînalîn, norepenefirîn | «سیگناڵڕاگوێز»ێکە وێستگە دەمارییە ئادرینالییەکان دەیڕێژنە نێو کۆئەندامی خۆفەرمانی دەمار و تەنانەت نێو شاکۆئەندامی دەماریش. ئەم سیگناڵڕاگوێزە دەشێت ببێتە هۆکار بۆ تەنگبوونی دەماری خوێن، بەرزکردنەی پەستانی خوێن و فرەوانبوونی بۆریی هەوا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.dictionary.com/browse/norepinephrine | Sîgnalragiwêz-êke wêstge demarîye adirînalîyekan deyrêjine nêw koendamî xofermanî demar û tenanet nêw şakoendamî demarîş. Em sîgnalragiwêze deşêt bibête hokar bo  tengbûnî demarî xwên, berizkirdiney pestanî xwên û firewanbûnî borîy hewa.<br><br>Serçawe:<br>https://www.dictionary.com/browse/norepinephrine |
| Norepinephrine Reuptake Inhibitor | ڕێبەستی هەڵمشتنەوەی نۆرئادیرنالین | rêbestî helimiştinewey noradîrnalîn | دەرمانی NDRIs ڕێگری دەکەن لە هەڵمشتنەوەی دوپامین dopamine و نۆرئادرینالین noradrenaline کە پێشی دەگوترێت نۆرئەپەنەفرین norepinephrine.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/pharmacology-toxicology-and-pharmaceutical-science/norepinephrine-reuptake-inhibitor | Dermanî ndris rêgirî deken le helimiştinewey dupamîn dopamine û noradirînalîn noradrenaline ke pêşî degutirêt norepenefirîn norepinephrine.<br><br>Serçawe:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/pharmacology-toxicology-and-pharmaceutical-science/norepinephrine-reuptake-inhibitor |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Not Otherwise Specified (NOS) | | | پاجۆرێکه له سیستەمی پۆلێنکردنی گفتاری، دەرد و پەشێوی. ئەمیان بەکار دەهێنێرێت بۆ دیاریکردنی خویابوونی دۆخێک که تێیدا  نیشانەکان ئاماژە دەدەن بە جۆردۆزییەکی گشتیی نێو خێزانێک له پەشێوی (وەک پەشێوی خەمۆکی، پەشێوی دلەڕاوکێ) بەلام ئەو پێوەرگەلە پڕ ناکەنەوە کە تەرخانن بە جۆردۆزیی دیاریکراو لەو خێزانەدا. لە DSM-V ئەم NOS ە گۆڕاوە بە «پەشێوی دیکەی دیاریکراو» other specified disorder یان «پەشێوی دیاری نەکراو» unspecified disorder.<br><br>سەرچاوە: https://mhanational.org/conditions/not-otherwise-specified-other-specified-disorder-or-unspecified-disorder | Pacorêke le sîstemî polênkirdinî giftarî, derd û peşêwî. Emyan bekar dehênêrêt bo diyarîkirdinî xuyabûnî doxêk ke têyda  nîşanekan amaje deden be cordozîyekî giştîy nêw xêzanêk le peşêwî (wek peşêwîy xemokî, peşêwîy dilerawkê) belam ew pêwergele pir nakenewe ke terxanin be cordozîy diyarîkiraw lew xêzaneda. Le DSM-V em NOS e gorawe be «peşêwîy dîkey diyarîkiraw» other specified disorder yan «peşêwîy diyarî nekiraw» unspecified disorder.<br><br>Serçawe: https://mhanational.org/conditions/not-otherwise-specified-other-specified-disorder-or-unspecified-disorder |
| nucleotide, trinucleotide | نوکلیۆتاید، نوکلیۆتایدی سێپات | nukilyotayd, nukilyotaydî sêpat | /.../ | /.../ |
| nutrition | بژێواندن | bijêwandin | خۆراک کردنە لەشەوە | Xorak kirdine leşewe |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Obesity | دەردەقەڵەوی | derdeqelewî | زیادبوونی کێشی لەش بەڕادەیەکی فرە بەولای کێشی ئاساییەوە بەراورد بە پێوەرگەلی فیزیکی دیکە. هۆکاری ئەم زیادبوونەی کێش دەگەڕێتەوە بۆ گردبوونەوە بڕێکی مەزنی چەوری لە لەشدا. ئەگەر کێش لەش بگاتە سەروو دوو هێندی کێشی ئاسایی ئەوا بە دردەقەڵەوی دادەنرێت.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D009765/obesity | Zyadbûnî kêşî leş beradeyekî fire bewlay kêşî asayîyewe berawird be pêwergelî fîzîkî dîke. Hokarî em ziyadbûney kêş degerêtewe bo  girdbûnewe birêkî mezinî çewrî le leşda. Eger kêş leş bigate serû dû hêndî kêşî asayî ewa be dirdeqelewî dadenrêt.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D009765/obesity |
| observable | بەردید | berdîd | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Obsessive-Compulsive Disorder (OCD) | خووپەشێوی | xûpeşêwî | دۆخێکی دڵەڕاوکێیە مرۆڤ تێیدا تووشی دڵەڕاوکێیەکی  بەردەوام و  یەکبین دەبێت لە دوو جۆر، هەم «خوویرۆکە» (بیرۆکەی زۆرەکی کە دەبێتە خوو) obsession و هەم «خووکردە» (کردەی زۆرەکی کە دەبێتە خوو ) compulsion. «خوویرۆکە» بریتین لە بیرۆکە، وێنە و خەیاڵی خۆسەپێنی وەها کە بە بێواتا و دزێو دەبینرێن. «خووکردە» بریتین لە  نەخشی فرەپاتی کردەی وەها کە بەڕواڵەت ئارمانجبینە، لای  کەسەکە نە واتای هەیە و نە چێژ دەبەخشێت، بەڵام لەوەیە گرژییەکە داهێزێت.<br><br><«خووکردە» بەرهەمی کۆڕی زانیارە و بووەتە ڕێنوێن بۆ ڕۆنانی «خوویرۆکە»، بڕوانە جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە»، سایتی مامۆستا mamosta.net><br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009771/obsessive-compulsive-disorder | Doxêkî dilerawkêye mirov têyda tûşî dilerawkêyekî berdewam û  yekbîn debêt le dû cor, hem «xûbîroke» (bîrokey zorekî ke debête xû) obsession û hem «xûkirde» (kirdey zorekî ke debête xû ) compulsion. «xûbîroke» brîtîn le  bîroke, wêne û xeyalî xosepênî weha ke be bêwata û dizêw debînrên. «xûkirde» brîtîn le  nexşî firepatî kirdey weha ke berwalet armancbîne, lay  keseke ne watay heye û ne çêj debexşêt, belam leweye girjîyeke dahêzêt.<br><br><««xûkirde» berhemî korî zanyare û bûwete rêniwên bo ronanî «xûbîroke», birwane Celîzade, «Zarawesazîy pêwane», saytî mamosta mamosta.net><br><br>serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009771/obsessive-compulsive-disorder |
| Occipital lobe | پشتارەپل | piştarepl | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Occupational therapist | پیشەسارێژ | pîşesarêj | ئەم پیشەوەرە پەرۆشی هەڵسەنگاندن و چارەکردنی پێویستییەکانی کەسی بەرانبەرە کە دەشێت زامدار، دەردەدار یان گرفتار بێت بەمەبەستی کۆمەکی ئەو کەسە ڕووەو هەڵکردنی سەربەخۆ لە گوزەرانی ڕۆژانەدا، پیادەکردنی کارزانیی ڕۆژانە و پێداویستیی کارکردن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.bls.gov/ooh/healthcare/occupational-therapists.htm | Em pîşewere peroşî helsengandin û çarekirdinî pêwîstîyekanî kesî beranbere ke deşêt zamdar, derdedar yan griftar bêt bemebestî komekî ew kese rûwew helkirdinî serbexo le guzeranî rojaneda, piyadekirdinî karzanîy rojane û pêdawîstîy karkirdin.<br><br>Serçawe:<br>https://www.bls.gov/ooh/healthcare/occupational-therapists.htm |
| Occupational Therapy | پیشەسارێژی | pîşesarêjî | چارەسەری پیشەوەرانە بۆ توانابەخشینەوە و بارهێنانەوەی مرۆڤ بۆ گوزەرانێکی سەرفەرازی جڤاکی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009788/occupational-therapy | Çareserî pîşewerane bo twanabexşînewe û barhênanewey mirov bo guzeranêkî serferazî civakî.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009788/occupational-therapy |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| operationalization | پیادەکاری | piyadekarî | پیادەکاری بریتییە لە پێڤاژۆی گواستنەوەی چەمک و بیرۆکە بۆ دیاردەی بەردید و بەرپیوان. زۆرجار پێڤاژۆیە لە بواری جڤاکناسیدا بەکار دەهێنرێت بۆ دیاری کردنی چەمکی لێل و نابەرهەست بەمەبەستی تۆژینەوەیان بەشێوەیەکی چوستتر. بە نموونە چەمکی هەست و مەیل.<br><br>گرینگیی پیادەکاری لەوەدایە دەرفەت فەراهەم دەکات بۆ تۆژەران وردتر خەریکی دیاریکردن و تۆژینەوەی ئەو بەرگۆڕانە بن کە دێنە ڕێ. ئەمەش دەبێتە یاردەر بۆ کەمکردنەوەی لایەنگری و دیدی خۆیەکی. ئەم پیادەکارییە ڕێگەش فەراهەم دەکات بۆ تۆژەران وردتر خەریکی ئاروینکردنی بیردۆزە بین چونکە دەتوانن چەندین جۆر پیادەکاری بۆ چەمکێک بکەن بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەک جێگیر و پتەوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://dovetail.com/research/operationalization | Piyadekarî brîtîye le pêvajoy giwastinewey çemik û bîroke bo diyardey berdîd û berpîwan. Zorcar pêvajoye le buwarî civaknasîda bekar dehênrêt bo diyarî kirdinî çemikî lêl û naberhest bemebestî tojîneweyan beşêweyekî çustitir. Be nimûne çemikî hest û meyl.<br><br>Girîngîy piyadekarî lewedaye derfet ferahem dekat bo tojeran wirdtir xerîkî diyarîkirdin û tojînewey ew bergorane bin ke dêne rê. Emeş debête yarder bo kemkirdinewey layengirî û dîdî xoyekî. Em piyadekarîye rêgeş ferahem dekat bo tojeran wirdtir xerîkî arwînkirdinî bîrdoze bibin çunke detwanin çendîn cor piyadekarî bo çemikêk biken bo ewey bizanin ta çi radeyek cêgîr û pitewe.<br><br>Serçawe:<br>https://dovetail.com/research/operationalization/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Opposing muscles, antagonist muscles | ماسوولکەی دژبەر | masûlkey dijber | ئەو ماسوولکەیەی کارێک دەکات پێچەوانەی کاری ماسوولکەی یەکەم، بۆ نموونە ماسوولکەی دووسەری و سێسەری بیسێپس biceps و تریسێپس triceps. | Ew masûlkeyey karêk dekat pêçewaney karî masûlkey yekem, bo nimûne masûlkey dûserî û sêserî bîsêpis biceps û trîsêpis triceps. |
| Oppositional Defiant Disorder (ODD) | پەشێویی لاساری | peşêwîy lasarî | پەشێویی لاساری، بەرەنگاری و بەدجڵەوی جۆرێکە لە پەشێوی ڕەفتار. ئەم پەشێوییە بەگشتی لە تەمەنی منداڵەتیدا دێتە جۆردۆزی. منداڵی خاوەن ODD نەخشێکی ڕەوشت پێشان دەدەن سەرچڵ، نەسەلمێن و نەیار دەنوێنن بەرانبەر هەڤاڵ، دایباب، مامۆستا و کەسانی دیکەی پێگەدار. منداڵی گرفتار بە پەشێویی لاساری دەبنە مایەی گێچەڵ و هەراسانی بۆ کەسانی دەوروبەر نەک بۆ خۆیان.<br><br>سەرچاوە: https://www.hopkinsmedicine.org/health/conditions-and-diseases/oppositional-defiant-disorder | Peşêwîy lasarî, berengarî û bedcilewî corêke le peşêwî reftar. Em peşêwîye begiştî le temenî mindaletîda dête cordozî. Mindalî xawen ODD nexşêkî rewişt pêşan deden serçil, neselmên û neyar deniwênin beranber heval, daybab, mamosta û kesanî dîkey pêgedar. Mindalî griftar be peşêwîy lasarî debine mayey gêçel û herasanî bo kesanî dewrûber nek bo xoyan.<br><br>Serçawe: https://www.hopkinsmedicine.org/health/conditions-and-diseases/oppositional-defiant-disorder |
| outpatient department or outpatient clinic | کلینیکی ڤەکری | kilînîkî vekirî | ئەو بەشەی نەخۆشخانەیە کە تەرخانە بۆ یارمەتیی نەو نەخۆشەی شەو لەوێ نامێنێتەوە و پێویستی بە جێخەو نییە. | Ew beşey nexoşxaneye ke terxane bo yarmetîy new nexoşey şew lewê namênêtewe û pêwîstî be cêxew nîye. |
| Oxytocin | ئۆکسیتۆسین | oksîtosîn | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| palpitations | دڵەکوتە | dilekute | هەستکردن بەوەی ترپەی دڵ خێرا، توند و لەرزۆک دەبێت. وەرزش، سترێس، دەرمان و جاری دەگمەنیش هەیە دەردەداری دەبنە وروژێنەری دڵەکوتە. گەرچی دڵەکوتە مایەی نیگەرانییە بەڵام زۆربەی جار بێزیانە. بەڵام دۆخی دەگمەنیش هەن کە دڵەکوتە تێیاندا نیشانەیە بۆ کێشەی مەترسیداری دڵ، بۆ نموونە ترپەی ڕێسابەدەر (نارێک) ی دڵ arrhythmia کە پێویستی بە چارەیە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www-mayoclinic-org.translate.goog/diseases-conditions/heart-palpitations/symptoms-causes/syc-20373196?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=sv&_x_tr_hl=sv&_x_tr_pto=rq&_x_tr_hist=true | Hestkirdin bewey tirpey dil xêra, tund û lerzok debêt. Werziş, stirês, derman û carî degmenîş heye derdedarî debine wirûjênerî dilekute. Gerçî dilekute mayey nîgeranîye belam zorbey car bêzyane. Belam doxî degmenîş hen ke dilekute têyanda nîşaneye bo kêşey metirsîdarî dil, bo nimûne tirpey rêsabeder (narêk) y dil arrhythmia ke pêwîstî be çareye.<br><br>Serçawe:<br>https://www-mayoclinic-org.translate.goog/diseases-conditions/heart-palpitations/symptoms-causes/syc-20373196?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=sv&_x_tr_hl=sv&_x_tr_pto=rq&_x_tr_hist=true |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| PANS: Pediatric Acute-onset Neuropsychiatric Syndrome<br><br>PANDAS: Pediatric Autoimmune Neuropsychiatric Disorders Associated with Streptococcal infections | پانس PANS<br>پانداس PANDAS | pans PANS<br>pandas PANDAS | پان و پانداس<br>PANS بریتییە بریتییە لە جۆردۆزییەکی کلینیکانە بۆ ئەو زارۆکەی لەناکاو – لە شەوەڕۆژێکدا - نۆنەخشەی نیشانەگەلی دەمارڕەوانسازانەی وەهای لێ خویا دەبێت کە «خووپەشێوی» Obsessive-Compulsive Disorder (OCD) یان کێشەی سنووربەندیی خواردن تێیاندا هاوئامێزە. زۆربەی ئەم منداڵانە جۆردۆزیی OCD یان خواردنپەشێوییان هەیە، بەڵام ئەم نۆنەخشە ناکاوە دەبێتە جوداکەرەوەی ئەو پەشێوییانە لە PANS. ئەم زارۆکانە، سەرباری ئەو پەشێوییانە، دەشێت نیشانەگەلی وەک خەمۆکی، زوو هەراسانبوون، دڵەڕاوکێ و کورتهێنانی ڕەوتی فێرگەیان لێ ئاشکرا بێت. هۆکاری PANS هێشتا ڕوون نییە بەڵام پێدەچێت زۆرجار چڵکگرتن، تێکچوونی مێتابۆلییانە metabolic disturbances و بەرتەکی دیکەی سەربە هەوکاری، سەرجاوە بن.<br><br>زارۆکی PANDAS، هەر وەک PANS، نۆنەخشەی ناکاویان هەیە – دوو تا سێ ڕۆژ – لە نیشانەگەلی دەمارڕەوانسازانە، بەتایبەتی خووپەشێوی OCD و «تیکس» tics (بزاوتی خواستبەدەری ئارمانجبەدەر). بەڵام زارۆکی سەربە PANDAS، جگە لەوانەش، هەوکردنی ستڕێپتۆکۆکەس streptococcus هەیە، وەک هەوکردنی ئاڵوو strep | Pan û pandas<br>PANS brîtîye brîtîye le cordozîyekî kilînîkane bo ew zarokey lenakaw – le şewerojêkda - nonexşey nîşanegelî demarrewansazaney wehay lê xuya debêt ke «xûpeşêwî» Obsessive-Compulsive Disorder (OCD) yan kêşey sinûrbendîy xwardin têyanda hawamêze. Zorbey em mindalane cordozîy OCD yan xwardinpeşêwîyan heye, belam em nonexşe nakawe debête cudakerewey ew peşêwîyane le PANS. Em zarokane, serbarî ew peşêwîyane, deşêt nîşanegelî wek xemokî, zû herasanbûn, dilerawkê û kurthênanî rewtî fêrgeyan lê aşkira bêt. Hokarî PANS hêşta rûn nîye belam pêdecêt zorcar çilkgirtin, têkiçûnî mêtabolîyane metabolic disturbances û bertekî dîkey serbe hewkarî, sercawe bin.<br><br>Zarokî PANDAS, her wek PANS, nonexşey nakawyan heye – dû ta sê roj – le nîşanegelî |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Paraphilia, Paraphilic Disorder | پارافیلیا | parafîlya | پەشێوییەکە تێیدا خەیاڵبازیی چڕی فرەپاتی زایەندخواز، ئارەزووی زایەندخواز و ڕەفتاری وەها هەن کە پەرۆشی بابەتی مرۆڤبەدەر، ئازاردانی خۆ، ئازردانی کەسی هاوبەش، منداڵ یان هاوبەشی دیکەی ناڕازی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 paraphilic-disorders/10262 | |
| Parasympathetic Nervous System | کۆئەندامی دەماری پاراسیمپاتیک | koendamî demarî parasîmpatîk | /.../ | /.../ |
| Parietal lobe | بانەپل | banepl | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Parkinson disease | دەردی Parkinson | derdî Parkinson | دەردێکی دەمارناسانەی دارزێن و پێشڕەوتە (پەیتاپەیتا زیاد دەکات) نیشانەکانی بریتین لە: لەرزین، گرژیی ماسوولکە، سەختۆڵی، بزاوتی خاو، پاشەڕەوتی retropulsion (بەرەودوا ڕۆیشنی خواستبەدەر و مەیلی بەپشتدا کەوتن)،کوورپبوونی لەش و هەروەها دەربڕینێکی تەزیوی ڕووخسار. نیشانەی دەردەدارییەکەی Parkinson بریتییە لە نەمانی خانەدەماری خاوەن «میلانین» melanin لە «ڕەشەکەرەستە» substantia nigra و خانەی ڕەنگڕێژە pigment ی نێوەکیی دیکەی «پایەمێشک» brainstem جێگیرن. «Lewy-تەن» (لیوی-تەن) Lewy bodies لە «ڕەشەکەرەستە» و لە «شینەوار» locus coeruleus دا پەیدایە بەڵام جاریش هەن لە دۆخی هاوجۆریشدا پەیدا دەبن، وەک «دەردی Lewy-تەن» کە تێیدا دێمێنس لەتەک دەردی جۆراوجۆری Parkinson دا ئاوێزان دەبێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D010300/parkinson-disease | Derdêkî demarnasaney darzên û pêşrewte (peytapeyta ziyad dekat) nîşanekanî brîtîn le: lerzîn, girjîy masûlke, sextolî, bizawtî xaw, paşerewtî retropulsion (berewdûwa royişinî xwastbeder û meylî bepiştda kewtin),kûrbûnî leş û herweha derbirînêkî tezîwî rûxsar. Nîşaney derdedarîyekey Parkinson brîtîye le nemanî xanedemarî xawen «mîlanîn» melanin le «reşekereste» substantia nigra û xaney rengirêje pigment y nêwekîy dîkey «payemêşik» brainstem cêgîrin. «Lewy-ten» (lîwî-ten) Lewy bodies le «reşekereste» û le «şînewar» locus coeruleus da peydaye belam carîş hen le doxî hawcorîşda peyda debin, wek «derdî Lewy-ten» ke têyda dêmêns letek derdî corawcorî Parkinson da awêzan debêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D010300/parkinson-disease |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| passive stretching | کشانی خامۆش | kişanî xamoş | کشانی ماسوولکە بە هێزێکی دەرەکی، نەک توانای خۆت، بۆ نموونە کەسێکی هاوکار، ڕاهێنەر، یان بەستەرێکی وەرزشی ئەو کاری کشانی ماسوولەکەیەی تۆ ئەنجام دەدات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://health.clevelandclinic.org/passive-stretching | Kişanî masûlke be hêzêkî derekî, nek twanay xot, bo nimûne kesêkî hawkar, rahêner, yan besterêkî werzişî ew karî kişanî masûlekeyey to encam dedat.<br><br>Serçawe:<br>https://health.clevelandclinic.org/passive-stretching |
| passivity | خامۆشی | xamoşî | /.../ | /.../ |
| pathologic neovascularization | دەردی نەولوولەسازی | derdî newlûlesazî | پێڤاژۆیەکی نەخۆشییە دەبێتە هۆی زیادبوونی نائاسایی ڕەگی خوێن (لوولەی خوێن)لە شانەی نائاساییدا یان لە جێگەی نائاسییدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009389/neovascularization-pathologic | Pêvajoyekî nexoşîye debête hoy ziyadbûnî naasayî regî xwên (lûley xwên)le şaney naasayîda yan le cêgey naasîyda.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D009389/neovascularization-pathologic |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Pathological demand avoidance (PDA),<br>Extreme Demand Avoidance (EDA) | لافەرمانیی پەرگیر | lafermanîy pergîr | فراژپەشێوییەکی گشتگیرە کە تێیدا لاسارییەکی لەڕادەبەدری تێدایە بەرانبەر داواکاری و چاوەڕوانیی دەوروبەر، لافەرمانی لە ئاست داواکاری کەسانی دیکە، کۆشانێکی پەرگیر بۆ نەسەلماندنی مەرجی جڤاکی. گشت چاوەڕوانییەک، تەنانەت ڕوتینی ڕۆژانەی وەک دادانشۆرین یان چالاکیی فرە خوازروی وەک چوونە دەرەوە لە ماڵ بۆ سەردانی یاریگە دەبێتە داگیرسێنی ڕەفتاری لاساری. گەر لاسارییەکە سەری نەگرێت دەبێتە مایەی پەشۆکانی توند و داڕووخان.<br><br>سەرچاوە:<br>https://en.wikipedia.org/wiki/Pathological_demand_avoidance | firajpeşêwîyekî giştgîre ke têyda lasarîyekî leradebedirî têdaye beranber  dawakarî û çawerwanîy dewrûber, lafermanî le ast dawakarî kesanî dîke, koşanêkî pergîr bo neselmandinî mercî civakî. gişt çawerwanîyek, tenanet rutînî rojaney wek ddanişorîn yan çalakîy fire xwazirwî wek çûne derewe le mal bo serdanî yarîge debête dagîrsênî reftarî lasarî. ger lasarîyeke serî negirêt debête mayey peşokanî tund û darûxan.<br><br>serçawe:<br>https://en.wikipedia.org/wiki/Pathological_demand_avoidance |
| Pediatric Care Center | بنکەی چاودێریی زارۆک | binkey çawdêrîy zarok | /.../ | /.../ |
| pediatric neurology | دەمارناسیی زارۆک | demarnasîy zarok | ڕێچکەیەکی پزیشکانەیە لە دەمارناسیدا خەریکی جۆردۆزی و چارەی نەخۆشییە لە کۆئەندامی دەماردا لای منداڵ. | Rêçkeyekî pizîşikaneye le demarnasîda xerîkî cordozî û çarey nexoşîye le koendamî demarda lay mindal. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Perceptual Disorders | دەرکپەشێوی | derikpeşêwî | جۆرێکە لە «تێکچوونی زانیارەکی» cognitive disorders ی وەها کە دەبێتە مایەی داهێزانی توانستی دەرککردنی چەمک و کەلوپەلی دەوروبەرلە رێی هەستەوەرەکانەوە. لەم دۆخەدا بەرژەنگی وێلکردنی جێگە ئاشکرایە کە دەکاتەوە ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت سیگناڵ و دنە stimuli ی هاتوو لە یەک تەنیشتاری لەشەوە دەرک بکات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 perceptual-disorders/10468 | Corêke le «têkiçûnî zanyarekî» cognitive disorders y weha ke debête mayey dahêzanî twanistî derikkirdinî çemik û kelûpelî dewrûberle rêy hestewerekanewe. Lem doxeda berjengî wêlkirdinî cêge aşkiraye ke dekatewe ewey mirov natwanêt sîgnal û dine stimuli y hatû le yek tenîştarî leşewe derik bikat.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D010468/perceptual-disorders |
| perinatal period | دەمەزان | demezan | ماوەی دەوروبەری زان، لە هەفتەی بیستەمی دووگیانییەوە هەتا نێزیکە چوار هەفەتەی پاش زان | Mawey dewrûberî zan, le heftey bîstemî dûgiyanîyewe heta nêzîke çiwar hefetey paş zan |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Peripheral Nervous System(PNS) | پاکۆئەندامی دەمار | pakoendamî demar | پاکۆئەندامی دەمار Peripheral Nervous System(PNS)، پاش شاکۆئەندامی دەمار، بەشی دووهەمەی گرینگە لە کۆئەندامی دەمار. ئەرکی پاکۆئەندامی دەمار گەیاندنی سیگنالە لە هەستەوەرەکانی لەشەوە بۆ مێشک و هەروەها گواستنەوەی سیگنالە لە مێشکەوە بۆ بەشەکانی دیکەی لەش. پاکۆئەندامی دەمار ئەو سیگنالانەی مێشکیش دەگوێزنەوە کە جڵەوگیری پێڤاژۆی هەرە گرینگی ئاگابەدەرە لە لەشدا، وەک ترپەی دڵ و هەناسەدان. | Pakoendamî demar Peripheral Nervous System(PNS), paş şakoendamî demar, beşî dûhemey girînge le koendamî demar. Erikî pakoendamî demar geyandinî sîgnale le hestewerekanî leşewe bo mêşik û herweha giwastinewey sîgnale le mêşikewe bo beşekanî dîkey leş. Pakoendamî demar ew sîgnalaney mêşikîş degiwêzinewe ke cilewgîrî pêvajoy here girîngî agabedere le leşda, wek tirpey dil û henasedan. |
| Personality Disorders | پەشێویی کەسایەتی | peşêwîy kesayetî | دەبێتە هۆی لادانی دژواری ڕەفتار | Debête hoy ladanî dijwarî reftar |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| pervasive developmental disorder (PDD) | فراژپەشێویی گشتپۆش | firajpeşêwîy giştpoş | لادانی دژوارە لە فراژووتنی چەندین کارکردی بنەڕەتیی دەروونیدا کە لەبار نین بۆ هیچ ئاستێکی فراژووتن. دەرهاویشتە ئەم جۆرانەی لادان دەبێتە داهێزانێکی یەکبینە لە توانستی جڤاکیدا، زمانپەشێوی و بزاوتپەشێوی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002659/child-development-disorders-pervasive | Ladanî dijware le firajûtinî çendîn karkirdî bineretîy derûnîda ke lebar nîn bo hîç astêkî firajûtin. Derhawîşte em coraney ladan debête dahêzanêkî yekbîne le twanistî civakîda, zimanpeşêwî û bizawtpeşêwî.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002659/child-development-disorders-pervasive |
| Phenotype | فێنۆتایپ | fênotayp | ئادگاری ڕواڵەتی تاکی بوونەوەر، بۆ نموونە باڵا یان ڕەنگی چاو. | Adgarî riwaletî takî bûnewer, bo nimûne bala yan rengî çaw. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Phenylketonuria (PKU) | فەنیلکەتۆنوریا | fenîlketonurya | دەستەیەک پەشێویە وابەستەی ئاوتۆسۆمالی گلاو (بنکەوتوو، ناکام) recessive وەک دەرهاویشتەیەک لە کەماسیی ئەزیمی Phenylalanine Hydroxylase (PAH) ی جگەر و کەم جاریش وەک دەرهاویشتە لە داهێزانی چالاکیی Dihydropteridine Reductase (واتا atypical phenylketonuria). هۆکاری جۆری کلاسیکی PKU دەگەڕێتەوە بۆ کەماسییەکی دژواری phenylalanine hydroxylase کە نۆنەخشەی لە بەرایی تەمەندا خویا دەبێت و دەبیتە هۆی خاوفراژی developmental delay، گەشکە، «کەمیی ڕەنگڕێژی» hypopigmentation, hypomelanosis ی پێست، ئەکزێم Eczema و هەروەها «خاپووراندنی مایەلین myelin » demyelination لە شاکۆئەندامی دەماردا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0<br>phenylketonurias/10661 | Desteyek peşêwîye wabestey awtosomalî gilaw (binkewtû, nakam) recessive wek derhawîşteyek le kemasîy ezîmî Phenylalanine Hydroxylase (PAH) y ciger û kem carîş wek derhawîşte le dahêzanî çalakîy Dihydropteridine Reductase (wata atypical phenylketonuria). Hokarî corî kilasîkî PKU degerêtewe bo kemasîyekî dijwarî phenylalanine hydroxylase ke nonexşey le berayî temenda xuya debêt û debîte hoy xawfirajî developmental delay, geşke, «kemîy rengirêjî» hypopigmentation, hypomelanosis y pêst, ekizêm Eczema û herweha «xapûrandinî mayelîn myelin » demyelination le şakoendamî demarda.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D010661/phenylketonurias |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Phobic Disorders | فۆبیاپەشێوی | fobiyapeşêwîy | دۆخێکی دڵەڕاوکێیە کە تێیدا ترسێکی بەردەوام و  هۆشبەدەر لە بابەت، چالاکی و دۆخی دیاریکراو دەبێتە ئادگارێکی زاڵ و ئەو کەسەی تووشی بووە هەردەم لێیان بەپەرێز دەبێت. | Doxêkî dilerawkêye ke têyda tirsêkî  berdewam û  hoşbeder le babet, Çalakî û doxî diyarîkiraw debête adgarêkî zal û ew kesey tûşî bûwe herdem lêyan beperêz debêt. |
| physical therapist, physiotherapist | لەشسارێژ، فیزیۆتراپست | leşsarêj, fîzyotirapist | کەسی پسپۆڕ لە بواری لەشسارێژیدا بۆ بەکارهێنانی مۆدێلی لەشسارێژانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە بزاوتن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 physical-therapists/59825 | Kesî pispor le buwarî leşsarêjîda bo bekarhênanî modêlî leşsarêjane bo çareserkirdinî kêşe bizawtin.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D059825/physical-therapists |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| physical therapy, physiotherapy | لەشساریژی، فیزیۆتەراپی | leşsarêjî, fîzyoterapî | تێهەڵکێشەیەکە لە ڕێبازی جۆراوجۆ بۆ چارەسەری کورتهێنانی بزاوتی لەش. لێرەدا ڕاهێنان، شێلان (مەساژ) و چارەی دیکە وابەستەی دنەدەری فیزیکی (وەک گەرمی، ساردی، تەزووی کارەبایی و باندەنگ ultrasound) هاوئامێزن. ئارمانجی لەشسارێژی بریتییە لە کەمکردنەوەی ژان، یارمەتیدان بۆ خووڵەی باشتر و بۆ پتەوکردنی ماسوولکەی لاواز. ئارمانجێکی دیکەی گرینگ بریتییە لە فێرکردنی نەخۆشەکە چی بکات بۆ سەرخستنی ساخڵەمی و توانای خۆی. ئەم جۆرە چارەسەر تەنها لە بنگەی تایبەت و لە نەخۆشخانەی پیادە ناکرێت، بگرە دەتوانیت و باشیشە گەر خۆت لە ماڵەوە بەردەوام خەریکی بیت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK561514/ | Têhelkêşeyeke le rêbazî corawco bo çareserî kurthênanî bizawtî leş. Lêreda rahênan, şêlan (mesaj) û çarey dîke wabestey dinederî fîzîkî (wek gerimî, sardî, tezûy karebayî û bandeng ultrasound) hawamêzin. Armancî leşsarêjî brîtîye le kemkirdinewey jan, yarmetîdan bo xûley baştir û bo pitewkirdinî masûlkey lawaz. Armancêkî dîkey girîng brîtîye le fêrkirdinî nexoşeke çî bikat bo serxistinî saxlemî û twanay xoy. Em core çareser tenha le bingey taybet û le nexoşxaney piyade nakirêt, bigire detwanît û başîşe ger xot le malewe berdewam xerîkî bît.<br><br>Serçawe:<br>https://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK561514/ |
| physician | پزیشک | pizîşk | /.../ | /.../ |
| physiotherapy | لەشسارێژی | leşsarêjî | /.../ | /.../ |
| postsynaptic membrane | پاشەسیناپسانە | paşesînapisane | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Prader-Willi Syndrome (PWS) | بەرژەنگی Prader-Willi | berjengî Prader-Willi | پەشێوییەکی زاڵەئاوتۆسۆم Autosomal dominant ە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەشفاندن deletion لە «درێژەباڵی نێزیک» proximal long arm ی نێو کرۆمۆسۆمی پازدەی باوکانە paternal (15q11-q13) یان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردووک تاکی کرۆمۆسۆمی پازدە لە دایکەوە بە میرات وەردەگیرێت (Uniparental Disomy). نیشانەگەلی کلینیکانەی ئەم بەرژەنگە بریتین لە : هۆشپەکولی mental retardation ، کەمگرژیی ماسوولکە (هایپۆتۆنیا) muscular hypotonia، فرەخۆری hyperphagia، دەردەقەڵەوی obesity، باڵاکورتی short stature، هایپۆگۆنادیزم Hypogonadism، خێلی strabismus و هەروەها فەرخەوی hypersomnolence.<br><br>سەرچاوە:<br><br>https://mesh.kib.ki.se/term/D011218/prader-willi-syndrome | Peşêwîyekî zaleawtosom Autosomal dominant e hokarekey degerêtewe bo heşfandin deletion le «dirêjebalî nêzîk» proximal long arm y nêw kromosomî pazdey bawikane paternal (15q11-q13) yan degerêtewe bo ewey herdûk takî kromosomî pazde le dayikewe be mîrat werdegîrêt (Uniparental Disomy). Nîşanegelî kilînîkaney em berjenge brîtîn le : hoşpekulî mental retardation , kemgirjîy masûlke (haypotonya) muscular hypotonia, firexorî hyperphagia, derdeqelewî obesity, balakurtî short stature, haypogonadîzm Hypogonadism, xêlî strabismus û herweha ferxewî hypersomnolence.<br><br>Serçawe:<br><br>https://mesh.kib.ki.se/term/D011218/prader-willi-syndrome |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| premature birth | نەوەکامی | newekamî | زانی پێشکات، زانی پێش هەفتەی 37 ی دووگیانی کە زانی ئاسایی چل هەفتە دەخایەنێت. کۆرپەلەی نەوەکام بەگشتی کێشەی ساخڵەمییان هەیە، بەتایبەتی گەر زانیان یەکجار زوو بێت و هەتا زووتر بێت کێشەکان دژوارتر دەبن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/premature-birth/symptoms-causes/syc-20376730 | Zanî pêşkat, zanî pêş heftey 37 î dûgiyanî ke zanî asayî çil hefte dexayenêt. Korpeley newekam begiştî kêşey saxlemîyan heye, betaybetî ger zanyan yekcar zû bêt û heta zûtir bêt kêşekan dijwartir debin.<br><br>Serçawe:<br>https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/premature-birth/symptoms-causes/syc-20376730 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| premutation | بەرەبازدان | berebazdan | له بواری ژێنناسیدا، دۆخێکە تێیدا فرەپاتبوونی ژێنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات کە مەترسیی هەڵکشانی درێژیی هەیە لە کاتی بەرهەمهێنانەوە (زیادبوون) بەڵام نابێتە هۆی دەردەداریی لای ئەو کەسەی فرەپاتەکەی هەیە. بەرژەنگی تورتە X، «پەشێویی ترینوکلیۆتایدی فرەپات» trinucleotide repeat disorder، دۆخێکی وەهایە کە دەشێت «بەرەبازدان» لای دایبابی کەسە نەخۆشکە هەبێت. دەردی Huntington نموونەیەکی دیکەیە لە «پەشێویی ترینوکلیۆتایدی فرەپات» کە تێیدا ئەو مرۆڤەی زێدەڕۆیی هەیە لە فرەپاتی (27–39) ی CAG codon نێو ژێنی Huntingtin دا لەوەیە نەخۆشییەکەی نەبێت بەڵام لەبارن بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری هەڵکشانی ئەو فرەپاتبوونە (+40) لای منداڵی خۆیان و بەوەش منداڵەکە دەردەدار دەبێت. | Le buwarî jênnasîda, doxêke têyda firepatbûnî jênêkî diyarîkirawda rû dedat ke metirsîy helkişanî dirêjîy heye le katî berhemhênanewe (ziyadbûn) belam nabête hoy derdedarîy lay ew kesey firepatekey heye. Berjengî turte X, «peşêwîy tirînukilyotaydî firepat« trinucleotide repeat disorder, doxêkî wehaye ke deşêt «berebazdan« lay daybabî kese nexoşke hebêt. Derdî Huntington nimûneyekî dîkeye le «peşêwîy tirînukilyotaydî firepat« ke têyda ew mirovey zêderoyî heye le firepatî (27–39) y CAG codon nêw jênî Huntingtin da leweye nexoşîyekey nebêt belam lebarin bo ewey bibine hokarî helkişanî ew firepatbûne (+40) lay mindalî xoyan û beweş mindaleke derdedar debêt. |
| prenatal period | بەرەزان | berezan | ماوەی بەر لە زان | Mawey ber le zan |
| presynaptic terminal | بنەتای بەرەسیناپسانە | binetay beresînapisane | /…/ | /…/ |
| problem-solving | چارەدۆزی | çaredozî | /…/ | /…/ |
| procedure | ڕێکرد | rêkird | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| prospective | ئایەندەبین، بەرشیان | ayendebîn, berşiyan | تۆژینەوەی ئایەندەبین پەرۆشی داهاتووی ئەو بابەتەیە کە مەبەستییەتی. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە ڕابوردەبین. | Tojînewey ayendebîn peroşî dahatûy ew babeteye ke mebestîyetî. bo pêçewanekey birwane raburdebîn. |
| psychiatrist | ڕەوانساز | rewansaz | /.../ | /.../ |
| psychoanalysis | دەروونشیکاری | derûnişîkarî | /.../ | /.../ |
| psychoanalyst | دەروونشیکار | derûnişîkar | /.../ | /.../ |
| psychoanalytic | دەروونشیکارانە | derûnişîkarane | /.../ | /.../ |
| psychoanalytic psychology | دەروونناسیی دەروونشیکارانە | derûnnasîy derûnişîkarane | /.../ | /.../ |
| psychoanalytic therapy | سارێژی دەروونشیکارانە | sarêjî derûnişîkarane | /.../ | /.../ |
| Psychoeducation | دەروونفێرکاری | derûnfêrkarî | چەمکی دەروونفێرکاری (تێهەڵکێشی فێرکاریی دەروونناسانە psychological education یە) دەکاتەوە ئاگاداریی سیستەمبەند و ساختاربەندی فێرکارانە دەربارەی هەم نەخۆشییەکە و هەم چارەسەری ئەو نەخۆشییەی دەدرێتە نەخۆش، خێزانی نەخۆش و لایەنی چاودێر بۆ ئەوەی نەخۆشەکە بتوانێت هەڵبکات لەتەک نەخۆشییەکەدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/psychoeducation | Çemikî derûnfêrkarî (têhelkêşî fêrkarîy derûnnasane psychological education ye) dekatewe agadarîy sîstembend û saxtarbendî fêrkarane derbarey hem nexoşîyeke û hem çareserî ew nexoşîyey dedirêtite nexoş, xêzanî nexoş û layenî çawdêr bo ewey nexoşeke bitwanêt helbikat letek nexoşîyekeda.<br><br>Serçawe:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/psychoeducation |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Psychopathy | سایکۆپاتی | saykopatî | تێکچوونی دەروونی. پەشێوی کەسایەتییە کە تایبەتمەندە بە ڕەفتاری دژە جڤاکی بەردەوام و نەبوونی هاوسۆزی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/psychopathy#:~:text=Psychopathy%20is%20a%20personality%20disorder,for%20the%20pain%20they%20cause. | Têkiçûnî derûnî. Peşêwîy kesayetîye ke taybetmende be reftarî dije civakî berdewam û nebûnî hawsozî.<br><br>Serçawe:<br>https://www.sciencedirect.com/topics/neuroscience/psychopathy#:~:text=Psychopathy%20is%20a%20personality%20disorder,for%20the%20pain%20they%20cause. |
| Psychophysiology, physiological psychology | فیزیۆلۆژیی دەروون، دەروونناسیی فیزیلۆلۆژیانە | fîzyolojîy derûn, derûnnasîy fîzîlolojiyane | ڕێچکەیەکی دەروونناسییە خەریکی پەجۆرییە لە بنەما فیزیۆلۆژییەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و گیانەوەران.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D011603/psychophysiology | Rêçkeyekî derûnnasîye xerîkî pecorîye le binema fîzyolojîyekanî reftarî mirov û giyaneweran.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D011603/psychophysiology |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| psychosocial disability | گرفتاریی دەروونجڤاکی | griftarîy derûncivakî | شاچەمکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەو گرفتارییانەی دەبنە دەرهاویشتەی کێشەی دەروونی. گرفتاریی  باسی لە جۆردۆزی نییە، باسی لەو کاریگەری و کۆسپانەیە کە دێنە ڕێی ئەو مرۆڤەی لە ڕووی دەروونییەوە دەردەدارە. ئەم گرفتارییە کاتێک سەرهەڵدەدات کە مرۆڤێکی دەروونزەدە بەرکەوتی دەبێت لەتەک ژینگەیەکی جڤاکی وەهادا کە کۆسپ دادەنێن بۆ یەکسانبوونیان لەگەڵ دەوروبەردا.<br><br>گرفتاریی دەروونجڤاکی دەشێت بەم جۆرانە گوزەرانی مرۆڤ ڕێبەست بکات:<br>- تەنێ لە ژینگەی تایبەتدا هەڵ بکات<br>- سێرەگرتن<br>- خۆراگریی پێویست بۆ تەواوکردنی ئەرکی دیاریکراو<br>- دەروەستهاتنی پەستانی کات و فرە ئەرک<br>-  کارلێک لەتەک کەسانی دیکەدا<br>- پەیبردن بە فیدباکی سازەندە<br>- دەروەستهاتنی سترێس<br><br>مرۆڤی خاوەن گرفتاریی دەروونجڤاکی پێویستی بە کۆمەکە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی لە بواری هەڵکردن و کارلێکی جڤاکیدا. لای کەسانی خاوەن ئەم گرفتارییە، بەسەرهاتی تراومادری زووتر، گەلێک باوە. لەبەر ئەوە، بەدەم دابینکردنی کۆمەکەوە، گرینگە مرۆڤ هەستیارانە هەڵسوکەوت | Şaçemike bo ravekirdinî ew griftarîyaney debine derhawîştey kêşey derûnî. Griftarîy  basî le cordozî nîye, basî lew karîgerî û kospaneye ke dêne rêy ew mirovey le rûy derûnîyewe derdedare. Em griftarîye katêk serheldedat ke mirovêkî derûnizede berkewtî debêt letek jîngeyekî civakî wehada ke kosp dadenên bo yeksanbûnyan legel dewrûberda.<br><br>Griftarîy derûncivakî deşêt bem corane guzeranî mirov rêbest bikat:<br>- tenê le jîngey taybetda hel bikat<br>- sêregirtin<br>- xoragirîy pêwîst bo tewawkirdinî erikî diyarîkiraw<br>- derwesthatinî pestanî kat û fire erik<br>-  karlêk letek kesanî dîkeda<br>- peybirdin be fîdbakî sazende<br>- derwesthatinî stirês<br><br>Mirovî xawen griftarîy derûncivakî pêwîstî be komeke |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Psychosocial Environment | ژینگەی دەروونجڤاکی | jîngey derûncivakî | ژینگە دوو جۆر  هۆکاری کاریگەر و دابڕی لەسەر ساخالەمی (تەندروستی و دەروونسازی) ی مرۆڤ هەیە، یەکەم هۆکاری جڤاکییە و دووهەم هۆکار فیزیکیی ژینگەکارە.  تاوی هۆکاری جڤاکی لەسەر ساخلەمی بەشێکە لەو ژینگە بەرینە ئێمە تێیدا دەژین.<br><br>بەشێک لە «ژینگەی دەروونجڤاکی» بریتییە لە بەرتەکی مرۆڤ لە هۆکارگەلی سترێس لە ژیانماندا، هەر لە هۆکاری کاتیی وەک سیخناخبوونی ترافیک هەتا دەگاتە هۆکاری مەزنتری وەک جەنگ، لانەوازانی و دەردی ناگەهان.  هەڤبەندیی ئێمە لەتەک ئەندامی خێزان، هەڤاڵ، هاوکار و هەروەها کەسان و دەستەگەلی دیکەی ئێمە لە جڤاکدا بەرکەتمان لەتەک هەیە، بەشێکی گرینگن لەم ژینگەیە.  ئەمانە تاویان هەیە لەسەر توانستی مرۆڤ بۆ چارەکردنی هۆکاری سترێس. هەڤبەندیی کۆمەکبەخش و پەرۆشدارانە دەبنە مایەی ڕاهێزانی توانستی مرۆڤ بۆ سوودمەندبوون لە گشت ئەو سەرچاوە خۆماکانەی هەیەتی بۆ چارەکردنی سترێس بە شێوازێکی ئایەتی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://www.healthandenvironment.org/resources/environme | Jînge dû cor  hokarî karîger û dabirî leser saxalemî (tendirustî û derûnsazî) y mirov heye, yekem hokarî civakîye û dûhem hokar fîzîkîy jîngekare.  Tawî hokarî civakî leser saxlemî beşêke lew jînge berîne ême têyda dejîn.<br><br>Beşêk le «jîngey derûncivakî» brîtîye le bertekî mirov le hokargelî stirês le jiyanimanda, her le hokarî katîy wek sîxnaxbûnî tirafîk heta degate hokarî mezintirî wek ceng, lanewazanî û derdî nagehan.  Hevbendîy ême letek endamî xêzan, heval, hawkar û herweha kesan û destegelî dîkey ême le civakda berketiman letek heye, beşêkî girîngin lem jîngeye.  Emane tawyan heye leser twanistî mirov bo çarekirdinî hokarî stirês. Hevbendîy komekbexş û peroşdarane debine mayey rahêzanî twanistî mirov bo sûdmendbûn le gişt ew serçawe xomakaney heyetî bo çarekirdinî stirês be şêwazêkî |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Psychosomatic Disorder | پەشێوی دەروونلەشەکی | peşêwîy derûnleşekî | هەر دۆخێکی لەشەکییە کە بە بەرزبوونەوەی ڕادەی سترێس ئەم پەیدا دەبێت یان هەڵدەکشێت. سترێس تاوی جۆراوجۆری لەسەر لەشمان هەیە و دەتوانێت تاوی لەسەر دۆخی لەشەکیی ئێمە هەبێت، هەر لە نەخۆشیی دڵەوە هەتا ئەکزێم eczema. چارەسەری سترێس دەشێت فرە کاریگەر بێت بۆ چارەی پەشێویی دەروونلەشەکی.<br><br>سەرچاوە:<br>https://my.clevelandclinic.org/h-ealth/diseases/21521 psychosomatic-disorder | Her doxêkî leşekîye ke be berizbûnewey radey stirês em peyda debêt yan heldekişêt. Stirês tawî corawcorî leser leşiman heye û detwanêt tawî leser doxî leşekîy ême hebêt, her le nexoşîy dilewe heta ekizêm eczema. Çareserî stirês deşêt fire karîger bêt bo çarey peşêwîy derûnleşekî.<br><br>Serçawe:<br>https://my.clevelandclinic.org/health/diseases/21521-psychosomatic-disorder |
| psychotherapist | دەروونسارێژ | derûnsarêj | /…/ | /…/ |
| psychotherapy | دەروونسارێژی | derûnsarêjî | /…/ | /…/ |
| psychotic disorders, Psychosis | دەروونپەشێوی | derûnpeşêwî | پەشێوییەکە تێیدا مرۆڤ سنووری خۆی لێ دەشێوێت، دەرکی بۆ داکەوتی ڕاستینە دادەهێزرێت، دەکەوێتە ورێنەو و دارشتنی چەوتەباوەڕ.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 psychotic-disorders/11618 | Peşêwîyeke têyda mirov sinûrî xoy lê deşêwêt, derikî bo dakewtî rastîne dadehêzirêt, dekewête wirênew û darîştinî çewtebawer.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D011618/psychotic-disorders |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Randomized Controlled Trial (RCT) | ئاروینی جڵەوگرتەی هەڕەمەکی | arwînî cilewgirtey heremekî | لە تۆژینەوەی کلینیکیدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کەسانێک دێنە هەڵبژاردن بۆ «دەستەی ئاروین» یان بۆ «دەستەی کۆنترۆڵ». دەستەی ئاروین چارەسەری نوێ وردەگرێت بەڵام دەستەی کۆنترۆڵ هەمان چارەسەر وەرناگرێت بۆ ئەوەی تۆژینەوەکە ئەنجامی هەردوو دەستەکە بەراورد بکات. | Le tojînewey kilînîkîda be şêweyekî heremekî kesanêk dêne helbijardin bo «destey arwîn» yan bo «destey kontirol». Destey arwîn çareserî niwê wirdegirêt belam destey kontirol heman çareser wernagirêt bo ewey tojîneweke encamî herdû desteke berawird bikat. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Reactive Attachment Disorder (RAD) | پەیوەستپەشێویی خەفە | peywestpeşêwîy xefe | پەشێویی هەڵکردنە، باسی لە پەیوەستێکی جڤاکییە کە بەشێوەیەکی بەرچاو پەشێوە، لە ڕووی فراژییەوە نالەبارە، پێش تەمەنی پێنجساڵی خویا دەبێت و پێویستی بە چاودێرییەکی ڕژدی پزیشکیی منداڵان هەیە. منداڵی خاوەن ئەم پەشێوییە، لە دامەزراندن و بەرسڤدانەوەی کارلێکی جڤاکیدا، لەچاو تەمەنی خۆیدا، فرە جار کورتی دەهێنێت. ئەم پەیوەستپەشێوییە دوو جۆری هەیە:  جۆری خەفە Reactive Attachment Disorder (کەمڕوو) inhibited type کە گۆشەگیر و بەرسڤنەدەرە، یان جۆری بێباک disinhibited type، کە نەخشێکی پەرت و ناهەڵاوێردی پەیوستبوون بە دەوروبەرەوە پێشان دەدات.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D019962/reactive-attachment-disorder | Peşêwîy helkirdine, basî le peywestêkî civakîye ke beşêweyekî berçaw peşêwe, le rûy firajîyewe nalebare, pêş temenî pênc salî xuya debêt û pêwîstî be çawdêrîyekî rijdî pizîşkîy mindalan heye. Mindalî xawen em peşêwîye, le damezirandin û bersivdanewey karlêkî civakîda, leçaw temenî xoyda, fire car kurtî dehênêt. Em peywestpeşêwîye dû corî heye:  corî xefe Reactive Attachment Disorder (kemirû) inhibited type ke goşegîr û bersivnedere, yan corî bêbak disinhibited type, ke nexşêkî pert û nahelawêrdî peyustbûn be dewrûberewe pêşan dedat.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D019962/reactive-attachment-disorder |
| receptor | وەرگر | wergir | /.../ | /.../ |
| regressive autism | ئاوتیزم پشتەڕەو | Awtîzm pişterew | ئاوتیزمی پشتەڕەو باسی لە دۆخێکە کە فراژووتنی منداڵەکە ئاساییە بەڵام پاشان لە تەمەنی پازدە بۆ سی مانگدا، زمان و کارامەیی جڤاکیی ئەو منداڵە پاشەکشە دەکەن. | Awtîzmî pişterew basî le doxêke ke firajûtinî mindaleke asayîye belam paşan le temenî pazde bo sî mangda, ziman û karameyî civakîy ew mindale paşekişe deken. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| regressive behavior | ڕەفتاری پشتەڕەو | reftarî pişterew | /…/ | /…/ |
| rehabilitation | توانبەخشی | twanbexşî | /…/ | /…/ |
| REM-Sleep, REMS, Rapid eye movement sleep | خەونەخەو، REM-ەخەو | xewinexew, REM-exew | ئەو «گەڕ» (کات)انەی خەوە کە مرۆڤ خەونی تێدا دەبینێت. لە گەڕی خەونەخەودا، چاو جووڵەی خێرایە و خانەدەماری مێشکی هەمان ئاستی چالاکییان هەیە کە مرۆڤەکە کاتی بێداری هەیەتی. خەونەخەو سووکترین خەوە و گەر کەسێک لەو گەڕەدا هۆشیار بکرێتەوە بەگشتی هەست بە گورجی دەکات.<br>خەونەخەو بەگشتی چوار تا پێنج گەڕی لە شەوێکدا پەیدا دەبێت، ماوەکانی خەونەخەو لە سەرەتای خەودا کورتن و دەمەو بنەتای خەو درێژترن. کۆی سەرلەبەری گەڕەکانی خەونەخەو دەگاتە نێزیکەی 90-120 خولەک. ئاستی چالاکیی مێشک بەدەم ڕەوتی گەڕەکانی خەونخەوەوە هەڵدەکشێت و لە کۆتا گەڕی خەونەخەودا مێشک چالاکترە لە زۆربەی کاتی بێداری. لە کاتی خەونەخەودا «پەیکەرماسوولکە» (ماسوولکەی ئێسکبەند)، واتا ئەو تەونەی ماسوولکە کە «خواستجڵەو»ە (ئەوەی بە خواستی بوونەوەرەکە کار دەکات)، متە، بێجووڵەیە، چونکە دەمارخانەی بەرپرس لە گواستنەوەی سیگناڵ لە دەماردا بۆ ماسوولکە «بزاوتەدەمار»، خەفە دەبێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://sv.wikipedia.org/wiki/REM-s%C3%B6mn | Ew «ger» (kat)aney xewe ke mirov xewinî têda debînêt. Le gerî xewinexewda, çaw cûley xêraye û xanedemarî mêşikî heman astî çalakîyan heye ke miroveke katî bêdarî heyetî. Xewinexew sûktirîn xewe û ger kesêk lew gereda hoşiyar bikirêtewe begiştî hest be gurcî dekat.<br>Xewinexew begiştî çiwar ta pênc gerî le şewêkda peyda debêt, mawekanî xewinexew le seretay xewda kurtin û demew binetay xew dirêjtirin. Koy serleberî gerekanî xewinexew degate nêzîkey 90-120 xulek. Astî çalakîy mêşik bedem rewtî gerekanî xewinxewewe heldekişêt û le kota gerî xewinexewda mêşik çalaktire le zorbey katî bêdarî. Le katî xewinexewda «peykermasûlke» (masûlkey êskbend), wata ew tewiney masûlke ke «xwastcilew»e (ewey be xwastî bûnewereke kar dekat), mte, bêcûleye, çunke demarxaney berpirs le giwastinewey sîgnal le demarda |
| Respiratory Tract | کۆئەندامی هەناسە | koendamî henase | /…/ | /…/ |
| Respiratory Tract Infection | چڵککردنی کۆئەندامی هەناسە | çilkkirdinî koendamî henase | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| resting tremor | پشوولەرزە | pişûlerze | لەرزینیکە لە کاتی پشووی لەشدا، نەک کاتی جووڵەی بەرنیاز و خۆویست، فرە کارایە. ئەم جۆرە لەرزەیە نوێنەرایتییەکی فرەهاتە لە دەردی Parkinson. | Lerzînîke le katî pişûy leşda, nek katî cûley berniyaz û xowîst, fire karaye. Em core lerzeye niwêneraytîyekî firehate le derdî Parkinson. |
| retrospective | ڕابوردەبین | raburdebîn | تۆژینەوەی ڕابوردەبین پەرۆشی ڕەوتی زووتری ئەو بابەتەیە کە مەبەستییەتی. بۆ پێچەوانەکەی بڕوانە ئایەندەبین. | Tojînewey raburdebîn peroşî rewtî zûtirî ew babeteye ke mebestîyetî. Bo pêçewanekey birwane ayendebîn. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Rett syndrome | بەرژەنگی Rett | berjengî Rett | گرفتارییەکی زگماکە لە فراژووتنی دەماردا وابەستەی ژێنی سەربە کرۆمۆسۆمی X ە و دەشێت کوشندە بێت لە پزدان (منداڵدان)دا بۆ نێرینەی خاوەن hemizygous (ژێن یان کرۆمۆسۆمێک هاوڕەنگ homologue ی نەبێت لە خانەی دیپلۆئید diploid cell -دا). ئەو مێیەی تووش دەبێت هەتا تەمەنی شەش بۆ بیستوپێنج مانگ ئاساییە و پاشان وردەوردە جڵەوگیریی خۆویستانەی بزاوتی دەست و توانستی دانوستانی خامۆش دەبێت. لەم گرفتارییەدا ئەم دۆخانە پەیدا دەبن: ئاتاکسیا (مێشکەفەلەجی لاسەنگ) ataxia، گەشکە seizures، ڕەفتاری ئاوتیستانە autistic behavior، هەناسەبرکێی تاوتاو intermittent hyperventilationو هەروەها بەرزەئامۆنیا hyperammonemia.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 rett-syndrome/15518 | Griftarîyekî zigmake le firajûtinî demarda wabestey jênî serbe kromosomî X e û deşêt kuşinde bêt le pizdan (mindaldan)da bo nêrîney xawen hemizygous (jên yan kromosomêk hawreng homologue y nebêt le xaney dîploîd diploid cell -da). Ew mêyey tûş debêt heta temenî şeş bo bîstupênc mang asayîye û paşan wirdewirde cilewgîrîy xowîstaney bizawtî dest û twanistî danûstanî xamoş debêt. Lem griftarîyeda em doxane peyda debin: ataksya (mêşikefelecî laseng) ataxia, geşke seizures, reftarî awtîstane autistic behavior, henasebirkêy tawtaw intermittent hyperventilationu herweha berzeamonya hyperammonemia.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 15518/rett-syndrome |
| reward system | سیستەمی پاداشت | sîstemî padaşt | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Rigidity (psychology), mental rigidity | سەختۆڵی، سەختۆڵی هۆشەکی | sextolî, sextolîy hoşekî | سەختۆڵ لە دەروونناسیدا باسی لە دیاردەی نەسەلماندنی بۆچوون و نەپەژراندنی  هەستی کەسانی دیکەیە، مەیلە بۆ شێلگیری، کە دەبێتە کورتهێنانی توانای گۆڕینی خوو ، چاککردنی چەمک و مەیلێکی زووتر جێکەوتووە.<br><br>لای کەسانی «دەمارجودا»، بەتایبەتی کەسانی سەربە ئاوتیزم و ماخۆلان، دەشێت ئەم سەختۆڵە هۆشەکییە ببێتە کۆسپ لەڕێی گەشەی کەسەکی و چەرخاندنی کاری ڕۆژانە.<br><br><بۆ سەختۆڵ بڕوانە جەلیزادە، «زاراوەسازیی پێوانە» mamosta.net><br><br>سەرچاوە:<br>https://michigancrs.com/definitions/mental-rigidity | Sextol le derûnnasîda basî le diyardey neselmandinî boçûn û nepejrandinî  hestî kesanî dîkeye, meyle bo şêlgîrî, ke debête kurthênanî twanay gorînî xû , çakkirdinî çemik û meylêkî zûtir cêkewtûwe.<br><br>Lay kesanî «demarcuda», betaybetî kesanî serbe Awtîzm û maxolan, deşêt em sextole hoşekîye bibête kosp lerêy geşey kesekî û çerxandinî karî rojane.<br><br><bo sextol birwane Celîzade, «Zarawesazîy pêwane» mamosta.net><br><br>Serçawe:<br>https://michigancrs.com/definitions/mental-rigidity |
| Schizoid Personality Disorder | پەشێویی کەسایەتیی سکتزۆید | peşêwîy kesayetîy siktzoyd | پەشێوییەکی کەسایەتییە تێیدا مرۆڤ تەواو کەمتوانایە لە دامەزراندنی هەڤبەندیی جڤاکی، هیچ پەرۆشی بەشداریی جڤاکانەی نییە و هەروەها بێباکە لەئاست پەسن و ڕەخنەدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D012557/schizoid-personality-disorder | Peşêwîyekî kesayetîye têyda mirov tewaw kemtwanaye le damezirandinî hevbendîy civakî, hîç peroşî beşdarîy civakaney nîye û herweha bêbake least pesin û rexneda.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D012557/schizoid-personality-disorder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Schizophrenia | شیزۆفرینیا | şîzofirînya | پەشێوییەکی تاوگیرانەی سەختی ڕەگاژۆی دەروونە و ئادگارەکانی بریتین لە دوورەپەرێزی لە داکەوت، دارِشتنی چەوتەباوەر، ورێنە، ناتەبایی تاوگیرانە و ڕەفتاری پشتەڕەو.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 schizophrenia/12559 | Peşêwîyekî tawgîraney sextî regajoy derûne û adgarekanî brîtîn le dûreperêzî le dakewt, darîştinî çewtebawer, wirêne, natebayî tawgîrane û reftarî pişterew.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D012559/schizophrenia |
| screening | رووماڵ | rûmal | /.../ | /.../ |
| secretory | زەنەکردن، دەڵاندن | zenekirdin, delandin | /.../ | /.../ |
| Sedatives | ئارامکەرەوە | aramkerewe | چەمکێکە بۆ دەستەیەک دەرمانی ئارامیبەخش و هێورکەرەوە. | Çemikêke bo desteyek dermanî aramîbexş û hêwrkerewe. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Seizures | گەشکە | geşke | پەشێویی کلینیکی یان پاکلینیکی subclinical (سەرەتاییی، کەمپەرە) ی کارکردی مێشک بە هۆی ڤالاکردن discharge ی ناکاو، زێدەڕۆ، نائاسایی و بەدجڵەوی لە خانەکانی مێشکدا. دەرکەوتی کلینیکانەی بریتین لە دیاردەی نائاسایی بەرتەکی دنەدەر، لەشەکی و دەروونی. گەشکەی فرەپات زۆرجار بە پەرکەم (فێ) Epilepsy و بە پەشێویی گەشکە seizure disorder ناودێر دەکرێن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 seizures/12640 | Peşêwîy kilînîkî yan pakilînîkî subclinical (seretayîy, kempere) y karkirdî mêşik be hoy valakirdin discharge y nakaw, zêdero, naasayî û bedcilewî le xanekanî mêşikda. Derkewtî kilînîkaney brîtîn le diyardey naasayî bertekî dineder, leşekî û derûnî. Geşkey firepat zorcar be perkem (fê) Epilepsy û be peşêwîy geşke seizure disorder nawdêr dekirên.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D012640/seizures |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Selective mutism (SM) | لاڵی هەڵبژاردە | lalîy helbijarde | لاڵی هەڵبژاردە دۆخێکە تێیدا مرۆڤ توانای ئاخافتنی لە بەستێنی دیاریکراودا، بە نموونە فێرگە، نامێنێت بەڵام لە بەستێنی دیکەدا، بە نموونە لەگەڵ ئەندامانی خێزانی خۆی یان تاکە هاوپۆلی خۆی، ئاخافتنی ڕەوانە. ئەم گرفتە پەیوەست نییە بە پەشێوی زمان و پەشێوی ڕاگەیاندنی سەربە ئاوتیزم و دەروونپەشێوی psychotic disorders.  کاتێک ئەم دیاردەیە بە پەشێوی جۆردۆز دەکرێت کە لایکەم یەک مانگ بەردەوام بێت و ببێتە مایەی کولبوونی کارکرد لە کار و فێرگەدا و هەروەها لە کارلێکی جڤاکیدا. سەرچاوە: https://www.gu.se/en/gnc/selective-mutism | Lalîy helbijarde doxêke têyda mirov twanay axaftinî le bestênî diyarîkirawda, be nimûne fêrge, namênêt belam le bestênî dîkeda, be nimûne legel endamanî xêzanî xoy yan take hawpolî xoy, axaftinî rewane. Em grifte peywest nîye be peşêwîy ziman û peşêwîy rageyandinî serbe Awtîzm û derûnpeşêwî psychotic disorders.  Katêk em diyardeye be peşêwîy cordoz dekirêt ke laykem yek mang berdewam bêt û bibête mayey kulbûnî karkird le kar û fêrgeda û herweha le karlêkî civakîda. Serçawe: https://www.gu.se/en/gnc/selective-mutism |
| Selective serotonin reuptake inhibitor (SSRI) | ڕێبەستی هەڵبژاردەی هەڵمشتنەوەی سێرۆتۆنین | rêbestî helbijardey helimiştinewey sêrotonîn | پۆلێک دەرمانە کاریگەریی هەیە لەسەر سیستەمی سێرۆتۆنین (کەسرەتەی گەیاندن سیگناڵ) بەکار دەهێنرێت بۆ چارەسەری خەمۆکی، پەشێوی دڵەڕاوکێ و پەشێوی دیکەی کەسایەتی. | Polêk dermane karîgerîy heye leser sîstemî sêrotonîn (kesiretey geyandin sîgnal) bekar dehênrêt bo çareserî xemokî, peşêwî dilerawkê û peşêwî dîkey kesayetî. |
| self-control | خۆ-جڵەو | xo-cilew | /.../ | /.../ |
| self-destruction, self-destructive behavior | خۆزەدەکردن، ڕەفتاری خۆزەدەکار | xozedekirdin, reftarî xozedekar | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Self-Injurious Behavior, Deliberate Self-Harm, Non-Suicidal Self Injuries, Self Destructive Behavior | ڕەفتاری خۆزەدە | reftarî xozede | ڕەفتاری وەها کە مرۆڤ خۆی زەدە و زامدار بکات بێ ئەوەی نیازی خۆکوشتن یان لادانی زایەندکی پاڵنەر بێت.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 self-injurious-behavior/16728 | Reftarî weha ke mirov xoy zede û zamdar bikat bê ewey niyazî xokuştin yan ladanî zayendkî paliner bêt.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D016728/self-injurious-behavior |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Semantic Pragmatic Disorder (SPD) | زمانپەشێویی سەمانتیکانە-پراگماتیکانە | zimanpeşêwîy semantîkane-piragmatîkane | زمانپەشێویی سەمانتیکانە-پراگماتیکانە SPD پەشێویی دانوستانە (سەمانتیک Semantic دەکاتەوە هەڤبەندیی نێوان وشە و ڕستە لەتەک واتای خۆیان، پراگماتیک Pragmatic دەکاتەوە چەرخاندنی زمانە لە بەستێندا). بۆچوون ئەمڕۆ وەهایە کە مرۆڤی خاوەن SPD ناتوانێت گشت ئەو ئاگادارییە بچەرخێنێت کە لە دۆخێکی دیاریکراودا پێشکەش دەکرێت.<br>ئەم گرفتارییە بە شێوازێک دەبرێتەوە بۆئاوتیزم چونکە زارۆکی خاوەن SPD کێشەیان لەتەک ئەو سێ بوارەی بە «درەختەکە» ناودێرن: کارامەیی جڤاکی، دانوستان و سەختگیری لە بیرکردنەوەدا. ئەمە زۆر جار بە «شەبەنگی دەرەکیی ئاوتیزم» outer spectrum of autism ناودێر دەکرێت، بەڵام هەموو زارۆکی خاوەن ئادگاری سەربە ئاوتیزم لەتەک زمان، کێشەی سەمانتیکانە و پراگماتیکانەیان هەیە. لەبەر ئەوە وەها باشە هەمیشە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی بوون و نەبوونی ئاوتیزم و بۆ دیاریکردنی ئاستی منداڵەکە لە شەبەنگی ASD دا و هەروەها بۆ پەیجۆریی لە بوون و نەبوونی کێشەی دیکەی وەک ماخۆلان و دیسلێکسیا.<br><br>سەرچاوە: | Zimanpeşêwîy semantîkane-piragmatîkane SPD peşêwîy danûstane (semantîk Semantic dekatewe hevbendîy nêwan wişe û riste letek watay xoyan, piragmatîk Pragmatic dekatewe çerxandinî zimane le bestênda). Boçûn emro wehaye ke mirovî xawen SPD natwanêt giştt ew agadarîye biçerxênêt ke le doxêkî diyarîkirawda pêşkeş dekirêt.<br>Em griftarîye be şêwazêk debirêtewe boAwtîzm çunke zarokî xawen SPD kêşeyan letek ew sê buwarey be «direxteke» nawdêrin: karameyî civakî, danûstan û sextgîrî le bîrkirdineweda. Eme zor car be «şebengî derekîy Awtîzm» outer spectrum of autism nawdêr dekirêt, belam hemû zarokî xawen adgarî serbe Awtîzm letek ziman, kêşey semantîkane û piragmatîkaneyan heye. Leber ewe weha başe hemîşe serdanî pizîşkî pispor bikirêt bo yekilakirdinewey bûn û nebûnî Awtîzm û bo diyarîkirdinî astî |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Sensory hyperreactivity | تیژهەستیاری بە دنەدەر | tîjhestyarî be dineder | فرە هەستیار بە دنەدەری دەرەکی، بۆ نموونە دەنگ.<br><br>سەرجاوە:<br>https://www.autism.org.uk/adv-ice-and-guidance/professional practice/sensory-mental-health | Fire hestyar be dinederî derekî, bo nimûne deng.<br><br>Sercawe:<br>https://www.autism.org.uk/advice-and-guidance/professional-practice/sensory-mental-health |
| Sensory hyporeactivity | کولهەستیاری بە دنەدەر | kulhestyarî be dineder | فرە ناهەستیار بە دنەدەری دەرەکی، بۆ نموونە دەستلێدان.<br><br>سەرجاوە:<br>https://www.autism.org.uk/adv-ice-and-guidance/professional practice/sensory-mental-health | Fire nahestyar be dinederî derekî, bo nimûne destlêdan.<br><br>Sercawe:<br>https://www.autism.org.uk/advice-and-guidance/professional-practice/sensory-mental-health |
| Sex Chromosome Aberrations | لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش | ladanî kromosomî zayendinexş | لادانە لە ژمارە یان ساختاری کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش. بەشێک، نەک گشت، لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش دەبنە هۆکار بۆ «پەشێویی کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش».<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0-sex-chromosome/12729 aberrations | Ladane le jimare yan saxtarî kromosomî zayendinexş. Beşêk, nek gişt, ladanî kromosomî zayendinexş debine hokar bo «peşêwîy kromosomî zayendinexş».<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D012729/sex-chromosome-aberrations |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Sex Chromosome Disorders | پەشێویی کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش | peşêwîy kromosomî zayendinexş | دۆخێکی کلینیکییە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ «لادانی کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش» و بریتییە لە زیادبوون یان کەمبوونی کەرەستەی کرۆمۆسۆم (کرۆمۆسۆمێکی سەرلەبەر یان بەشێکی کرۆمۆسۆم).<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D025064/sex-chromosome-disorders | Doxêkî kilînîkîye hokarekey degerêtewe bo «ladanî kromosomî zayendinexş» û brîtîye le ziyadbûn yan kembûnî kerestey kromosom (kromosomêkî serleber yan beşêkî kromosom).<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D025064/sex-chromosome-disorders |
| Sex Chromosomes | کرۆمۆسۆمی زایەندنەخش | kromosomî zayendinexş | ئەو کرۆمۆسۆمە هاوڕەنگ homologous ەی لای زایەندی جوداگامێت heterogametic sex جیاوازە. کرۆمۆسۆم هەن لە جۆری X، لە جۆری Y و هەروەها لە جۆری W و Z (لای ئەو گیانەوەرانەی مێ «جوداگامێت زایەند»ە). لەم جۆرانەدا کرۆمۆسۆمی W مێ-نەخشینە و ZZ نێر-نەخشینە<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D012730/sex-chromosomes | Ew kromosome hawreng homologous ey lay zayendî cudagamêt heterogametic sex ciyawaze. Kromosom hen le corî X, le corî Y û herweha le corî W û Z (lay ew giyaneweraney mê «cudagamêt zayend»e). Lem coraneda kromosomî W mê-nexşîne û ZZ nêr-nexşîne<br><br>serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D012730/sex-chromosomes |
| Sexual fetishism | فەتیشگیری | fetîşgîrî | لادانێکی سەربە زایەند (سێکس) ە... | Ladanêkî serbe zayend (sêks) e... |
| Sexual Infantilism | زایەندناکامی، ناکامی زایەندەکی | zayendinakamî, nakamî zayendekî | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| sick leave, paid sick days, sick pay | دەردەپشوو | derdepişû | وەرگرتنی پشوو، مۆڵەتی پشوو بە هۆی نەخۆشییەوە | Wergirtinî pişû, moletî pişû be hoy nexoşîyewe |
| Skeletal muscle | پەیکەرماسوولکە، ماسوولکەی ئێسکبەند | peykermasûlke, masûlkey êskbend | /.../ | /.../ |
| Skin picking disorder, dermatillomania, excoriation disorder | پێستکۆڵین | pêstkolîn | پەشێوییەکە تێیدا مرۆڤ ناتوانێت دەست هەڵگرێت لە کۆڵینی پێستی خۆی، خوراندن، دارنین... دۆخی دژوار پێویستی بە کۆمەکی پزیشکی هەیە.<br><br>سەرچاوە: https://www.nhs.uk/mental-health/conditions/skin-picking-disorder | Peşêwîyeke têyda mirov natwanêt dest helgirêt le kolînî pêstî xoy, xurandin, darnîn... Doxî dijwar pêwîstî be komekî pizîşkî heye.<br><br>Serçawe: https://www.nhs.uk/mental-health/conditions/skin-picking-disorder |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Sleep Apnea Syndromes | بەرژەنگی خەوەخنکان | berjengî xewexnkan | خەوەخنکان، هەناسەبڕانی خەوەکی، بەرژەنگێکە خاوەن نیشانەی فرەپاتبوونەوەی هەناسەبڕان لە دەمی خەوتندا کە دەبێتە مایەی نیوە بێداری و شێواندنی دۆخی خەوتنەکە. ئەم بەرژەنگە سێ جۆری هەن:<br>- خەوەخنکانی نێوەندکار Central sleep apnea (CSA)، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەناردنی سیگناڵی لەبار لە مێشکەوە بۆ ماسوولکەکانی هەناسەدان.<br><br>- خەوەخنکانی ڕێبەستە Obstructive sleep apnea (OSA)، ئەمەیان جۆرە باوەکەی خەوخنکانە و هۆکارەکی دەگەڕێتەوە بۆ خاوبوونەوەی ماسوولکەی گەروو کە دەبێتە هۆی ڕێگری لە چوونەژوورەوەی هەوا بۆ سییەکان.<br><br>- خەوەخنکانی تێکبەستە Treatment-emergent central sleep apnea, mixed central-obstructive, complex sleep apnea، ئەمیان چارەزادەیە، کاتێک مرۆڤ پاش وەرگرتنی جۆردۆزیی OSA خەریکی چارەسەرە، دەردەکەی لێ دەبێتە CSA.<br><br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 sleep-apnea-syndromes/12891 | Xewexnkan, henasebiranî xewekî, berjengêke xawen nîşaney firepatbûnewey henasebiran le demî xewtinda ke debête mayey nîwe bêdarî û şêwandinî doxî xewtineke. Em berjenge sê corî hen:<br>- xewexnkanî nêwendkar Central sleep apnea (CSA), hokarekey degerêtewe bo nenardinî sîgnalî lebar le mêşikewe bo masûlkekanî henasedan.<br><br>- xewexnkanî rêbeste Obstructive sleep apnea (OSA), emeyan core bawekey xewxnkane û hokarekî degerêtewe bo xawbûnewey masûlkey gerû ke debête hoy rêgirî le çûnejûrewey hewa bo sîyekan.<br><br>- xewexnkanî têkbeste Treatment-emergent central sleep apnea, mixed central-obstructive, complex sleep apnea, emyan çarezadeye, katêk mirov paş wergirtinî cordozîy OSA xerîkî çaresere, |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Sleep Disorders, Circadian Rhythm | خەوپەشێوی، ڕیتمی شەوڕۆژانە | xewpeşêwî, rîtimî şewrojane | خەوزڕان بەهۆی تێکچوونی سووڕی ئاسایی خەو-بێداری لە ماوەی 24 کاژێردا، بۆ نموونە لە ئەنجامی سەفەر، کاری نۆبەتداری و  هۆکاری دیکە.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D020178/sleep-disorders-circadian-rhythm | Xewziran behoy têkiçûnî sûrî asayî xew-bêdarî le mawey 24 kajêrda, bo nimûne le encamî sefer, karî nobetdarî û  hokarî dîke.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D020178/sleep-disorders-circadian-rhythm |
| sleep disturbances | خەوشێوان | xewişêwan | /.../ | /.../ |
| Sleep Paralysis | خەوەشەپڵە | xeweşepile | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Social (pragmatic) Communication Disorder (SCD) | پەشێویی دانوستانی جڤاکی (کردەکی) | peşêwîy danûstanî civakî (kirdekî) | پەشێویی دانوستانی جڤاکی (کردەکی) جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). ئەم جۆرە پەشێوییە باسی لە گرفتی دژوارە بۆ پەنابردنە بەر ڕێبازی زارەکی و نازارەکی لە کارلێکی جڤاکیدا، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ داهێزانی توانستی دانوستان، بێنەوبەرەی جڤاکی، ڕاگرتنی هەڤبەندیی جڤاکی و هەروەها پێشکەوتنی پیشەیی و ئەکادێمی.<br>نیشانەکانی ئەم جۆرە پەشێوییەی دانوستان پەیوەستی کەمبڕستیی هۆش نین. نیشانەکان بریتین لە سەختیی دەکارهێنان و وەرگرتنی زمانی زارەکی و نووسراو، هەروەها گرفتی بەرسڤی نالەبار لە گفتوگۆدا.<br><br>< ئەم پەشێوییە جۆرێکە لە «پەشێویی زماناندن» Communication, speech, or language disorders><br><br>سەرچاوە:<br>https://www.psychiatry.org/File%20Library/Psychiatrists/Practice/DSM/APA_DSM-5-Social-Communication-Disorder.pdf | Peşêwîy danûstanî civakî (kirdekî) corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Em core peşêwîye basî le griftî dijware bo penabirdine ber rêbazî zarekî û nazarekî le karlêkî civakîda, emeş debête hokar bo dahêzanî twanistî danûstan, bênewberey civakî, ragirtinî hevbendîy civakî û herweha pêşkewtinî pîşeyî û ekadêmî.<br>Nîşanekanî em core peşêwîyey danûstan peywestî kembiristîy hoş nîn. Nîşanekan brîtîn le sextîy dekarhênan û wergirtinî zimanî zarekî û nûsiraw, herweha griftî bersivî nalebar le giftûgoda.<br><br>< em peşêwîye corêke le «peşêwîy zimanandin» Communication, speech, or language disorders><br><br>serçawe:<br>https://www.psychiatry.org/File%20Library/Psychiatrists/Practice/DSM/APA_DSM-5-Social- |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Social Phobia | ترسەجڤاک | tirsecivak | ترس، نیگەرانی و ڕاڕاییەکی هۆشنەیارانەی یەکبین بەرانبەر گشت دۆخێکی جڤاکی یان دۆخێکی داوای بەرهەمکاری بکات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 phobia-social/00072861 | Tirs, nîgeranî û rarayîyekî hoşineyaraney yekbîn beranber gişt doxêkî civakî yan doxêkî daway berhemkarî bikat.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D000072861/phobia-social |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Spastic cerebral palsy | مێشکەفەلەجی گرژۆڵ | mêşikefelecî girjol | باوترین جۆری مێشکەفەلەجە.<br>ماسوولکەی کەسێکی ئەم جۆرەی هەبێت وشک و سفت دەبن و بزاوتیان وشک و پچڕپچڕ دەبێت. ئەم گرژییە جۆرێکە لە زێدە تۆنوس tonus ی ماسوولکە، لە «هایپەرتۆنیای ماسوولکە». ئەمە دەبێتە مایەی دژواربوون و تەنانەت شیانبەدەربوونی جووڵە.<br>- هۆکاری وشکهەڵاتنی ماسوولکە دەگەڕێتەوە بۆ  خراپ ناردنی سیگناڵ لە بەشەی مێشک کە زیانکەوتەیە.<br>- گەر ماسوولکە تووشی ئەم گرژییە بێت، هەتا پەل خێراتر بجووڵێت، ئەم وشکبوونە زیادتر خویا دەبێت.<br>- هۆکاری ئەم گرژییە دەگەڕێتەوە بۆ زیانکەوتن لە دەستەیەک دەماری مێشک یان دڕکەمۆخ پێی دەگوترێت «ڕێچکەی توێکڵەدڕکە» یان «ڕێچکەی توێکڵەپیازکە».<br>- ئەم گرژییە لە چەندین دۆخدا خویا دەبێت، وەک «مێشکەفەلەج»، «زەدەی تراوماهێنی مێشک، زیانی تراوماسازی مێشک» TBI، زیانی دڕکەمۆخ، گورزەمێشک Stroke و «سفتبوونی فرەچین».<br>- مرۆڤی گرفتاری ئەم دەردە لای سەختە بجووڵێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک یان کۆنترۆڵی تاکە ماسوولکە یان دەستە ماسوولکەی خۆی بکات بۆ ئاخافتن یان چەرخاندنی کارێکی تایبەت. | Bawtirîn corî mêşikefelece.<br>Masûlkey kesêkî em corey hebêt wişk û sft debin û bizawtyan wişk û piçirpiçir debêt. Em girjîye corêke le zêde tonus tonus y masûlke, le «haypertonyay masûlke». Eme debête mayey dijwarbûn û tenanet şiyanbederbûnî cûle.<br>- hokarî wişkhelatinî masûlke degerêtewe bo  xirap nardinî sîgnal le beşey mêşik ke ziyankewteye.<br>- ger masûlke tûşî em girjîye bêt, heta pel xêratir bicûlêt, em wişkbûne ziyadtir xuya debêt.<br>- hokarî em girjîye degerêtewe bo ziyankewtin le desteyek demarî mêşik yan dirkemox pêy degutirêt «rêçkey twêkiledirke» yan «rêçkey twêkilepiyazke».<br>- em girjîye le çendîn doxda xuya debêt, wek «mêşikefelec», «zedey tirawimahênî mêşik, ziyanî tirawimasazî mêşik» TBI, ziyanî dirkemox, gurzemêşik Stroke û «sftbûnî fireçîn».<br>- mirovî griftarî em derde lay sexte bicûlêtewe le şiwênêkewe bo şiwênêk yan |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Spastic diplegia (Little disease) | دووفەلەجی گرژۆڵ | dûfelecî girjol | بەشێکە لە بزاوتپەشێوی کە دەرهاویشتەی مێشکەفەلەجە. دووفەلەجی کرژۆڵ (گچکەدەرد) لاجۆرێکی هەرە باوە، کە تێیدا بەگشتی هەردووک لنگ پتر گرژۆڵ دەبن و کەمتر باڵ.  بۆ بەراورد بڕوانە چوارفەلەجی گرژۆڵ و نیوفەلەجی گرژۆڵ. | Beşêke le bizawtpeşêwî ke derhawîştey mêşikefelece. Dûfelecî kirjol (giçkederd) lacorêkî here bawe, ke têyda begiştî herdûk ling pitir girjol debin û kemtir bal.  Bo berawird birwane çiwarfelecî girjol û nîwfelecî girjol. |
| special education | فێرکاریی تایبەت | fêrkarîy taybet | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Specific learning disorders (SLD) | پەشێویی تایبەتی فێربوون | peşêwîy taybetî fêrbûn | پەشێویی تایبەتی فێربوون جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs)، زۆر جار بە «گرفتی فێربوون» learning disability یان «پەشێویی فێربوون» learning disorder ناودێر دەکرێن، سەیوانەچەمکە بۆ پۆلێک گرفتاری کە پەیدا دەبن لە نێو یەک یان چەند پێڤاژۆیەکی دەروونیی بنەڕەتییدا کە بەشدارن لە تیگەیشتن یان دەکارهێنانی زماندا، چ زمانی نووسین بێت چ زارەکی. نیشانەکانی ئەم پەشێوییە بریتین لە کورتهێنانی توانای بیرکردنەوە، بیستن، ئاخافتن، خوێندنەوە، نووسین، پیتنووسی spell یان دەروەستهاتنی ژمێرکاریی ماتەماتیکانە. زۆر جار کورتهێنانی ئەو توانستانە دەبنە سەرچاوەی کێشە لە فێربوونی بابەتی سەربە سروشتناسی (زانست)، ماتەماتیک، جڤاکناسی و هەروەها تاوی دەبێت لەسەر گوزەرانی ڕۆژانە و کارلێکی جڤاکی. «داهێزانی دەرک» Perceptual impairments، «زەدەبوونی مێشک» brain damage، «سووکە پەککەوتنی مێشک» mild brain dysfunction، «دیسلێکسیا» dyslexia و هەروەها «زمانگیری» (ئافازی) aphasia بەشێکن لەم پەشێوییە تایبەتەی فێربوون. پەشێویی تایبەتی فێربوون جودان لەو | Peşêwîy taybetî fêrbûn corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (NDs), zor car be «griftî fêrbûn» learning disability yan «peşêwîy fêrbûn» learning disorder nawdêr dekirên, seywaneçemike bo polêk griftarî ke peyda debin le nêw yek yan çend pêvajoyekî derûnîy bineretîyda ke beşdarin le tîgeyiştin yan dekarhênanî zimanda, çi zimanî nûsîn bêt çi zarekî. Nîşanekanî em peşêwîye brîtîn le kurthênanî twanay bîrkirdinewe, bîstin, axaftin, xwêndinewe, nûsîn, pîtnûsî spell yan derwesthatinî jimêrkarîy matematîkane. Zor car kurthênanî ew twanistane debine serçawey kêşe le fêrbûnî babetî serbe siruştnasî (zanist), matematîk, civaknasî û herweha tawî debêt leser guzeranî rojane û karlêkî civakî. «dahêzanî derik» Perceptual impairments, «zedebûnî mêşik» brain damage, «sûke pekkewtinî mêşik» mild brain dysfunction, «dîslêksya» |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Speech and Language Disorders, developmental language disorder (DLD) | زمانپەشێوی، فراژپەشێویی زمان | zimanpeşêwî, firajpeşêwîy ziman | زمانپەشێوی DLD، جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs) و بریتییە لە کورتهێنانێکی کارکردی مێشک کە پەیوەستە بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی یەکەم، زمانی دایکزا.<br>زمانپەشێوی DLD هەم لە کەسێکەوە بۆ کەسێک ڕەنگدانەوەی جودای هەیە و هەم بەدەم کاتیشەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.<br>تۆژینەوەی جیهانی هەن پێشانی دەدەن کە 7-10 لەسەدی منداڵ، بەگشتی نێزیکەی دوو فێرخوازی هەر پۆلێک، زمانپەشێوییان هەیە.<br>فراژووتنی زمانی دایکزا لای منداڵی خاوەن DLD جیاواز و خاوترە گەر بەراورد بکرێت بە منداڵی دیکەی هاوتەمەن و هاوئەزموون. DLD دەبێتە مایەی دژواریی هەم تێگەیشتن لە زمان و هەم دەربڕین بەو زمانە بە شێوەیەکی کە لای بەرانبەر بەردەک بێت. DLD دەشێت ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری هەبێت، بۆ نموونە:<br>- هەژاریی وشە<br>- سەختیی دۆزینەوەی وشەی لەبار<br>- سەختیی پێکهێنانی ڕستەی درێژ بە وشەسازی و ڕیزبەندیی دروستەوە<br>- سەختیی گێڕانەوە<br><br>بەشێویی زماناندن Communication. | Zimanpeşêwî, DLD, corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds) û brîtîye le kurthênanêkî karkirdî mêşik ke peyweste be fêrbûn û bekarhênanî zimanî yekem, zimanî dayikiza.<br>Zimanpeşêwî DLD hem le kesêkewe bo kesêk rengdanewey cuday heye û hem bedem katîşewe gorankarîy beserda dêt.<br>Tojînewey cîhanî hen pêşanî deden ke 7-10 lesedî mindal, begiştî nêzîkey dû fêrxwazî her polêk, zimanpeşêwîyan heye.<br>Firajûtinî zimanî dayikiza lay mindalî xawen DLD ciyawaz û xawtire ger berawird bikirêt be mindalî dîkey hawtemen û hawezimûn. DLD debête mayey dijwarîy hem têgeyiştin le ziman û hem derbirîn bew zimane be şêweyekî ke lay beranber berdek bêt. DLD deşêt rengdanewey corawcorî hebêt, bo nimûne:<br>- hejarîy wişe<br>- sextîy dozînewey wişey lebar<br>- sextîy pêkhênanî ristey dirêj |
| Speech and Language Screening | ئاروینی زمان، ڕوومالّی زمان | arwînî ziman, rûmalî ziman | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| speech sound disorder | پەشێویی گۆکردن | peşêwîy gokirdin | پەشێویی گۆکردن جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs). ئەمیان شاچەمک (سەیوانەچەمکە) بۆ گرفتی یان تێکبەستەی گرفتگەلی سەربە دەرککردن perception، بەرهەمی بزوێن motor production و نواندنی دەنگی phonological representation ی دەنگ و دەستەواژەی ئاخافتن – وەک ئەو ڕێسای تاکتیکانەی سەربە فۆنەتیک کە دەبنە جڵەوگیری جەلووبەستنی دەنگ لە زماندا.<br>پەشێویی گۆکردن دوو شاجۆری هەن: زیندەکی organic یان کارکردەکی functional. بنەمای «پەشێویی زیندەکیی گۆکردن» Organic speech sound disorders بریتییە لە هۆکاری بزوێن/دەمارناسەکی motor/neurological، ساختەرەکی structural یان سەربە هەستەوەر/پەیبردن sensory/perceptual. «پەشێویی کارکردەکیی گۆکردن» Functional speech sound disorders دیاردەیەکی «هۆپەنهانە» idiopathic – هۆکاریان ئاشکرا نییە.<br><br>پەشێویی گۆکردن جۆرێکە لە «پەشێویی زمانانەدن» Communication. | Peşêwîy gokirdin corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds). Emyan şaçemik (seywaneçemike) bo griftî yan têkbestey griftgelî serbe derikkirdin perception, berhemî bizwên motor production û niwandinî dengî phonological representation y deng û destewajey axaftin – wek ew rêsay taktîkaney serbe fonetîk ke debine cilewgîrî celûbestinî deng le zimanda.<br>Peşêwîy gokirdin dû şacorî hen: zîndekî organic yan karkirdekî functional. Binemay «peşêwîy zîndekîy gokirdin» Organic speech sound disorders brîtîye le hokarî bizwên/demarnasekî motor/neurological, saxterekî structural yan serbe hestewer/peybirdin sensory/perceptual. «peşêwîy karkirdekîy gokirdin» Functional speech sound disorders diyardeyekî «hopenhane» idiopathic – hokaryan aşkira nîye. |
| speech therapist | لۆگۆپێد | logopêd | کەسی کارا لە بواری لۆگۆپێدیدا | Kesî kara le buwarî logopêdîda |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Speech Therapy | لۆگۆپێدی | logopêdî | لۆگۆپێدی زانستێکی ڕشتەبڕە (فرەڕشتەیە) خەریکی تۆژینەوەی لە بوارگەلی زماناسی، پزیشکی و دەروونناسیدا. لەم ڕشتەیەدا گرفتەکانی دانوستان/دەربڕین، توانستی قووتدان و هەروەها تاوی ئەو گرفتانە لەسەر جۆرایەتیی گوزەرانی مرۆڤ دەبنە پەرۆشی تۆژەران.<br><br>سەرچاوە: https://ki.se/clintec/enheter/en-heten-for-logopedi/om logopedi | Logopêdî zanistêkî riştebire (firerişteye) xerîkî tojînewey le buwargelî zimannasî, pizîşkî û derûnnasîda. Lem rişteyeda griftekanî danûstan/derbirîn, twanistî qûtdan û herweha tawî ew griftane leser corayetîy guzeranî mirov debine peroşî tojeran.<br><br>Serçawe: https://ki.se/clintec/enheter/enheten-for-logopedi/om-logopedi |
| Spinal cord | دڕکەمۆخ | dirkemox | دڕکەمۆخ بەشێکە لە شاکۆئەندامی دەمار و دەبێتە پاشبەندی مێشک. ئەرکی دڕکەمۆخ گواستنەوەی سیگنالە لە نێوان مێشک و بەشەکانی دیکەی لەشدا. | Dirkemox beşêke le şakoendamî demar û debête paşbendî mêşik. Erikî dirkemox giwastinewey sîgnale le nêwan mêşik û beşekanî dîkey leşda. |
| spontaneous | خۆجۆش، خۆماک | xocoş, xomak | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Stereotypic Movement Disorder (SMD) | گرفتاریی بزاوتی کڵێشەبەند | griftarîy bizawtî kilêşebend | پەشێویی بزاوتی کڵێشەبەند SMD بەشێکە لە «بزاوتپەشێوی» کە جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs).<br>بزاوتی کڵێشەبەند لای ساوا و زارۆکی بچووک دیاردەیەکی ئاساییە، گەر نەبێتە مایەی هەراسانی بۆ منداڵەکە پێویست بە جۆردۆزی ناکات. بەڵام گەر بزاوتی کڵێشەبەند بوونە مایەی کورتهێنی کارکردانە ئەوسا پەیجۆرییەک لە «پەشێویی بزاوتی کڵێشەبەند» SMD پێویستە. گەرچی ئاروین (تێست)ی تایبەت نییە بۆ جۆردۆزیی ئەم پەشێوییە بەڵام ئاروینی دیاریکراو هەن بۆ وەلانان و واربەدەرکردنی دۆخی دیکە.<br>جار هەن پەشێوی بزاوتی کڵێشەبەند SMD لەتەک پەشێویی و گرفتاریی دیکە دێن، وەک «بەرژەنگی Lesch–Nyhan» Lesch–Nyhan syndrome، «فراژپەشێویی هزری» Intellectual developmental Disorder (IDD) (گرفتاریی هزری Intellectual Disability) و هەروەها لەتەک بەرکەوتی ئاولەمە لەتەک ئەلکوهوول یان ژەهرزەدە ئانفیتامین amphetamine intoxication.<br><br>سەرچاوە:<br>https://courses.lumenlearning.c | Peşêwîy bizawtî kilêşebend SMD beşêke le «bizawtpeşêwî» ke corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds).<br>Bizawtî kilêşebend lay sawa û zarokî biçûk diyardeyekî asayîye, ger nebête mayey herasanî bo mindaleke pêwîst be cordozî nakat. Belam ger bizawtî kilêşebend bûne mayey kurthênî karkirdane ewsa peycorîyek le «peşêwîy bizawtî kilêşebend» SMD pêwîste. Gerçî arwîn (têst)î taybet nîye bo cordozîy em peşêwîye belam arwînî diyarîkiraw hen bo welanan û warbederikirdinî doxî dîke.<br>Car hen peşêwî bizawtî kilêşebend SMD letek peşêwîy û griftarîy dîke dên, wek «berjengî Lesch–Nyhan» Lesch–Nyhan syndrome, «firajpeşêwîy hizirî» Intellectual developmental Disorder (IDD) (griftarîy hizirî Intellectual Disability) û herweha letek berkewtî awleme letek elkuhûl yan jehrzede anfîtamîn |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Steroid therapy | سارێژی بە ستێرۆئید | sarêjî be stêroîd | بەرکارهێنانی corticosteroids ە بۆ چارەی دەردی جۆراوجۆر. تاوی دژەهەوکردن anti-inflammatory لەمانەدا دەبێتە سارێژێکی سوودبەخش بۆ دامرکاندنی ئاستما asthma (هەناسەسواری، تەنگەنەفەس)، دەردەی هەمەجۆری بەرگریی خۆکار autoimmune diseases، خەفەکردنی سیستەمی بەرگری بۆ ڕێبەستن لە ئەندم چاندن (ی وەک چاندنی جگەر، گورچیلە، دڵ، سی و دەست) و هەروەها دامرکاندنی نیشانەکانی شێرپەنجە.<br><br>سەرچاوە: https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/steroid-therapy | Berkarhênanî corticosteroids e bo çarey derdî corawcor. Tawî dijehewkirdin anti-inflammatory lemaneda debête sarêjêkî sûdbexş bo damirkandinî astima asthma (henaseswarî, tengenefes), derdey hemecorî bergirîy xokar autoimmune diseases, xefekirdinî sîstemî bergirî bo rêbestin le endim çandin (y wek çandinî ciger, gurçîle, dil, sî û dest) û herweha damirkandinî nîşanekanî şêrpence.<br><br>Serçawe: https://www.sciencedirect.com/topics/medicine-and-dentistry/steroid-therapy |
| Storke | گورزەمێشک | gurzemêşik | ماتەمێشک، ماتبوونی دەستەیەک شانەی مێشک بەهۆی نەگەیشتنی ئۆکسیژین لە ڕێی خوێنەوە | Matemêşik, matbûnî desteyek şaney mêşik behoy negeyiştinî oksîjîn le rêy xwênewe. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Streptococcus | ستریپتۆکۆک | stirêptokok | جۆرێکە لە باکتێریای کۆکۆئید coccoid bacteria ی Gram-ئایاو Gram-positive bacteria (بڕوانە Gram stain) کە بە جووت یان زنجیرە پەیدان. لێرەدا «ئێندۆسپۆر» (سپۆری ناوەکی) endospore بەرهەم نایەن. زۆر جۆر لەمانە وەک «هاوخوان» commensal یان «مشەخۆر» parasite لای مرۆڤ و گیانەوەران پەیدان و بەشێکیان فرە نەخۆشخەرن. بەشێکی کەمی ئەم جۆرانە «گەندەخۆر» saprophyte -ن و لە سروشتدا پەیدان.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0<br>streptococcus/13291 | Coreke le bakiteryay kokoid coccoid bacteria y Gram-ayaw Gram-positive bacteria (birwane  Gram stain) ke be cût yan zincîre peydan. Lêreda «êndospor» (sporî nawekî) endospore berhem nayen. Zor cor lemane wek «hawxwan» commensal yan «mşexor» parasite lay mirov û giyaneweran peydan û beşêkiyan fire nexoşxerin. Beşêkî kemî em corane «gendexor» saprophyte -n û le siruştda peydan.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D013291/streptococcus |
| Submucous Cleft Palate | درزەمەڵاشووی ژێرلینجە | dirzemelaşûy jêrlînce | بریتییە لە شێواندنێک لە مەڵاشووی ئاوڵەمەدا بەدەم فراژووتنی لە کاتی دووگیانیدا. درزەکەی مەڵاشوو دەکەوێتە ژێر پەردە لێنجەکەی مەڵاشوو دەپۆشێت و کاریگەریی هەیە لەسەر زمانۆکە (زمانە بچکۆلە) uvula. هۆکاری ئەم دۆخە دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی ماسوولکەی گۆکردن لە مەڵاشوودا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://kidshealth.org/en/parents/submucous-cleft-palate.html | Brîtîye le şêwandinêk le melaşûy awlemeda bedem firajûtinî le katî dûgiyanîda. Dirzekey melaşû dekewête jêr perde lêncekey melaşû depoşêt û karîgerîy heye leser zimanoke (zimane biçkole) uvula. Hokarî em doxe degerêtewe bo dabiranî masûlkey gokirdin le melaşûda.<br><br>Serçawe:<br>https://kidshealth.org/en/parents/submucous-cleft-palate.html |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Substance Withdrawal Syndrome | بەرژەنگی وازهێنان | berjengî wazhênan | بەرژەنگی وازهێنان لە پەنابردنە بەر کەرەستەی هۆشبەر  باسی لەو نیشانگەلەیە کە خویا دەبن گەر مرۆڤ واز لە بەکارهێنانی کەرەستەی هۆشبەر بهێنێت پاش ئەوە ماوەیەکی درێژخایەن بەکاری هێناون و لێی بوونەتە خوو. ئەم چەمکە وازهێنان دەگرێتەوە لە تووتن، کهوول و مادەی هۆشبەر .<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D013375/substance-withdrawal-syndrome | Berjengî wazhênan le penabirdine ber kerestey hoşber  basî lew  nîşangeleye ke xuya debin ger mirov waz le bekarhênanî kerestey hoşber bihênêt paş ewe maweyekî dirêjxayen bekarî hênawin û lêy bûnete xû. Em çemike wazhênan degirêtewe le tûtin, khûl û madey hoşber .<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D013375/substance-withdrawal-syndrome |
| survey | رووپێو | rûpêw | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Sydenham's chorea | دەردەسەمای Sydenham | derdesemay Sydenham | بزاوتی لەشەکیی خێرا، پچڕپچڕی، ناچارەکی و خواستبەدەرن  کە جار هەیە فرە بەرهەست نین بەڵام جاریش هەیە تێهەڵکێشن و دەبنە هۆی شێواندنی نەخشی ئاسایی بزاوتن. زۆرجار کەمگرژیی ماسوولکە (هایپۆتۆنیا) Hypotonia و هەروەها ڕیفلێکسی پاندۆلی pendular reflexes دەبنە یاوەری ئەم دیاردەیە. ئەو دۆخانەی سەما تێیاندا دەبێتە ئادگارێکی فرەپات یان یەکبین دەچێتە پۆلی «سەماپەشێوی» Choreatic Disorders. ئەم دەردەسەمایە دیاردەیەکی فرەهات frequent ە لە نێو «دەردی بنەگرێ» Basal Ganglia Diseases دا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002819/chorea | Bizawtî leşekîy xêra, piçirpiçirî, naçarekî û xwastbederin  ke car heye fire berhest nîn belam carîş heye têhelkêşin û debine hoy şêwandinî nexşî asayî bizawtin. Zorcar kemgirjîy masûlke (haypotonya) Hypotonia û herweha rîfilêksî pandolî pendular reflexes debine yawerî em diyardeye. Ew doxaney sema têyanda debête adgarêkî firepat yan yekbîn deçête polî «semapeşêwî» Choreatic Disorders. Em derdesemaye diyardeyekî firehat frequent e le nêw «derdî binegirê» Basal Ganglia Diseases da.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D002819/chorea |
| symmetry | لێکنۆرین | lêknorîn | بڕوانە  جەلیزادە، زاراوەسازیی پێوانە، mamosta.net | Birwane Celîzade, Zarawesazîy pêwane,  mamosta.net |
| Sympathetic Nervous System | کۆئەندامی دەماری سیمپاتیک | koendamî demarî sîmpatîk | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Synapse | سیناپس، دەماربەستەر | sînapis, demarbester | بەستەری تایبەتکارە خانەدەمار دەبەستێتەوە بە خانەی ئارمانج. لە سیناپسی کلاسیکدا، «بنەتای بەرەسیناپسانە» نێرەرێکی کیمایی دەرژێنێت و لە پۆرگ (کیسە) ی سیناپسدا پاشەکەوت دەکرێت کە بڵاو دەبێتەوە بەناو کلێنێکی بەرتەنگدا و وەرگر ەکانی سەر «کاژی پاشەسیناپسانە» ی خانەی ئارمانج چالاک دەکەن. خانەی ئارمانج دەشێت دێندری (دێندرایت) dendrite، لەشەخانە cell body، یان تەوەری خانەدەمارێکی دیکە، یان دەڤەرێکی تایبەتکار بێت لە ماسوولکە یان خانەیەکی رژێنەدا. جگە لەوە، خانەدەمار دەتوانن لە رێی بەستەری ڕاستەوخۆی کارەباییەوە دانوستان لەگەڵ «سیناپسی کارەبایی» بکەن. پێڤاژۆی دیکەی کیمیایی یان کارەبایی «ناسیناپسی»ش هەن بۆ گواستنەوەی سیگناڵ، ئەوانە بە کارلێکی «خانەبەدەر»ی نێوانساز ڕوو دەدەن.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 synapses/13569 | besterî taybetkare xanedemar debestêtewe be xaney armanc. le sînapisî kilasîkda, «binetay beresînapisane» nêrerêkî kîmayî derijênêt û le porg (kîse) y sînapisda paşekewt dekirêt ke bilaw debêtewe benaw kilênêkî bertengda û wergir ekanî ser «kajî paşesînapisane» y xaney armanc çalak deken. xaney armanc deşêt dêndirî (dêndirayt) dendrite, leşexane cell body, yan tewerî xanedemarêkî dîke, yan deverêkî taybetkar bêt le masûlke yan xaneyekî rijêneda. cige lewe, xanedemar detwanin le rêy besterî rastewxoy karebayîyewe danûstan legel «sînapisî karebayî» biken. pêvajoy dîkey kîmyayî yan karebayî «nasînapisî»ş hen bo giwastinewey sîgnal, ewane be karlêkî «xanebeder»î nêwansaz rû deden.<br><br>sercawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 13569/synapses |
| syndrome | بەرژەنگ | berjeng | کۆنیشانەی هاودەم | Konîşaney hawdem |
| Temporal lobe | لاجانگەپل | lacangepl | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Tetraplegia, quadriplegia | چوارفەلەجی گرژۆڵ | çiwarfelecî girjol | بەشێکە لە بزاوتپەشێوی کە دەرهاویشتەی مێشکەفەلەجە. چوارفەلەجی گرژۆڵ دەبێتە گرژۆڵبوونی هەر چوار پەل، دوو باڵ و دوو لنگ .بۆ بەراورد بڕوانە دووفەلەجی کرژۆڵ و نیوفەلەجی گرژۆڵ. | Beşêke le bizawtpeşêwî ke derhawîştey mêşikefelece. Çiwarfelecî girjol debête girjolbûnî her çiwar pel, dû bal û dû ling .bo berawird birwane birwane dûfelecî kirjol û nîwfelecî girjol. |
| thalidomide | تالیدۆمید | talîdomîd | دەرمانی تالیدۆمید لە بنەتای ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شێستەکانی سەدەی بیستمەدا بە شێوەیەکی بەرین بەکار دەهێنرا بۆ چارەی هێلنج (دڵتێکەڵهاتن) لای خانمان دووگیان. پاشا لە شێستەکاندا ئاشکرا بوو کە دەرمانی تالیدۆمید دەبێتە هۆی زەدەبوونی دژوار لای هەزاران زارۆک. تالیدۆمید گەرچی لە زۆربەی وەڵاتاندا ڕێبەست (قەدەغە) کرا بەڵام سەلمێنراش کە دەرمانێکی کاریگەرە بۆ چارەی گولی leprosy و هەروەها مایەلۆما (شێرپەنجەی مۆخی ئێسک) multiple myeloma. بەردەوامبوونی بەکارهێنانی تالیدۆمید بۆ چارەی گولی لای ژنانی دووگیان، لە وەڵات و دەڤەری وەها کە چاودێریی وردی ساخڵەمی لەئارادا نییە، بووتە هۆکار بۆ درێژەدان بە شێواندنی منداڵ.<br><br>سەرچاوە: https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/21507989 | Dermanî talîdomîd le binetay salanî pencakan û seretay şêstekanî sedey bîstimeda be şêweyekî berîn bekar dehênira bo çarey hêlinc (diltêkelhatin) lay xaniman dûgiyan. Paşa le şêstekanda aşkira bû ke dermanî talîdomîd debête hoy zedebûnî dijwar lay hezaran zarok. Talîdomîd gerçî le zorbey welatanda rêbest (qedexe) kira belam selmêniraş ke dermanêkî karîgere bo çarey gulî leprosy û herweha mayeloma (şêrpencey moxî êsk) multiple myeloma. Berdewambûnî bekarhênanî talîdomîd bo çarey gulî lay jinanî dûgiyan, le welat û deverî weha ke çawdêrîy wirdî saxlemî learada nîye, bûte hokar bo dirêjedan be şêwandinî mindal.<br><br>Serçawe: https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/21507989 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| therapist | سارێژکار | sarêjkar | /.../ | /.../ |
| therapy | سارێژی | sarêjî | /.../ | /.../ |
| thyroid, thyroid gland | ڕژێنەی تیرۆئید | rijêney tîroîd | ڕژێنەیەکە خاوەن فرە موولوولەی خوێن لە دوو تیکە پێک دێت کە بەستەرێکی تەنکەریشاڵ لێکیان دەبەستێت، هەر تیکەیەک لە دیووێکی «بۆریی هەوا» Trachea. ئەم ڕژێنەیە دوو جۆر هۆرمۆن بۆ ڕێکخستنی دوو بابەتی جیاواز دەرژێنێت، هۆرمۆنی تیرۆئێد Thyroid Hormones لە «خانەی دەمەژەکی» follicular cell ەوە بۆ ڕێکخستنی مێتابۆلیزم و هۆرمۆنی کالیستۆنین Calcitonin لە «خانەی هاودەمەژەکی» para follicular cell بۆ ڕێکخستنی کالیسیۆم Calcium.<br><br><دەمەژە = follicle، دەمەژەکی = follicle، بڕوانە ڤەژین><br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 thyroid-gland/13961 | Rijêneyeke xawen fire mûlûley xwên le dû tîke pêk dêt ke besterêkî tenkerîşal lêkiyan debestêt, her tîkeyek le dîwwêkî «borîy hewa» Trachea. Em rijêneye dû cor horimon bo rêkxistinî dû babetî ciyawaz derijênêt, horimonî tîroêd Thyroid Hormones le «xaney demejekî» follicular cell ewe bo rêkxistinî mêtabolîzm û horimonî kalîstonîn Calcitonin le «xaney hawdemejekî» para follicular cell bo rêkxistinî kalîsyom Calcium.<br><br><demeje = follicle, demejekî = follicle, birwane vejîn><br><br>serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D013961/thyroid-gland |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Tourette syndrome | بەرژەنگی Tourette | berjengî Tourette | بەرژەنگی Tourette (تووریێت) بریتییە لەوەی مرۆڤ بزاوت و دەنگی ناکاوی خواستبەدەری فرەپات دەنوێنێت کە بە «تیک» tic(s) ناودێرن. ئەم «تیک»ە گەر پێش تەمەنی هەژدە ساڵی خویا بێت و لانیکەم ساڵێک بەردەوام بێت و کێشەساز بێت، ئەوجا جۆردۆزیی Tourette وەر دەگرێت.<br>نێزیکە دە لە سەدی منداڵ، لە ماوەیەکی منداڵەتیدا، وردەبەرژەنگی «تیک» دەنوێنن. نێزیکە نیو لە سەد هەتا یەک لە سەدی منداڵی فێرگە نیشانەگەلی بەرژەنگی Tourette پێشان دەدەن. ئەم گرفتە پتر لای کوڕان خویا دەبێت. زۆر جار ئەم دیاردەیە میراتییە. «تیک»اندنی منداڵ بە دابینکردنی کۆمەکی دروست و پێویست، دەرفەتی خەفەکردنی هەیە.<br>بەرژەنگی Tourette، بەگشتی، لە تەمەنی هەفت ساڵیدا دەردەکەوێت، بەڵام هەیشە پێش یان پاش دەکەوێت.<br>نیشانە باوەکانی بریتین لە «تیک»ی وەک چاوترووکاندن، گرژی و ڕووخسارگۆڕیی وەها کە دەگوێزرێتەوە بۆ شانومل.<br>نیشانەی دیکە هەن وەک مووچڕکە و ڕاتەکاندنی باسک و پێ.<br>«تیک»ی زارەکی کەمێک درەنگتر خویا دەبن. سەرەتا وەک هەڵمشتن و پرخەن بەڵام پاشان دەبنە دەنگ، وشە و ڕستە.<br>نیشانەکێشەکێ (نیشانەیەک ببێتە مایەی | Berjengî Tourette (Tûrêt) brîtîye lewey mirov bizawt û dengî nakawî xwastbederî firepat deniwênêt ke be «tîk» tic(s) nawdêrin. Em «tîk»e ger pêş temenî hejde salî xuya bêt û lanîkem salêk berdewam bêt û kêşesaz bêt, ewca cordozîy Tourette wer degirêt.<br>Nêzîke de le sedî mindal, le maweyekî mindaletîda, wirdeberjengî «tîk» deniwênin. Nêzîke nîw le sed heta yek le sedî mindalî fêrge nîşanegelî berjengî Tourette pêşan deden. Em grifte pitir lay kuran xuya debêt. Zor car em diyardeye mîratîye. «tîk»andinî mindal be dabînkirdinî komekî dirust û pêwîst, derfetî xefekirdinî heye.<br>Berjengî Tourette, begiştî, le temenî heft salîda derdekewêt, belam heyişe pêş yan paş dekewêt. Nîşane bawekanî brîtîn le «tîk»î wek çawtirûkandin, girjî û rûxsargorîy weha ke degiwêzirêtewe bo şanumil.<br>Nîşaney dîke hen wek mûçirke û ratekandinî bask û pê. |
| transmitter | نێرەر (ڕاگوێزەر) | nêrer (ragiwêzer) | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| trauma | تراوما | tirawima | تراوما:<br>له «نەخۆشیناسی» (پاتۆلۆژی)<br>Pathology دا:<br>- زام و برینی لەش یان شۆک لە ئەنجامی زەبرێکی فیزیکیی (لەشەکی) ناکاو.<br>- ئەو دۆخەی لەو زەبرەوە پەیدا دەبێت traumatism.<br><br>له «ڕەوانسازی» Psychiatry دا:<br>- کۆستکەوتن، بەسەرهاتێک کە ببێتە مایەی ژان و زەدەی دەروونی.<br>- کۆست، ئەو زەدە دەروونییەی لەو بەرسەرهاتەوە پەیدا دەبێت. | Tirawima:<br>le «nexoşînasî» (patolojî) Pathology da:<br>- zam û birînî leş yan şok le encamî zebirêkî fîzîkîy (leşekî) nakaw.<br>- ew doxey lew zebirewe peyda debêt traumatism.<br><br>Le «rewansazî» Psychiatry da:<br>- kostkewtin, beserhatêk ke bibête mayey jan û zedey derûnî.<br>- kost, ew zede derûnîyey lew berserhatewe peyda debêt. |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Traumatic brain injury (TBI) | زەدەی تراوماهێنی مێشک، زیانی تراوماسازی مێشک | zedey tirawimahênî mêşik, ziyanî tirawimasazî mêşik | زەدەی تراوماهێنی مێشک، زیانی تراوماسازی مێشک جۆرێکە لە «دەمارپەشێوی» Neurodevelopmental Disorders (NDs).<br>زەدەی تراوماهێنی مێشک TBI بریتییە لە زیانێکی مێشک کە زادەی زەبرێکی دەرەکی بێت. TBI دەشێت بە لێدان، هەژان یان گورزێکی بەهێز لە سەر و لەش پەیدا ببێت. بەڵام مەرج نییە هەموو جۆرە زەبرێکی دەرەکی ببێتە مایەی TBI.<br>جۆر هەن لە TBI کێشەی کاتی و کورتخایەن لە کارکردی مێشکدا پەیدا دەکەن، وەک کێشەی بیرکردنەوە، تێگەیشتن، بزاوتن، دانوستان و کردەوە.<br>جۆری دیکە دژوارتری TBI هەن کە دەبنە مایەی گرفتاریی هەمیشەیی و تەنانەت مەرگ. زیان هەن بە سەرەکی دادەنرێن، واتا زامدارییان دەستبەجێیە.<br>جۆری دیکە هەن لاوەکین، زەدەبوونیان دەشێت پلەپلە بێت، پاش چەند کاژێر، ڕۆژ یان هەفتە خویا بێت. ئەم زیانە لاوەکییانەی مێشک زادەی کارلێکی ئەو پێڤاژۆگەلەن کە دێنە ئاراوە پاش تراوما بەراییەکەی مێشک.<br>زەدەبوونی مێشک دوو جۆری بەرینی هەن: «سمێن» و «نە-سمێن» Penetrating and non-penetrating.<br>«TBI-ی سمێن»، بێشی دەگوترێت | Zedey tirawimahênî mêşik, ziyanî tirawimasazî mêşik corêke le «demarpeşêwî» Neurodevelopmental Disorders (nds).<br>Zedey tirawimahênî mêşik TBI brîtîye le ziyanêkî mêşik ke zadey zebirêkî derekî bêt. TBI deşêt be lêdan, hejan yan gurzêkî behêz le ser û leş peyda bibêt. Belam merc nîye hemû core zebirêkî derekî bibête mayey TBI.<br>Cor hen le TBI kêşey katî û kurtxayen le karkirdî mêşikda peyda deken, wek kêşey bîrkirdinewe, têgeyiştin, bizawtin, danûstan û kirdewe.<br>Corî dîke dijwartirî TBI hen ke debine mayey griftarîy hemîşeyî û tenanet merg. Ziyan hen be serekî dadenrên, wata zamdarîyan destbecêye. Corî dîke hen lawekîn, zedebûnyan deşêt pilepile bêt, paş çend kajêr, roj yan hefte xuya bêt. Em ziyane lawekîyaney mêşik zadey karlêkî ew pêvajogelen ke dêne arawe paş tirawima berayîyekey mêşik. |
| treatable | بەرچارە | berçare | نەخۆشیی بەرچارە واتا نەخۆشییەکی دەکرێت چارە بکرێت | Nexoşîy berçare wata nexoşîyekî dekirêt çare bikirêt |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Tremor | لەرزە | lerze | بزاوتی بازنەکیی ڕێسابەندە لە لەشدا کە دەشێت ڕەنگدانەوەی پێڤاژۆیەکی لەشەکی بێت یان دۆخێکی دەردەداری. «بزاوتلەرزە» intention tremor, action tremor نەخۆشییەکە لە مێشکۆڵەدا Cerebellum و بە بزاوتن دەورووژێت. بەڵام «پشوولەرزە» resting tremor لە دۆخی پشوودا، دۆخێکی بزاوتنی نیازمەندی تێدا نەبێت، دەگاتە دوند و نیشانەیەکی فرەهاتە لە دەردی Parkinson دا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D014202/tremor | Bizawtî bazinekîy rêsabende le leşda ke deşêt rengdanewey pêvajoyekî leşekî bêt yan doxêkî derdedarî. «bizawtlerze» intention tremor, action tremor nexoşîyeke le mêşikoleda Cerebellum û be bizawtin dewrûjêt. Belam «pişûlerze» resting tremor le doxî pişûda, doxêkî bizawtinî niyazmendî têda nebêt, degate dund û nîşaneyekî firehate le derdî Parkinson da.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D014202/tremor |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Trinucleotide Repeat Expansion | هەڵکشانی فرەپاتبوونەوەی نوکلیۆتایدی سێتا | helkişanî firepatbûnewey nukilyotaydî sêta | هەڵکشانی فرەپاتبوونەوەی نوکلیۆتایدی سێتا (ترینوکلیۆتاید) ی تێهەڵکێش لە زنجیرەی DNA دا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک. دەردی وەک «بەرژەنگی تورتە X» Fragile X Syndrome و «گرژەپووکانەوە» Myotonic Dystrophy گرێدراوی پەیدابوونی ئەم جۆرە هەرێمانەن.<br><br>سەرچاوە: https://mesh.kib.ki.se/term/D019680/trinucleotide-repeat-expansion | Helkişanî firepatbûnewey nukilyotaydî sêta (tirînukilyotayd) y têhelkêş le zincîrey DNA da le neweyekewe bo neweyek. Derdî wek «berjengî turte X» Fragile X Syndrome û «girjepûkanewe» Myotonic Dystrophy girêdirawî peydabûnî em core herêmanen.<br><br>Serçawe: https://mesh.kib.ki.se/term/D019680/trinucleotide-repeat-expansion |
| Trisomy | تریسۆمی | tirîsomî | پەیداکردنی کرۆمۆسۆمی سێهەم لە هەر خانەیەکی کە سەرەتا دوو کرۆمۆسۆمی هەبووە، خانەی دیپلۆئید diploid cell بووە. | Peydakirdinî kromosomî sêhem le her xaneyekî ke sereta dû kromosomî hebûwe, xaney dîploîd diploid cell bûwe. |
| Tube (or gavage) feeding | لوولەبژێواندن | lûlebijêwandin | خۆراک کردنە لەشەوە بە لوولە بۆ کەسانێکی ناتوانن خۆراک لە زارەوە وەربگرن | Xorak kirdine leşewe be lûle bo kesanêkî natwanin xorak le zarewe werbigirin |
| tuber | گۆپکە، بالۆکە، دوگمە | gopke, baloke, dugme | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Tuberous Sclerosis, Tuberous Sclerosis Complex | سەختەگرێ، سەختەگرێی تێکبەستە | sextegirê, sextegirêy têkbeste | سەختەگرێ بریتییە لە «بەرژەنگی دەمارپێستی»ی زاڵەئاوتۆسۆم Autosomal dominant کە نیشانە کلاسیکەکانی دەبنە هۆشکولی، پەرکەم و دەردەپێست (وک ئاوسانی بەزەلوو adenoma sebaceum و پەڵەی کەمڕەنگی hypomelanotic macules). وێرای ئەوانە جوداوازییەکی بەرین هەیە لە نێوان نواندنە (دەرکەوتنە) دەمارییەکاندا.<br><br>بەرژەنگی سەختەگرێ پەیوەندیشی هەیە بە پەیدابوونی «تونێکلەگۆپکە» cortical tuber و برینی هامارتۆم Hamartoma لە هەموو لەشدا، بەتایبەتی دڵ، گورچیلە و چاو. بازدانی ژێنەکی لە دوو «ژێنەوار» gene locus/loci دا وابەستی ئەم دەردەن، یەکیان TSC1 کە هامۆرین کۆدرێژ دەکات و ئەوەی دیکەیان TSC2 یە کە گۆپکە کۆدرێژ دەکات.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0 tuberous-sclerosis/14402 | Sextegirê brîtîye le «berjengî demarpêstî»î zaleawtosom Autosomal dominant ke nîşane kilasîkekanî debine hoşkulî, perkem û derdepêst (wk awsanî bezelû adenoma sebaceum û peley kemirengî hypomelanotic macules). Wêray ewane cudawazîyekî berîn heye le nêwan niwandine (derkewtine) demarîyekanda.<br><br>Berjengî sextegirê peywendîşî heye be peydabûnî «twêkilegopke» cortical tuber û birînî hamartom Hamartoma le hemû leşda, betaybetî dil, gurçîle û çaw. Bazdanî jênekî le dû «jênewar» gene locus/loci da wabestî em derden, yekiyan TSC1 ke hamorîn kodirêj dekat û ewey dîkeyan TSC2 ye ke gopke kodirêj dekat.<br><br>Serçawe:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D014402/tuberous-sclerosis |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Turner Syndrome | بەرژەنگی Turner | berjengî Turner | بەرژەنگێکە لای مێ پەیدا دەبێت تێیدا فراژووتنی زایەندرژێنە (لووی رژێنەی زایەندەکی gonad) دەشێوێت کە وابەستەیە بە karyotype 45,X یان karyotype 45,XO. کەسی دەردەدار بەگشتی ئەم نیشانەگەلەی هەیە: کورتەباڵا، زایەندرژێنەی دیاری نەکراو، زایەندناکامی Sexual Infantilism، هایپۆگۆنادیزم Hypogonadism، ملگیربوون (ملگرژبوون)، دوورەباسک cubitus valgus، هەڵکشانی ئاستی لووی زایەندەکی گۆنادۆترۆپین Gonadotropin، داکشانی ئاستی ئێسترادیۆل Estradiol لە خوێندا و هەروەها زەدەبوونی زگماکی دڵ Congenital Heart Defects.<br><br>بەرژەنگی نوونان Noonan Syndrome (کە بە «زرەبەرژەنگی Turner» Pseudo-Turner Syndrome و «بەرژەنگی نێرانەی Turner» Male Turner Syndrome ناودێر دەکرێت) وێکچووی ئەم دەردەیە بەڵام لە مێ و نێری سەربە کاریۆتایپی ئاسایی و زاڵەئاوتۆسۆم autosomal dominant میراتبەند دەگرێتەوە.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mesh.kib.ki.se/term/D0<br>turner-syndrome/14424 | Berjengêke lay mê peyda debêt têyda firajûtinî zayendirijêne (lûy rijêney zayendekî) gonad deşêwêt ke wabesteye be karyotype 45,X yan karyotype 45,XO. Kesî derdedar begiştî em nîşanegeley heye: kurtebala, zayendirijêney diyarî nekiraw, zayendinakamî Sexual Infantilism, haypogonadîzm Hypogonadism, milgîrbûn (milgirijbûn), dûrebask cubitus valgus, helkişanî astî lûy zayendekî gonadotiropîn Gonadotropin, dakişanî astî êstiradyol Estradiol le xwênda û herweha zedebûnî zigmakî dil Congenital Heart Defects.<br><br>Berjengî nûnan Noonan Syndrome (ke be «zireberjengî Turner» Pseudo-Turner Syndrome û «berjengî nêraney Turner» Male Turner Syndrome nawdêr dekirêt) wêkiçûy em derdeye belam le mê û nêrî serbe karyotaypî asayî û zaleawtosom autosomal dominant mîratbend degirêtewe. |
| Upper respiratory tract | کۆئەندامی سەرووی هەناسە | koendamî serûy henase | /.../ | /.../ |
| vesicle | کیسە، پۆرگ | kîse, porg | /.../ | /.../ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Vineland Adaptive Behavior Scale | پێوەری کارکردی گونجانی Vineland | pêwerî karkirdî guncanî Vineland | ئامرازێکە دەروونپێوە psychometric لە ڕەوانسازیی زارۆک و گەورەساڵ و هەروەها لە نەخۆشخانەی دەروونی بەکار دەهێنرێت بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی «کارکردی گونجان» لای زارۆک و گەورەساڵ. ئامرازی Vineland بەتایبەتی لە پێواندن و هەڵسەنگاندنی گرفتاریی هزری، «فراژپەشێویی گشتپۆش» و جۆری دیکەی فراژپەشێوی دێتە بەکارهێنان.<br><br>سەرچاوە: https://en.wikipedia.org/wiki/Vineland_Adaptive_Behavior_Scale | Amirazêke derûnpêwe psychometric le rewansazîy zarok û gerwesal û herweha le nexoşxaney derûnî bekar dehênrêt bo pêwan û helsengandinî «karkirdî guncan» lay zarok û gerwesal. Amirazî Vineland betaybetî le pêwandin û helsengandinî griftarîy hizirî, «firajpeşêwîy giştpoş» û corî dîkey firajpeşêwî dête bekarhênan.<br><br>Serçawe: https://en.wikipedia.org/wiki/Vineland_Adaptive_Behavior_Scale |
| Viral encephalitis | هەوکردنی ڤایرۆسزەدەی مێشک | hewkirdinî vayrosizedey mêşik | /…/ | /…/ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| visual impairment | سۆماکولی | somakulî | سۆماکولی ڕووبەرێکی بەرینی هەیە هەر لە کزیی دیدەوە تا دەگاتە نابینایی. گشت پەشێوییەکی هێزی بینایی کە بە چاویلکە، لینس، دەرمان و نەشتەرگەری چارە نەکرێت دەبێتە سۆماکولی. ڕۆتینی ڕۆژانەی وەک خوێندنەوە تێکست، تەنانەت بە چاویلکە و لینسەوە، بۆ کەسێکی خاوەن سۆماکولی دەبێتە ئەرکێکی سەخت. سۆماکولی چوار شاهۆکاری هەیە: ماشاو (ئاڤاسپی، کاتاراکت) cataract، دارِزانی زەردەلەکە macular degeneration، ڕەشاو (گلاوکۆما) glaucoma و تۆڕینەی شەکرەزەدە diabetic retinopathy.<br>ماشاو (ئاڤاسپی، کاتاراکت) لێڵیی لێنزی چاوە و دەبێتە هۆی داهێزانی ڕوونی دیدە. دارِزانی زەردەلەکە بریتییە لە زەدەبوونی نێوەندی تۆڕینە کە بەرپرسە لە وردەبینی. ڕەشاو (گلاوکۆما) دەستەیەکە لە دەردەچاو کە دەبنە هۆکاری زەدەبوونی گۆڕانبەدەری دەماری دیدە بەهۆی پەستانی نێو چاو. تۆڕینەی شەکرەزەدە لای مرۆڤێک پەیدایە کە نەخۆشیی شەکرەی ئاڵۆز و ڕەگاژۆی هەبێت. هۆکاری ئەم دەردە دەگەڕێتەوە بۆ دەڵاندنی موولوولەی خوێن کە دەبێتە هۆی زەدەبوونی سەرلەبەری تۆڕینەی چاو.<br>سەرچاوە: | Somakulî rûberêkî berînî heye her le kizîy dîdewe ta degate nabînayî. Gişt peşêwîyekî hêzî bînayî ke be çawîlke, lîns, derman û neştergerî çare nekirêt debête somakulî. Rotînî rojaney wek xwêndinewe têkst, tenanet be çawîlke û lînsewe, bo kesêkî xawen somakulî debête erikêkî sext. Somakulî çiwar şahokarî heye: maşaw (avaspî, katarakt) cataract, darzanî zerdeleke macular degeneration, reşaw (gilawkoma) glaucoma û torîney şekirezede diabetic retinopathy.<br>Maşaw (avaspî, katarakt) lêlîy lênizî çawe û debête hoy dahêzanî rûnî dîde. Darzanî zerdeleke brîtîye le zedebûnî nêwendî torîne ke berpirse le wirdebînî. Reşaw (gilawkoma) desteyeke le derdeçaw ke debine hokarî zedebûnî goranbederî demarî dîde behoy pestanî nêw çaw. Torîney şekirezede lay mirovêk peydaye ke nexoşîy şekirey aloz û regajoy hebêt. Hokarî em derde |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Visual Processing Disorders, Visual Perceptual Disorders | دەرکپەشێوی دیدەکار | derikpeşêwîy dîdekar | داهێزانی توانستی پەیبردنە بەو ئاگادارییەی لەرێ چاوەوە وەردەگیرێت. ئەمە جودایە لە کێشەی بینین و کزی یان لێلی بینین. ئەم دەرکپەشێوی دیدەکارە تاوی هەیە لەسەر چەرخاندن و لێکدانەوەی ئاگاداری لە مێشکدا.<br><br>سەرچاوە:<br>https://mindwell.us/visual-processing-disorders/ | Dahêzanî twanistî peybirdine bew agadarîyey lerê çawewe werdegîrêt. Eme cudaye le kêşey bînîn û kizî yan lêlî bînîn. Em derikpeşêwîy dîdekare tawî heye leser çerxandin û lêkdanewey agadarî le mêşikda.<br><br>Serçawe:<br>https://mindwell.us/visual-processing-disorders/ |
| well–documented | وردتۆمار | wirdtomar | /.../ | /.../ |
| Working memory | یادگەی کارکردن | yadgey karkirdin | /.../ | /.../ |